# دەستوور

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە، هەفتانە کۆمپانیای سولی تێلیگراف دەریدەکات

٥٨
چوارشەممە
٢٠١٠/١١/٢٤
(٢٠) لاپەڕە
نرخ (١٠٠٠) دینارە
www.destur.net


د. مەجید حەمەدئەمین وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بۆ دەستوور:

**"بڕیاری دەستگیرکردنی مستەشارەکان پاڵپشتێکی سیاسی پێویستە"**

9 «

# حاکم ڕزگار لەنامەی دەستلەکارکێشانەوەیدا: مرۆڤ بێڕێزی پێناکرێت، سەرۆکی پەرلەمان سوکایەتی پێکردم

تایبەت بەدەستوور

حاکم ڕزگار محەمەد ئەمین پەرلەمانتاری یەکێتی لەفراکسیۆنی کوردستانی لەنامەی دەستلەکارکێشانەوەکەیدا کەکۆپییەکی دەست دەستوور کەوتووە، دەڵێت "ئەوەی سەرۆکی پەرلەمان بەرانبەر من کردی، لەکاتی گفتوگۆ لەسەر یاسای خۆپیشاندانەکان، دەچێتە خانەی سوکایەتییەوە، مرۆڤ بێڕێزی پێناکرێت".

حاکم ڕزگار لەنامەی دەستلەکارکێشانەوەکەدا ئاماژە بەوە دەدات کەسەرۆکی پەرلەمان ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو دەزگا گرنگەی پێدەسپێردرێتو شەرەفی بەرپرسیاریەتییەکی گەورەی دەدرێتێ، یاساو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جێبەجێدەکات، نابێ بەهەڵە یا خراپ ئەو دەسەڵاتەی بەکاربهێنێ، لەنامەکەدا هاتووە "کاتێ بەڕێزیان نەیتوانی لەگەڵ پەرلەمانتاران وەک خێزانێکو تیمێکی هاوبەش کاربکات، ڕێگەپێدراو نییە کەمامەڵەی نەشیاوی ئەندام پەرلەمان بکات، کەخەڵکانێکن متمانەی میللەتو حیزبە کوردستانییەکانیان دراوەتێو هەرکەس جێگەو پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە لەدەرەوەی هۆڵی پەرلەمان".

لەبەشێکی تری نامەکەدا کە لەلایەن فراکسیۆنی کوردستانییەوە ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان کراوە، هاتووە "مرۆڤ بێڕێزی پێناکرێ، دەبێ بەڕوحی برایانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدا بکەن، کەرامەتی وەک مرۆڤ دەبێ پارێزراوبێ".

هەروەها هاتووە "ئەو شێوازە گرژو توندەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەرانبەر من نواندی لەدانیشتنی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٣ لەکاتی گفتوگۆ لەسەر قانونی خۆپیشاندان دەچێتە خانەی سوکایەتی یا بێڕێزی پێکردن".

ئاماژە بەوەشدەکات کەگریمان پەرلەمانتار لەسیستمی گفتوگۆکردنی دانیشتن کەموکورتی نواند، سەرۆک پەرلەمان بۆی هەیە قسەی لەسەر بکات، بەڵام دەبێت بەشێوازی لایەق بەپەرلەمانو پەرلەمانتار مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستەکە بکات.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەر پەرلەمانتارێک دەستلەکاربکێشێتەوە دەبێت لەدانیشتنی یەکەم دوای دەستلەکارکێشانەوەکە بخرێتەڕوو، بەڵام دوای زیاتر لەدوو دانیشتنی پەرلەمان، نەحاکم ڕزگار چووەتە پەرلەمانو نە پەرلەمانیش قسەی لەسەر کردووە.

دەقی نامەکە لەلاپەڕە (٩)دا بخوێنەوە.



توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێمی کوردستان

10 «

# نێچیرڤان بارزانی وەڵامی تاڵەبانی دەداتەوە

پ. دەستوور

نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان وەڵامی لێدوانێکی جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق دەداتەوە، لەبارەی ڕۆڵی تورکیا لەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا.

بارزانی لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاکشامی تورکی، ڕایگەیاندووە حکومەتی تورکیا هاوبەشی ستراتیژیی کوردی عێراقەو ڕۆڵێکی باشی هەبووە لەهەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا. پێیوایە ئەگەر تورکیا پاڵپشت نەبوایە، ئەو بەرەوپێشچوونە لەپێکهێنانی حکومەتدا ڕوونیەدەدا.

نێچیرڤان بارزانی دەڵێت حکومەتی تورکیا لەمەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی عێراق ڕۆڵی هەبووە، بەتایبەت لەمەسەلەی دابەشکردنی پۆستە سیادییەکان، وتی "هەندێکیان بەهاوکاری تورکیا هەڵدەبژێردران".

ئەو لێدوانەی نێچیرڤان بارزانی لەکاتێکدایە، کە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق لێدوانێکی توندی دژ بەحکومەتی تورکیا دابوو لەبارەی شکستخواردووی تورکیا لەمەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا.

تاڵەبانی وتی "هەموو هەوڵەکانی تورکیا بێئاکامو شکستخواردووبوون لەپێکهێنانی حکومەتدا".

# لێبووردنەکەی سەرۆکی هەرێم ٨ بەندکراو ناگرێتەوە

محەمەد نەجیب لەسلێمانی

دوای ئەوەی بەفەرمانی سەرۆکایەتیی هەرێم بەلێبوردنی تایبەت بڕیاری ئازادکردنی ٢٠٧ بەندکراو لەزیندانییەکانی چاکسازی هەرێم دەرچوو، بەڵام تائێستا ژمارەیەک لەو بەندکراوانە ئازادنەکراون.

بەپێی زانیارییەکان ئەوانەی کەتائێستا ئازادنەکراون، ژمارەیان دەگاتە ٨ بەندکراو، کەدوو ژنو چوار پیاو و دوو نەوجەوانن، کەیەکێکیان لەسلێمانیو ئەوانی تریان لەهەولێرن.

ئەحمەد نەجمەدین بەڕێوەبەری گشتیی چاکسازی هەرێمو ئەندامی لیژنەی ئازادکردنی زیندانییەکان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند هۆکاری ئازادنەبوونی ئەو زیندانییانەی ماون، پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە لەکۆی دوو ماددە تەنیا لەماددەیەکیاندا عەفووکراونو ماددەی دووەمیان ماوە غەفووبکرێن بۆ ئازادکردنیان.

هەروەها وتی "هەرچەندە ئەوانەش بڕیاری ئازادکرنەکەیان دەرچووە، بەڵام ئەوە پەیوەندی بەبڕیاری دادگاوە هەیە بۆ ئازادکردنیان، بۆیە ئەگەر دادگاو حاکم بڕیاریاندا لەو ماددەیەدا ئەو کەسە کەتاوانبار نییە ئەوا ئازاددەکرێت، بەڵام ئەگەر تاوانبار دەرچوو ئەوا بەهەمان ماددە حکوم دەدرێینەوە".

25ی نۆڤەمبەر

ڕۆژێک بۆ لەدەرگادانی پرسی توندوتیژی دژی ژنان

13 «

# دەستپێشخەرییەکەی بارزانی بووە هۆی ئیمزانەکردنی ١٩ داواکەی کورد

پ .دەستوور

شێخ فاتیح داراغایی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند بەهۆی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمەوە ئیمزاکردنی لیستەکان لەسەر ١٩ داواکەی کورد لەپێشیانەوە هاوپەیمانیی نیشتمانی دواکەوت.

شێخ فاتیح وتی "لەلایەکی ترەوە چاوەڕوان نەدەکرا لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا بەهۆی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم ڕێککبکەون، لەبەرئەوە ئیمزاکردن لەسەر ڕێککەوتنەکە دواخرا، ئێمەش ئەوە بەهەڵەیەکی شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەزانین، کەدەبوو پێش یەکلاییبوونەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران ئیمزا بکرایە".

داراغایی دەڵێت ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پشتگیری کاندیدی



سەرۆک وەزیرانی کردووە، ئەوانیش لەبەرانبەردا پشتگیریی کاندیدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیان کردووە بۆ سەرۆک کۆمار.

داراغایی ئاماژەی بەوەدا لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیی نیشتمانی لەسەر زۆرینەی خاڵەکان ڕێککەوتوون، تەنیا ئیمزاکردنی ماوە. وتی "بەڵام نازانین کەی ئیمزا دەکرێت".

لەبارەی بوونی گرنتی بۆ جێبەجێکردنی ئەو داوایانە دوای پێکهێنانی حکومەت، داراغایی وتی "لەعێراقدا هیچ شتێک گرنتی نییە، ئەگەر ئیمزاش بکرێت، بەڵام لەڕووی ئەخلاقیاتو ئیلتیزامەوە هەموو پۆستەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بۆ نموونە ئەوەی ئێمە ترسمان لێی هەیە پاشەکشەی لێبکەن، ئەوانیش بە هەمان شێوە ترسیان هەیە ئێمە پاشەکشە بکەین، لەبەرئەوە شتەکە دوو لایەنە ئەوان ئەگەر پەسەندی خاڵەکانی ئێمە نەکەن، ئەوانیش خاڵی زۆریان هەیە ئێمە دەتوانین پەسەندی نەکەین".

ئاوات محەمەد ئەمین چاودێری سیاسی دەڵێت دەبوو چوار لەو نۆزدە خاڵە گرەنتی لەسەر وەربگیرایە، کەئەوانیش مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکانو بودجەو تەمویلکردنی هێزی پێشمەرگەو یاسای نەوتو غازە، وتی "ئەم چوار خاڵە زۆر گرنگە پێش ئەوەی کورد پشتگیری کاندیدکردنەوەی مالکیان بکردایە، گرنتیان بۆ ئەم چوار خاڵە وەربگرتایە".

لەلاپەڕە ٥دا دوو چاوپێکەوتن بخوێنەرەوە.

# کورد سەرۆکایەتیی دوو لیژنە لەدەستدەدات

محەمەد نەجیب

بەپێی وتەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەگەری هەیە کورد سەرۆکی دوو لیژنەی ئەنجومەنی نوێنەران لەدەستبداتو بۆ ئەم خولەی ئەنجومەنی نوێنەراندا تەنیا سەرۆکایەتیی سێ لیژنەیان پێبدرێت.

بەکر حەمە سدیق ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی "هەرچەندە تائێستا لیژنەکان هەڵنەبژێردراونو سەرۆکی لیژنەکان دیارینەکراون، بەڵام ئەگەری زۆری هەیە کورد تەنیا سەرۆکایەتیی سێ لیژنە وەربگرێت". ئەوە لەکاتێکدایە کە لەخولی پێشوودا کورد سەرۆکایەتیی پێنج لیژنەی هەمیشەیی دەکرد.

ئاماژەی بەوەشدا کەهەوڵدەدەن لەهەموو لیژنەکاندا وەکو لایەنی کوردی ئەندامانیان هەبێت، وتی "بۆ سەرۆکی لیژنەکانیش، هەوڵدەدەین سەرۆکی ئەو لیژنانە وەربگرین کە سوودی زیاتری بۆ کورد هەیەو پەیوەندیی بەکوردەوە هەیە".


سامان فەوزی لەفراکسیۆنە کوردستانییەکان وتی "هەر کوتلەیەک بەگوێری ئیستیحقاقی ئینتیخابی لیژنەی بەردەکەوێت".

بەپێ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عێراق، ژمارەی لیژنە هەمیشەییەکان ٢٤ لیژنەیە، بەڵام پێدەچێت دەستکاریی ئەو لیژنانە بکرێت لەکاتی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆدا.

سامان فەوزی وتی "بەپێی ژمارەمان دەتوانین لەهەر لیژنەیەکدا زیاتر لەکەسێک هەبێت وەکو ئەندام، بەڵام وەکو پۆستی ناو لیژنەکان، لەدواتردا دەردەکەوێت کەچەند لیژنەمان بەردەکەوێت، بۆیە ئێمە بیر لەوەدەکەینەوە لەو لیژنانەمان بەربکەوێت کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هەرێمی کوردستانو ناوچە جێناکۆکان هەیە".

www.kurdipedia.org

# هابەر تورک: ئۆجەلانو حکومەتی تورکیا ڕێککەوتن



دەستوور

یەکێک لەڕۆژنامەکانی تورکیا لەزاری پارێزەرێکی سەرۆکی بەندکراوی پەکەکەوە ڕایگەیاند کەڕێککەوتنێکی ئەمنیو سیاسی لەنێوان ئۆجەلانو حکومەتی تورکیاوە هاتووەتەئاراوە.

ڕۆژنامەی هابەر تورک بڵاویکردەوە ئەوەی بۆ لایەنی ڕێکەوتنە سیاسییەکەی نێوان ئۆجەلانو حکومەتی تورکیا دەگەڕێتەوە، بریتیە لەهەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی پرسی کوردو لایەنە ئەمنییەکەشی پەیوەندیی بەژیانی ئۆجەلان لەگرتووخانەدایە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە تائێستا هیچ زانیارییەک لەبارەی ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتنامەیەی نێوان عەبدوڵڵا ئۆجەلانو حکومەتی تورکیا لەلایەن حکومەتەوە ئاشکرانەکراوە.

هاوکات چەند ڕۆژێک لەمەوپێش ئۆجەلان لەدیدارێکدا لەگەڵ پارێزەرەکانی ڕایگەیاندبوو کەچاوپێکەوتنی لەگەڵ حکومەتدا بەشێوەیەکی جیدیو بەردەوام لەئارادایەو ڕەوتەکە بەرەوە قۆناغی دیالۆگو گفتوگۆی جیدی هەنگاودەنێت.

ئۆجەلان ئەوەشی وتبوو کەهەڵوێستی ئێستای حکومەتی تورکیا پۆزەتیڤەو بەداهاتووی ڕەوتەکە گەشبینە.

فاتح ئاڵتای سەرنووسەری هابەر تورک لەوتارێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە لەئاراستەی بەروپێشچوونی ڕەوتی چارەسەرکردنی کێشەکان نێوان دوولایەن، سوپای تورکیا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕاگرتووەو تەوری دووبارە نووسینەوەی دەستووری تورکیا لەبارەی مافی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە لەدەستووری کاری حکومەتدایە.

بەپێی وتەی سەرنووسەری هابەر تورک پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی تاوانەکانی دوولایەنو هەروەها باشترکردنی بارودۆخی ژیانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەزینداندا هەنگاوە سەرەتاییەکانی ڕێککەوتننامەکەیەو تا پێش هەڵبژاردنەکان ئەو خاڵانە جێبەجێدەکرێت.

سەرنووسەری هابەر توورک دەنووسێت پاش تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی تورکیا قۆناغی فڕێدانی چەک لەلایەن پەکەکەوە دێتەئاراوەو ئۆجەلانیش لەزیندانەوە بۆ ماڵەکەی خۆی دەگواسترێتەوەو بڕیاری لێبوردنیش بۆ هەموو بەندکراوانی پەکەکە دەردەچێت.

ساڵی ١٩٨٤ پارتی کرێکارانی کوردستان دەستیکردووە بەخەبات بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردستان لەتورکیا، خەباتو پێکدادان تائێستا بەردەوامەو زیاتر لە ٤٠ هەزار کەس بوونە قوربانی.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پەکەکە ساڵی ١٩٩٩ لەپیلانگێڕییەکی حکومەتی تورکیاو چەندان لایەنی دەرەکی ڕفێنراو تائێستا لەزیندانداییە.

# لیستە ئۆپۆزیسیۆنەکانی هەرێم، ڕۆڵی خۆیان لەحکومەتی نوێدا هەڵدەسەنگێنن

## گۆڕان: بەشداریی کۆبوونەوەکەی سەرۆکی هەرێم ناکەین، کۆمەڵ: ئەگەر پۆستمان نەدەنێ هەڵوێست وەردەگرین، یەکگرتوو: وەزارەتێکمان مسۆگەرە

کاروخ نامیق

لیستە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان، ڕایدەگەیەنن لەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا بەشداریدەکەنو هەریەکەو بەجۆرێک ڕۆڵی خۆی هەڵدەسەنگێنێت.

بزووتنەوەی گۆڕان تائێستا سوورە لەسەر کشانەوە لەئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، بەڵام ڕایدەگەینن بەشداری لەحکومەتدا دەکەن، کۆمەڵو یەکگرتووش داوادەکەن یەکێتیو پارتی بەهەمان شێوەی حکومەتی پێشوو مامەڵە نەکەن.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند بەشداری کۆبوونەوەکەی داهاتووی سەرۆکی هەرێم ناکەن کەبڕیارە لەگەڵ حیزبەکانی ناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان ئەنجامیبدات تا ئەوکاتەی کێشەکانیان لەگەڵ ئەو ئیئتیلافە یەکلاییدەبێتەوە، بەڵام وتی «بەشداری حکومەت دەکەین».

ڕۆژی دووشەممە فوئاد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند بڕیارە بەمنزیکانە بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانیو بەئامادەبوونی هەموو فراکسیۆنەکانی ناو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کۆبوونەوەکی گرنگ ببەسترێت، کەتێیدا پرسی دیاریکردنو وەرگرتنی وەزارەتەکانو پلەوپایەکانی لەحکومەتی داهاتووی عێراقدا تاوتوێدەکرێت.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم وتی «کۆبوونەوەکەیان سەبارەت بەهەرچییەک بێت ئێمە بەشداری ناکەین».

هەروەها وتی«بزووتنەوەی گۆڕان بەشداری لەپێکهێنانی حکومەتی عێراق دەکات، بەڵام تائێستا سەبارەت بەدابەشکردنی پۆستەکان هیچ گفتوگۆیەک ئەنجامنەدراوە«.

د. سەلاحەدین بابەکر وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی «بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، کەهەموو لایەک ئیمزایان لەسەری کردووە دابەشکردنی پۆستەکان بەپێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردنو ڕێککەوتنی سەرکردایەتی سیاسیی کورد دەبێت، لەگەڵ ئەو لایەنی کەحکومەتی عێراق پێکدەهێنێت».

سەلاحەدین بابەکر ڕایگەیاند هەموو لایەنەکانی ناو ئیئتیلافەکە دەبێت پۆست وەربگرن ئەگەر بەپێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردنیش بەریانەکەوێت. وتی «لەبەرئەوە پێویستە هەردوو حیزبە گەورەکە ئەو قوربانییە بەخۆیان بدەنو بەشێک لەپۆستەکانیان بدەن بەو لایەنانەی کەئەگەر لەدەرەوەی ئیئتیلافەکە بوونایە، هیچ پۆستێکیان بەرنەدەکەوت».

بەبڕوای وتەبێژی یەکگرتوو یەکێتیو پارتی ناتوانن ئەوان لەوەرگرتنی وەزارەتەکان بێبەشبکەن، چونکە ئەگەر لەدەرەوەی ئیئتیلافی فۆاکسیۆنە کوردستانیەکانیش بن وەزارەتێکی دەوڵەتیان بەردەکەوێت، وتی«وەزارەتی دەوڵەت پێویستی بەدوو خاڵە واتا چوار کورسی، ئێمەش چوار کورسیمان هەیە لەئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام دەمانەوێت وەزارەتێکی خزمەتگوزاری وەربگرین».

محەمەد حەکیم ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان وتی «ئەگەر هیچ وەزارەتێکمان پێنەدەن لەهۆکارەکەی دەکۆڵینەوە، بۆچی ناماندەنێ، پاشان بڕیاری خۆمان دەدەین چ هەڵوێستێک وەردەگرین».

محەمەد حەکیم دەڵێت یەکێتیو پارتی بیروڕایان گۆڕاوە، وتی «بڕواناکەم وەکو جاران بیربکەنەوەو هەموو پۆستەکان بۆخۆیان قۆرخبکەن».

وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتوو خوازیارە یەکێتیو پارتی ئەو کارە دووبارە نەکەنەوە کاتێک پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بەر ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کەوت، کەسێکی خۆیان لەجێگە دانا، بەبێئەوەی پرس بەلایەنەکانی تری ناو ئیئتیلافەکە بکەن.

# ٩٠٠ ملیۆن دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەیەک خەرجکراوەو پزیشکی نییە



ئاوات محەمەد

نەخۆشخانەی شارۆچکەی چوارقوڕنە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە ٩٠٠ ملیۆن دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی تەرخانکراوە، ماوەی ساڵێکو نیویشە تەواوبووەو پزیشکی بۆ تەرخاننەکراوە.

موزەفەر عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی «کردنەوەی نەخۆشخانە بەئەرکی خۆمان زانیوە، ئەو بینایە کەپێشتر نەخۆشخانەی شۆڕشی تێدا بوو، پێویستی بەنۆژەنکردنەوەو فراوانکردن هەبوو، بۆیە ٩٠٠ ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکرا، ئێستا ماوەی ساڵێکو پێنج مانگە ئەو نۆژەنکردنەوەیە تەواوبووە، بەڵام نە دکتۆرو نە کەلوپەلی بۆ دابیننەکراوە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە«.

هەردوو وەزیری تەندروستیی سەردەمی کابینەی پێنجەمو شەشەم سەردانی ئەو نەخۆشخانەیان کردووەو لەلایەن بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنەوە داوای دابینکردنی پزیشکو پێویستی بیناکە کراوە، بەڵام تائێستا هیچی بۆ نەکراوە.

دکتۆر محەمەد ڕەسوڵ بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی ڕانیە، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی «ئەو نەخۆشخانەیە نۆژەنکردنەوەیەکی باشی بۆ کراوەو ماوەتەوە دابینکردنی پێداویستییەکانی، ئەویش پێویستە لەلایەن وەزارەتەوە بدرێت بەتەندەر لەبەرئەوەی ئێستا ڕاستەوخۆ تەنفیز ناکرێ، بۆیە تەندەرلێدراوەو ماوەتەوە بزانین بۆ کێ دەردەچێت».

# جەژنە پیرۆزە.. بۆ یەکەمجار پارێزگاری سلێمانیو ئەنجومەنی پارێزگا کۆدەکاتەوە

هێمن لەتیف لەسلێمانی

لەکاتی دەستەبەکاربوونییەوە بەهرۆز محەمەد قەشانی پارێزگای سلێمانی بۆ یەکەمجار دەچێتە لای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو چەند خولەکێک کۆدەبنەوە، بەڵام سەردانەکەی بۆ جەژنە پیرۆزە دەبێت.

بەهۆی ئەو گرژییەی لەنێوانیاندا ڕوویداوە، تائێستا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پارێزگاری لەگەڵ یەک کۆنەبوونەتەوە، ئەندامێکی ئەنجومەنیش ڕایدەگەیەنێت، گرژی نێوان ئەندامی ئەنجومەنو پارێزگا زیانی لێدەکەوێتەوەو باجەکەی هاووڵاتیان دەیدەن.

توانا عەلی سکرتێری ڕۆژنامەوانیی پارێزگای سلێمانی، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی «تائێستا پارێزگا تەنیا بۆ جەژنە پیرۆزە چووەتە لای ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەوەندەی ئاگاداربم تائێستا هیچ کۆبوونەوەیەک لەنێوانیاندا ئەنجامنەداوە«.

ئەحمەد حەمەڕەشید ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئاماژە بەوە دەدات کە نەبوونی کۆبوونەوە لەنێوان پارێزگاو ئەندامانی ئەنجومەندا، زیانی لێدەکەوێتەوەو وتی ئەگەر لەبڕیارەکانی جێبەجێکردندا چاودێری نەبێت، ئەوا جۆرێک لەتاکڕەوی بەکاردێت لەکارەکانیدا.

ئەحمەد وتی «ئەوان کێشەکەیان لەڕووی شەخسیەوە گواستووەتەوە بۆ ڕووە یاساییەکەی، چونکە ئەندامانی ئەنجومەن



ڕایانوایە ئەوان نایاسایانکردووە بەرانبەر بەجێبەجێکردنی سیستمی لامەرکەزی، ئەوانیش دەڵێن یاسایان پێکاوە لەو مەسەلەیدا، لەڕووی سیاسیشەوە دەڵین مامەڵەیەکی حیزبی دەکەن، لەبەرانبەریشدا ئەوان دەڵێن دەسەڵاتی حکومی مومارەسەدەکەین».

هەروەها وتی «نەبوونی پەیوەندیی نێوان پارێزگاو ئەندامانی ئەنجومەن زیانەکەی دەکەوێتە سەرشانی هاووڵاتیان، چونکە ئەندامانی ئەنجومەن بەپلان سەردانی پڕۆژەکانی قەزاو ناحییەکانیان دەکرد، بەڵام ئێستا پارێزگا خۆی دەچێتو فریای هەموو شوێنەکانیش ناکەوێت».

# ٢٠ فەرمانبەری کەمتەرخەم سزادران

فەرمان چۆمانی

لەبەڕێوەبەرایەتیی کارەبای ڕانیە، لەکاتی سەردانی پارێزگاری سلێمانیو بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای سلێمانی بەهۆی ئامادەنەبوونیانەوە لەکاتی خەفاریاتدا، زیاتر لە٢٠ فەرمانبەر سزادەدرێن.

سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرایەتیی کارەبای ڕانیە بەدەستووری ڕاگەیاند کۆمەڵێک فەرمانبەر کەژمارەیان لەنێوان ٢٠ بۆ ٢٥ فەرمانبەر دەبن، لەسیانەکانی کارەبا سزادراون، چونکە لەکاتی سەردانی بەڕێوەبەری گشتی لەئێشکگری نەبوون.

ئەندازیار عەلی محەمەد بەڕێوەبەری کارەبای ڕانیە هەواڵەکەی پشتڕاستکردەوەو بەدەستووری وت «لەکاتی ئەوەی پارێزگاری سلێمانیو بەڕێوەبەرە گشتییەکانو قایمقامەکان پلانی بەدواداچوونی وردیان لەسەر فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی حکومەت جێبەجێدەکرد، بەڕێوەبەری گشتی کارەبا لەپارێزگای سلێمانی سەردانی ناوچەکەمانی کرد، لەکاتی دەوامی خەفاراتی سیانەکانی کارەبا لەبەڕێوەبەرایەتیمان بەشێوەی کتوپڕو شەوانە چووینە سیانەکان، بۆئەوەی بزانرێت تاچەند کارمەندان خەفارەت دەگرنو چەند پابەندن بەدەوامکردنەوە، لەئەنجامدا کۆمەڵێک فەرمانبەر لەسیانەکان کە لەخەفارەتدا بوون وەک پێویست لەدەوام نەبوون، بۆیە سزادرانو بەغائیب نووسران».

ئاماژەی بەوەشدا کەئەو بەدواداچوونانە بەردەوامدەبن، بەتایبەت بۆ ئەو فەرمانگانەی خەفارەتی شەوانەیان هەیە، وتی «هەر کەسێک پابەندنەبێت بەدەوامەکەی ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێت».





### لەبارەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانەوە

# حکومەتو پەرلەمان یەکتر تۆمەتباردەکەن

دانا جەمیل لەهەولێر

هەریەکە لەحکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستان ئۆباڵی ئەنجامنەدانو دواخستنی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی کوردستان دەخەنە ئەستۆی یەکتر.

کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی کوردستانی زمانحاڵی پارتیدا رایدەگەیەنێت حکومەتی هەرێم کەمتەرخەمبوونو کاریان بەیاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نەکردووە. سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانیش ئاماژە بەوە دەدات کەبڕیاربوو پەرلەمانی عێراقو پەرلەمانی کوردستانیش ئەو یاسایە هەمواربکەنەوە، بەڵام تائێستا نەیانکردووە.

کەمال کەرکوکی وتی "بەپێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لەپەرلەمان دەرچووە، دەبوو لەکۆتایی مانگی ١٠ ئەو هەڵبژاردنە بکرایە، بەڵام کەنەکراوە پێشێلکردنی یاساکەیە".

دەڵێت حکومەت کەمتەرخەمبووە، وتی "دەبوو ئێمەش زۆر پێداگیریمان بکردایەو حکومەتمان ئیحراج بکردایە".

ئاشتی عەزیز ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان دەڵێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت کاتی هەڵبژاردنەکە دیاریبکاتو ئەوکاتە دەستنیشانبکات کەگونجاوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، وتی "بەڵام ئێمە بەردەوام جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کەپێویستە بەردەوام پرۆسەکانی هەڵبژاردن شێوە دەورییەکەی خۆی ببینێت". وتی "بەڵام خەتەرییەکە ئەوەیە کەیاسایەک بەپەلە دابنرێت بۆئەوەی سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بکات".

بەبڕوای ئاشتی عەزیز هۆکاری دواکەوتنی هەڵبژاردنەکە پەیوەندی بەپڕۆژە یاسای دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمەوە هەیەو وتی "هەوڵێک دەدرێت بۆئەوەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی ئەو کۆمسیۆنە نوێیە بێت، بەتایبەت لەلایەن لیستی دەسەڵاتو لیستی زۆرینەوە بەزووترین کاتو زۆر بەخێرایی گفتوگۆی لەسەربکرێت".

محەمەد قەرەداغی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران ئاماژە بەوە دەدات لەفەرمانی ئیداریی حاکمی مەدەنی ئەوکاتەی عێراق "پۆڵ بریمەر" گرفت هەیەو بەگوێرەی ئەو یاسایە دەبێت هەموو پارێزگاو قەزاو ناحیەکانیش ئەنجومەنی تایبەتی خۆیانیان هەبێت کەئەمەش ئالیاتێکی قورسە.

ئەو وتی "بڕیاربوو پەرلەمانی عێراقو پەرلەمانی کوردستانیش هەمواری بکەن، بەڵام تائێستا نەیانکردووە".

سەبارەت بەوەی کە لەخولی دووەمدا پەرلەمانی کوردستان یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانی دەرکردو پەرلەمانتاران دەڵێن کار بەو یاسایە نەکراوە. قەرەداغی وتی "بانێکەو دوو هەوا نابێت، دەبێت ئێمە رەچاوی بارودۆخی گشتیی عێراق بکەینو تایبەتمەندێتیی کوردستانیش بپارێزرێت، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ئەگەرچی کەموکورتیش هەبێت، پێویستە ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژێرێتو بڕواموایە لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی داهاتوودا هەڵبژاردنەکە دەکرێت".

بەبڕوای سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران دروستکردنی کابینەو ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئێستا دەبێت بڕیاری سیاسی هەبێت، زیاتر لەوەی بڕیاری ئیداریو حکومی بێت.

هەرچەندە بۆ چەند جارێک هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم دواخراوەو دەبوو لە٢٠٠٩/١/٣١دا هەڵبژاردن لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی ناوەڕاستو باشوری عێراق ئەنجام بدرایە، بەڵام بەپاساوی تایبەتمەندێتی هەرێم ئەو هەڵبژاردنە ئەنجامنەدرا، تائێستاش کاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە دیار نییە.

# یەکێتی داوادەکـــات بەرپرسە لادراوەکـانی ئۆتـۆمـبـێـلـەکـانـیـان بگـەڕێـنـنـەوە

دەستوور

بەرپرسی مەڵبەندی سۆرانی یەکێتی داوا لەبەرپرسی لادراوەکانی کۆمیتەکانی مەڵبەندەکەی دەکات ئەو ئۆتۆمبێلانەی لەلایەن حیزبەوە پێیاندراوە بیگەڕێننەوە، بەڵام ژمارەیەک بەرپرسی کۆمیتە ئامادەنابن ئۆتۆمبێلەکانیان بگەڕێننەوە

رۆژی شەممە ٢٠١٠/١١/٦ لەبارەگای مەڵبەندی سۆرانی یەکێتی کۆبوونەوە بەبیست لێپرسراوی کۆمیتەی پێشووکراوە، لەکۆبوونەوەکەش مەسەلەی هێنانەوەی ئۆتۆمبێلەکان بۆ مەڵبەند باسکراوە.

بەرپرسێکی پێشووی یەکێک لەکۆمیتەکان بەدەستووری وت "لەکۆبوونەوەکەدا داواکراوە کەدەبێ ئەو ئۆتۆمبێلەی کەپێشتر لەلایەن یەکێتییەوە پێیاندراوە بگەڕێننەوە، بەڵام بەشێکی زۆریان رازینەبوونو بووەتە کێشە".

ئارێز عەبدوڵا بەرپرسی مەڵبەندی سۆرانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەدەستووری وت "ئەگەر یەکێک کادری حیزب بێت، هەر بڕیارێک کە لەلایەن حیزبەکەیەوە دەرچوو، دەبێت لەهەر شوێنێک بێت جێبەجێیبکات، بۆیە ئێمە داوای ئەو ئۆتۆمبێلانەمان کردووە کەهی حیزب بووەو داوای ئۆتۆمبێلی شەخسی هیچ کەسێکمان نەکردووە کە بەخۆی دراوە".

هەروەها وتی "ئێمەش تەنیا داوای ئەوانەمان کردووە، ئەمەش وەک دامودەزگاکانی حکومەت، کاتێک وەزیرێک دەگوازرێتەوە، ناکرێت ئۆتۆمبێلەکەی لەگەڵ خۆیدا ببات، ئێستاش ئەوانەی لەلایەن حیزبەوە پێیاندراوە گەڕاندوویانەتەوە، تەنیا ئەوانەی کەبەخۆیان دراوەو موڵکی خۆیانە لایان ماوەتەوە".

# لـیـژنـەی لـێـکـۆڵـیـنـەوە لـەرووخـانـدنـی قـوتـابـخـانـەی فـریـشـتـە دروسـتـنـەکـراوە

کاروخ نامیق

محەمەد قەرەداخی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بەدەستووری راگەیاند تائێستا ئەو لیژنەیەی کە لەسەر پێشنیازی سەرۆکی حکومەت بڕیاری دروستکردنی لەسەر درا بۆ لێکۆڵینەوە لەڕووخاندنی قوتابخانەی فریشتە لەشاری سلێمانی دروستنەبووەو دەستی بەکارکردن نەکردووە.

محەمەد قەرەداخی وتی "بڕیارە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەو لیژنەیە دروستبکرێتو ئەندامانی لیژنەکەش لەنوێنەری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێکبێن".

قوتابخانەی فریشتە دەکەوێتە گەڕەکی چوارباخی شاری سلێمانی، بەهۆی پڕۆژەکی ئەهلییەوە روخێنراو زەوییەکەی درایە کۆمپانیای قەیوان، کەپڕۆژەی (تاوەرەکانی قەیوان) تێدا دروستدەکات. رووخاندنی خوێندنگای فریشتە، نارەزاییەکی فراوانی شارەزایانی پەروەردەییو خوێندکارانو بەشێک لەچینە جیاوازەکانی لێکەوتەوە، بەوهۆیەوە سەرۆکی حکومەت بڕیاریدا لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەڕووخاندانی ئەو قوتابخانەیە دروستبکرێت، بەڵام تائێستا ئەو لیژنەیە دروست نەکراوە.

د.سەروەر عەبدولرەحمان ئەندامی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بەدەستووری راگەیاند "لەگەڵ سەرۆکی حکومەت قسەمانکردووەو داوامانکردووە بەدواداچوونێکی تەواو بکرێت بۆ ئەو بابەتە".

هەروەها وتی "بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی تاوانباری یەکەمە لەو بابەتە، ئەوان بەردەوام دەڵێن کێشەی کەمی بینایی قوتابخانەمان هەیە، ئەگەر ئەو کێشەیەیان هەیە، چۆن رێگەیاندا قوتابخانەیەک لەناوەڕاستی شار بڕوخێنن لەجیاتی ئەوەی بینای تر دروستبکەن".

# هۆشـیـاری زێـبـاریو چەنـد وەزیـرێـکـی تـر بـانـگـهـێـشـتـی پـەرلـەمـان دەکـرێـن



محەمەد نەجیب

لەبارەی پیسبوونی ئاوی عێراقەوە، بڕیارە لەهەفتەکانی داهاتوودا هۆشیار زێباریو چەند وەزیرێکی تر بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن.

د. سامان فەوزی ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، ئاماژەی بەوەدا کە لەکۆبوونەوەی دوێنێ سێشەممەدا پەرلەمانی عێراق چەند مەسەلەیەکی تاوتوێکردووە، لەوانە بارودۆخی مەسیحییەکانو ئامادەکردنی پێشنیازی تایبەت بەپاراستنی سەروماڵی مەسیحییەکانی عێراقو مەسەلەی بەشەخۆراکی مانگانەی هاووڵاتیانو پیسبوونی ئاوی عێراقو کارەبای نیشتیمانی.

فەوزی وتی "لەکۆبوونەوەکەدا کێشەی ئاو لەبەسرە تاوتوێکرا، چونکە ئەو ئاوەی لەبەسرە هەیە ئاوی ئەو رووبارانەیە کەزەوییەکانی پێ ئاو دەدێت، هەندێکی زۆر سوێرەو کێشە لەئاوەکەدا هەیە، کەبەشێکی پیسی ئەو ئاوە لەئێرانەوەیە، بەشێکی تریشی لەناوەڕاستی عێراقەوەیە کە دەچێتە بەسرەوە".

ئاماژەی بەوەشدا کە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە بڕیاری ئەوەدرا کەپەرلەمانی عێراقی چەند پرسیارێک ئاراستەی وەزیری دەرەوەو سەرچاوە ئاوییەکان بکات، لەوانەیە لەهەفتەکانی داهاتووشدا بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن.

هەروەها وتی "ئەوەی پەیوەندی بەوەزیری دەرەوە هەیە کەئەو رێککەوتنانە گەشتوونەتە کوێ لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەرو چارەسەریان بۆ ئەو کێشانە چییە".

لەبارەی باسی پسوڵەی خۆراکیشەوە، وتی "رەخنە لەوەزارەتی بازرگانی گیرا، کەباسی ئەو هەموو جۆرە خۆراکانەی تێدا نییە کە لەکۆبوونەکەدا هاتەوە، یان زۆر درەنگ ئەو برە خۆراکە دەگاتە دەست هاووڵاتیان، بۆیە وەزیری بازرگانیش بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت".

# ژیان لەعێراق بۆ مەسیحییەکان مەحاڵە!

## پێکهێنانی پارێزگایەک بۆ مەسیحییەکان کێشەکەیان چارەسەرناکات

زانیار داقوقی

بەلێشاو لەمەسیحییەکانی عێراق دەستیانکردووە بەکۆچکردن بۆ هەرێمی کوردستانو دەرەوەی وڵات، بەهۆی ئەو هێرشە بەردەوامانەی کەدەکرێتە سەریان، نوێنەرەکانیشیان دەڵێن پێکهێنانی پارێزگایەکی تایبەت، کێشەکانیان چارەسەر ناکات.

**مەسیحییەکان بەلێشاو عێراق جێدەهێڵن**

دوای هێرشەکەی سەر کەنیسەی نەجات لەبەغداد، فەڕەنسا دەستبەجێ بڕیاریدا مافی پەنابەری بداتە ١٥٠٠ مەسیحی عێراقو ئەڵمانیاش ٢٥٠٠ وەردەگرێت، ١٣٠ خێزانی مەسیحیش ڕوویان لەهەرێم کردووە. بەوەش ژمارەی مەسیحییەکان بۆ ٣٠ هەزار بەرزبووەوە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ەوە بەهۆی توندوتیژییەوە دێنە هەرێم. بەوتەی بەرپرسێکی مەسیحی لەهەرێم.

هەوڵ خیزقۆ میشۆ بەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیریو داکۆکی لەمافی مەسیحییەکانی هەرێمو ناوچەدابڕاوەکان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت داوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو، لەزۆر ناوچە دەستکراوە بەکوشتاری مەسیحییەکان وەک کوشتن، ڕفاندنو داگیرکردنی سەروەتو سامانیان.

میشۆ بڕوایوایە حکومەتی عێراقی توانای پاراستنی خۆی نییە، ئیتر چۆن دەتوانێت گیانی هاووڵاتیانی مەسیحی بپارێزێت، دەڵێت بەرنامەیەکی داڕێژراو هەیە بەمەبەستی بنبڕکردنی مەسیحی لەناوچە عەرەبنشینەکان، لەدوای ٢٠٠٣ەوە یەک ملیۆن مەسیحی عێراقیان بەجێهێشتووەو موڵکو ماڵیان زەوتکراوە، نزیکەی ٣٠ هەزار مەسیحیش ڕوویان لەکوردستان کردووە".

وتی "ژیان لەعێراق بۆ مەسیحییەکان مەحاڵە".

سالم تۆما بەرپرسێکی مەسیحییەکان لەهەرێمی کوردستان دەڵێت بەپێی ئەو زانیاریانەی کەبەدەستیان گەیشتووە، دوای تەقینەوەکەی ئەمدواییەی کەنیسەی نەجات لەبەغدادو ڕووداوەکانی موسڵ تائێستا ٤٥خێزان گەیشتوونەتە سلێمانی، ٦٠ خێزان گەیشتوونەتە هەولێر، ٢٥ خێزانش گەیشتوونەتە دهۆک.

سالم تۆما وتی بەپێی ئەو زانیارانەی بەدەست ئەوان گەیشتووە، ژمارەیەکی بەرفراوانتر لەخێزانە مەسحییەکان بەهۆی هەڕەشەکانەوە بەنیازن عێراق بەرەوە هەرێمی کوردستان جێبهێڵن.

وتی "ئەوان چاوەڕوانی وەڵامی حکومەتی هەرێم دەکەن بۆ ئەو داوایەی کە ئێمە لەسەرۆکی هەرێمان کردووە بۆ ئەوەی موچەی فەرمانبەرانی مەسیحییەکان بگوێزێتەوە بۆ سەر حکومەتی هەرێم".

هەڵمەتەکانی تەقینەوەو هێرشکردنەسەر کەنیسەو گەڕەکە مەسیحییەکان، بووەتە هۆی داخرانی چەندان کەنیسە لەعێراق، بەتایبەتی لەبەغدادو موسڵ.

ئاشور لیندا ئەندامی لیژنەی مادەی ١٤٠ لەپارێزگای کەرکوک، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور ڕایگەیاند حکومەتی عێراقی بەهیچ جۆرێک ئاوڕ لەو خێزانە مەسیحییانە ناداتەوە، کە بەهۆی توندوتیژییەکانەوە ئاوارەبوون.

دەڵێت نزیکەی لە٥٠٪ مەسیحییەکان عێراقیان جێهێشتووە، وتی "ئێستا زۆربەی خێزانە مەسیحییەکان دەخوازن وڵاتێک وەک پەنابەر وەریانبگرێتو عێراق بەجێبهێڵن".

جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق هەفتەی پێشووتر لەپاریس لەلێدوانێکدا بۆ کەناڵێکی تەلەفزیۆنی فەڕەنسی ڕایگەیاند، کەئەوان لەگەڵ ئەوەدا نین مەسیحییەکان پەنا بۆ دەوڵەتانی دیکە ببەن، ئاماژەی بەوەشداوە لاری نییە لەپێکهێنانی پارێزگایەکی مەسیحی بۆیان.

**پێکهێنانی پارێزگا بۆ مەسیحییەکان**

لەلێدوانەکی تاڵەبانی لەبارەی پێکهێنانی پارێزگایەک بۆ مەسیحییەکان لەعێراق، لەلایەن مەسیحییەکانەوە پێشوازی لێنەکرا.

یونام یوسف کەننا سەرۆکی بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری ڕایگەیاند سەرەڕای بەرزنرخاندنی پەرۆشیی تاڵەبانی، بەڵام پێیوایە پێکهێنانی پارێزگایەک بۆ مەسیحییەکان دەستووری نییەو چارەسەری کێشەکان ناکات.

لەدرێژەی هەوڵەکانی لەبارەی کێشەی مەسیحییەکانەوە، تاڵەبانی دەستپێشخەریی دروستکردنی هێزێکی ئەمنی تایبەت بەمەسیحییەکانی کردووە.

سالم تۆما نوێنەری مەسیحییەکان لەپەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت بەهیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەدا نین پارێزگایەکی تایبەت بۆ مەسیحی پێکبهێنرێت، وتی "ناکرێت مەسیحی لەنەتەوەکانی تر جیابکرێنەوە، ئامادەنین بەدابینکردنی ناوچەیەکی تایبەت، چونکە ناوچەیەکی تایبەت دەبێتە ئامانج بۆ کردەوەی توندوتیژیی زیاتر".

ئاشوور لیندا دەڵێت پێکهێنانی پارێزگایەکی تایبەت بۆ مەسیحی ئاسان نییە بەهۆی ئەوەی مەسیحییەکان لەپارێزگا جۆربەجۆرەکانی عێراق بڵاوبوونەتەوەو ناوچەکانیان بەسەریەکەوە نییە.

ئاشور لیندا ئاماژەی بەوەشدا نەتەوە یەکگرتووەکان مافی مەسیحییەکانی عێراقیان پێشێلکردووەو بەهیچ جۆرێک لەمافی مەسیحی ناکۆڵنەوە، بەڵکو ئێمە وەک مەسیحی چاوەڕوانی نەتەوە یەکگرتووەکان ناکەین.

مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشتر ڕایگەیاند کەحکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگەی بۆ سەرجەم ئەو مەسیحیانە کردووەتەوە کە بەهۆی هێرشە تیرۆرستییەکانەوە ناوچەکانیان بەجێدەهێڵن.



مەسیحییەکان دروستکردنی پارێزگایەکی تایبەت ڕەتدەکەنەوە

**لەکاتی گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسیەکانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، کورد داواکارییەکی ١٩ خاڵی پێشکەشی لایەنە سیاسیەکان کرد، بۆ بەشداریکردن لەحکومەتی نوێدا، بەڵام تائێستا هیچ لایەنێک بەڕەسمیو بەنووسراو ئەو داواکارییانەی کوردی قبوڵ نەکردووە، هەندێک پێیانوایە گرەنتی نییە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان، هەندێکیش ڕایان پێچەوانەیە.**

## "لەعێراقدا هیچ شتێک گرنتی نییە"



شێخ فاتێح داراغایی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

**دەستوور:** ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستان بەمەبەستی بەشداریکردن لەحکومەتی عێراق ١٩ داواکاری خستە بەردەستی کاندیدی سەرۆک وەزیران، بەڵام ئێستا پشگیری کاندیدکردنی نوری مالکیان کردووە بۆ ئەو پۆستەو تائێستاش ئەو ١٩ مەرجە بەشێوەیەکی فەرمی لەنێوان ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو ئیئتیلافی نیشتیمانی ئیمزا نەکراوە؟

**شێخ فاتیح داراغایی:** بەڵێ ڕاستە تائێستا بەڕەسمی ئیمزا لەسەر ئەو ڕێککەوتنە نەکراوە، لەلایەکەوە بەهۆی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێم بووە، لەلایەکی ترەوە چاوەڕوان نەدەکرا لەماوەی ئەو چەند ڕۆژەدا بەهۆی دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکی هەرێمەوە ڕێککبکەون. لەبەرئەوە ئیمزاکردن لەسەر ڕێککەوتنەکە دواخرا، ئێمەش ئەوە بەهەڵەیەکی شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەزانین، کەدەبوو پێش یەکلاییبوونەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران ئیمزا بکرایە، بەڵام ئیمزا نەکراوە، هەروەها دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین، کە ئێمە پشتگیریی کاندیدی سەرۆکی وەزیرانمان کردووە، ئەوانیش لەبەرانبەردا پشتگیریی کاندیدی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانیەکانیان کردووە، کە سەرۆک کۆمارە.

**دەستوور:** پێشتر لەدانوستاندنەکانتان لەگەڵ ئیئتیلافی نیشتیمانیو دەوڵەتی یاسا تاچەند ئامادەبوونە ئەو ١٩ داواکارییە جێبەجێبکەن؟

**شێخ فاتیح داراغایی:** دەوڵەتی یاسا هەموو ئەو خاڵانەی پەسەندکردووە بەبێ جیاوازی، تەنیا یەک خاڵیان نەبێت کەباس لەوەدەکات ئەگەر ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەحکومەت کشایەوە، ئەوا حکومەتە بەهەڵوەشاوە حیسابدەکرێت، لەسەر ئەو خاڵە تێبینیان هەبوو دواتر چەند قۆناغێکمان بۆ دانا، یەکێک لەوانە لیژنەیەکی باڵا دروستبکرێت بۆئەوەی ئەو پێشێلکارییە دەستووریانەی حکومەت ئەنجامیدەدات. ئەگەر لیژنەکە نەیتوانی ئەو پێشێلکارییانە چارەسەربکات، بدرێتە دادگایی فیدراڵی، ئەگەر بەدادگایی فیدراڵیش پێی چارەسەر نەکرا، ئەوکاتە بەکشانەوەی کوتلەی کوردی حکومەت بەهەڵوەشاوە حیسابدەکرێت.

**دەستوور:** کەی بەشێوەیەکی فەرمی ڕێککەوتنی نێوان ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو ئیئتیلافی نیشتیمانی ئیمزادەکرێت، کەنوری مالکیان پاڵاوتووە بۆ سەرۆک وەزیران؟

**شێخ فاتیح داراغایی:** ڕەشنووسی ئەو خاڵانەی لەسەری ڕێککەوتوین لەلای هەردوولامان هەیە، تەنیا ئیمزای کۆتایی ماوە، بەڵام نازانین کەی ئیمزادەکرێت.

**دەستوور:** ئەگەر دوای پێکهێنانی حکومەت ڕێککەوتنەکە ئیمزاکرا، ئەوکات هیچ گرنتییەک دەبێت بۆ جێبەجێکردنی خاڵەکانی؟

**شێخ فاتیح داراغایی:** لەعێراقدا هیچ شتێک گرنتی نییە، ئەگەر ئیمزاش بکرێت، بەڵام لەڕووی ئەخلاقیاتو ئیلتیزامەوە هەموو پۆستەکان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، بۆ نموونە ئەوەی ئێمە ترسمان لێی هەیە، پاشەکشەی لێبکەن ئەوانیش بەهەمان شێوە ترسیان هەیە ئێمە پاشەکشە بکەین، لەبەرئەوە شتەکە دوولایەنە. ئەوان ئەگەر پەسەندی خاڵەکانی ئێمە نەکەن، ئەوانیش خاڵی زۆریان هەیە ئێمە دەتوانین پەسەندی نەکەین.

**دەستوور:** لیستی عێراقییە وەک ڕایانگەیاندووە بەشداری پێکهێنانی حکومەت دەکەن، ئایا بوونی لیستی عێراقییە لەکابینەکەی مالکیدا پێتان وانییە ببێتە ڕێگریەک لەبەردەم جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ئێوە لەلایەن مالکییەوە؟

**شێخ فاتێح داراغایی:** بێگومان بوونی لیستی عێراقییە لەحکومەتدا، کاریگەری خۆی دەبێت، لەبەرئەوەی سەنگو قورسایی خۆیان هەیەو کوتلەیەکی گەورەی پەرلەمانیان هەیەو بێگومان چەند وەزارەتێکی گرنگیش وەردەگرن، ئێمەش لە ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ مالیکیو ئیئتیلافی نیشتیمانی حیسابی ئەوەمان کردووە، کە ئێمە تەنیا دوو لایەن نین کە حکومەت پێکدەهێنین، بەڵکو خەڵکی تریش هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە کاریگەری لەسەر شتە چەسپاوەکان نییە، وەک مادەی ١٤٠و پێشمەرگەو بودجەی هەرێم.

## "دەبوو گرەنتیان وەربگرتایە"



ئاوات محەمەد ئەمین چاودێری سیاسی

**دەستوور:** ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستان بەمەبەستی بەشداریکردن لەحکومەتی عێراق ١٩ داواکاریی خستە بەردەستی کاندیدی سەرۆک وەزیران، بەڵام ئێستا پشگیری کاندیدکردنی نوری مالکیان کردووە بۆ ئەو پۆستەو تائێستاش ئەو ١٩ مەرجە جێبەجێنەکراوە؟

**ئاوات محەمەد ئەمین:** دەبوو چوار لەو نۆزدە خاڵە گرنتی لەسەر وەربگیرایە، کەئەوانیش مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکانو بودجەو تەمویلکردنی هێزی پێشمەرگەو یاسای نەوت غاز، ئەم چوار خاڵە زۆر گرنگە، پێشئەوەی کورد پشتگیریی کاندیدکردنەوەی مالکیان بکردایە، گرنتیان بۆ ئەم چوار خاڵە وەربگرتایە، کاتی خۆی بۆ ئەم چوار پرسە لیژنەی بۆ دروستکراوە، ئێستا دوو لەپایەکانی حکومەت پێکهاتووە، کە پەرلەمانو سەرۆکایەتیی کۆمارە، ئەندامانی هاوپەیمانی ڕایانگەیاندووەو دەڵێن ئێمە وەرقە ١٩ خاڵییەکەمان وەکو وەرەقەیەکی دانوستاندنکاری بۆ بەشداریکردن لەحکومەت خستووەتەڕوو کە بەبڕوای من بەشداریکردن لەحکومەت ئێستا ئەو هێزەی پێشووتری نییە کە کورد مەرجەکانی هەمووی پێکەوە پێشکەشکردایە، واتا ئەنجومەنی نوێنەرانو سەرۆکایەتیی کۆمارو ئەنجومەنەی وەزیران هەمووی پێکەوە بەیەک ڕێککەوتنێک بکردایە.

**دەستوور:** دوای ئەوەی حکومەت پێکهاتوو مالکی بوو بەسەرۆکی حکومەت ئیمزاکردنی ئەو داواکاریانە هیچ گرنتیەکی دەبێت؟

**ئاوات محەمەد ئەمین:** لەڕاستیدا هەموو داواکارییەکانی ئیئتیلافی فراکسۆنە کوردستانیەکان دەستوورین، بەڵام بەدیوێکی تردا، کورد خۆی ئەم داواکارییانە لێبووەتە کێشە، چونکە لەبنەڕەتدا ئەوان واتا حکومەتی پێشوو پابەندنەبوون بەدەستوورەوە، چ مالیکی چ جەعفەری هیچیان پابەندنەبوون لەکاتێکدا هەردووکیان حکومەتی هەڵبژێراوی دەستووری بوونو پابەندنەبوونو بەجێبەجێکردنییەوە ئەو مادانە دەستوورین، مەسەلەی نەوتو غاز دەبوو یاسای بۆ دەربچووایە، کە مادەی ١١٢ دەستوورە، مادەی ١٤٠ دەبوایە جێبەجێبکرایە کاتەکەی دیاریکرابوو، مەسەلەی پێشمەرگە مادەی دەستووریی لەسەرە، هیچ کام لەم مادانەیان جێبەجێنەکردووە، ئێستا چۆن پابەندیدەکەیت بەجێبەجێکردنی ئەم مادانە. ئەو دەڵێت من ڕێز لەدەستوور دەگرم جێبەجێیدەکەم، بەڵام دەبێت کاتێکی بۆ دابنێیت، ئەو بڕگانەی کەگرنگن جێبەجێبیکات.

**دەستوور:** لیستی عێراقییە بەشێوەیەکی فراوان بەشداری لەپێکهێنانی حکومەتدا دەکەن، ئایا مالیکی دەتوانێت ئەو بەڵێنانە جێبەجێبکات ئەگەر ١٩ داواکارییەکەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئیمزاکرد؟

**ئاوات محەمەد ئەمین:** حکومەتی عێراق بەپێی دەستوور دەسەڵاتەکانی جیاکراوەتەوە، دەسەڵاتی حەسەری لای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، هەندێک دەسەڵاتی تر لای ئەنجومەنی وەزیرانە واتا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت بەکۆی دەنگی حکومەتەکەی دەریبکات. ئەوانەشەی کەدەتوانێت لەڕێگەی پۆستەکەیەوە وەک خۆی دەریبکات دوو شتی جیاوازە، لەکۆتاییدا هەردووکیان بۆئەوەی جێبەجێبکرێت، دەبێت بچێتە لای وەزارەتەکان. بۆ نمونە ئەگەر عێراقییە وەزارەتی بازرگانیو پلاندانانی وەرگرت، دەتوانێت ڕێگری بۆ مادەی ١٤٠ دروستبکات، وەزارەتی بازرگانی لەڕێگەی فۆرمی خۆراکو ساغکردنەوەی گواستنەوەی فۆرمی خۆراک، یاخود ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ وەربگرێت، دەتوانێت کاریگەری لەسەر فەرمانگەی ڕەگەزنامە بکات، ئەگەر وەزارەتی پلاندانان وەربگرێت دەتوانێت سەرژمێری دوابخات وەک ئەوەی ئێستا دەیکەن، یان وەزارەتی کشتوکاڵ چەندان ساڵە ڕێگرە لەبەردەم هەڵوەشانەوەی گرێبەستە کشتوکاڵییەکان، ئەوە دەوەستێتە سەر ئەوەی تاچەند مالیکی دەتوانێت ڕێگە لەو وەزارەتانە بگرێت کێشە دروستنەکەن کە سەر بەئیئتیلافی نیشتیمانی نین بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکاریانەی کە مالیکی لەگەڵ کورد کردوویەتیو لەگەڵ عێراقیە نەیکردووە.



# وەزارەت یان کەسایەتیی وەزیر؟

## بۆچوونی جیاواز لەبارەی وەزارەتە سیادییەکانەوە هەیە، بەڵام کەسایەتی وەزیر لەوەزارەتە سیادییەکان بەگرنگتر دادەنرێت

محەمەد نەجیب

گفتوگۆو سەرنجی جیاواز لەسەر ئەو وەزارەتە سیادییانە هەیە، کە کورد بەنیازە داوای بکات، زۆرینەی راکان لەسەر ئەوەن کە کورد وەزارەتی دەرەوە وەرنەگرێتەوەو لەبری ئەوە وەزارەتی نەوت یان دارایی داوا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتیی وەزیرەکە بەگرنگتر لەوەزارەتەکە دادەنرێت.
سەرەڕای لێدوانە جیاوازەکان لەوبارەیەوە، بەڵام هێشتا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان هیچ داوایەکی رەسمی پێشکەش نەکردووە، فواد حسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم رایگەیاند هەموو بۆچوونەکان نافەرمین‌و گوزارشت لەڕای رەسمیی هەرێمی کوردستان نین. وتی "هەرێمی کوردستان داواکارییەکانی خۆی بەشێوەی فەرمی پێشکەشدەکات کە گفتوگۆکان لەبەغداد بگەنە قۆناغی جدی". ئەوەش دوای ئەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ کوتلە سیاسییەکانی ئیئتیلافە کوردستانییەکەدا کۆدەبێتەوەو لەوبارەیەوە بڕیاری پێویست دەدەن.
سامی ئەتروشی ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور رایگەیاند بۆ قۆناغی داهاتوو زۆر گرنگە ئەگەر کورد بتوانێت داوای وەزارەتی دارایی بکات، هەتا پێش وەزارەتی نەوتیش، وتی "چونکە وەردەکاریی ئیشی حکومەت لای ئەو وەزارەتە دەبێت، هەروەها هەموو وەزارەتەکان‌و حکومەت پێویستی بەو وەزارەتە هەیە، تەنانەت سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەش هەمووی پەیوەندی هەیە بەوەوە".
ئەتروشی دەڵێت سەرۆک وەزیران هیچ جموجۆڵێک ناکات ئەگەر رای وەزیری دارایی وەرنەگرێت، چونکە ئەگەر داهاتەکانی نەوت بێت یان خەرجییەکان بێت، ئەوا هەمووی وەزیری دارایی لێی ئاگادارە، بۆیە ئەم وەزارەتە بۆ کورد زۆر گرنگە، ئەگەر بەدەستیبهێنێت.



کورد داوای یەکێک لە پۆستە سیادییەکان دەکات

عەلی حەسەن بەلو راوێژکار لەوەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت وەزارەتی دارایی‌و نەوت یەکێکیان بۆ کورد گرنگییەکی زۆری هەیە، لەبەرئەوە کاریگەییان دەبێت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم‌و بەغداد.
بەلو ئاماژەبەوە دەدات وەزارەتی دارایی بۆیە گرنگە بۆ کورد، چونکە دەتوانێت کۆنترۆڵی هەموو ئیشوکاری حکومەت بکات، چونکە ئەو وەزارەتە بڕبڕەی پشتی حکومەتە، بەتایبەتی زۆر بڕیار لەدەستی وەزیرەو بەڕەزامەندیی ئەو دەبێت، وتی "بەتایبەتی چارەسەرکردنی کێشەی مادەی ١٤٠ کەدەتوانێت هەندێک پارەی زیاتر تەحویل بکات لەشوێنێک بۆ شوێنێکی تر، ئەو کاتە دەتوانێت قەرەبووی خەڵک بکاتەوە لەڕووی مادییەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە".
ئەو رایانەی کە پێیانوایە وەزارەتی دارایی بۆ کورد باشترە لەوەزارەتەکانی تر، دەڵێن لەماوەی رابردوودا کورد توانی لەڕێگەی وەزارەتی دەرەوەوە ناسنامەی خۆی وەک کورد لەعێراقدا بۆ جیهانی عەرەبی‌و دنیا بسەلمێنێت‌و ئەو تێڕوانینانە رەتبکاتەوە کە عێراق وڵاتێکی عەرەبییە. دەڵێن ئیتر ئێستا ئەو ئەرکە جێبەجێکراوەو کورد پێویستی ئەوتۆی پێی نەماوە.
بەڵام لەبەرانبەردا رەخنەگرانی سیاسەتی پارتە کوردییەکان دەڵێن وەزارەتەکانی نەوت‌و دارایی زیاتر ئیستیغلال دەکرێن بۆ بەرژەوەندیی حیزب‌و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان، بەڵام وەزارەتی دارایی دەتوانرێت بۆ کورد بەسوودتر بێت.
سالار باسیرە مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور دەڵێت وەزارەتێک بۆ کورد گرنگە، کە بەرژەوەندیی کەمتری حیزبی‌و بنەماڵەی تێدا بێت‌و بەرژەوەندیی گشتی خەڵکی کوردستان‌و نەتەوەیی تێدا بێت باشترە، وتی "لەبەرئەوە وەزارەتێک وەرنەگیرێت کەبارمان زیاتر گران بکات‌و توشی کێشەمان بکات، لەبەرئەوە خراپ نییە رووبکەینە وەزارەتی دەرەوە".
لەگەڵ ئەوەشدا باسیرە رەخنەی لەوەزیری پێشووی دەرەوەی عێراق هەیە، دەڵێت هەندێک زانیاریم هەیە کە لەسەر بواری سەفیرو کونسوڵگەرییەکان‌و نوێنەرەکان زیاتر بایەخ‌و گرنگیداوە بەکەسە پارتییەکان‌و شوێنی باڵایان پێبدات، لێرەدا یەکێتی پشتگوێخراوە بەشێوەیەکی زۆر تایبەت".
باسیرە دەڵێت "ئەم شتانە پێویستە بخرێتە ژێر باس‌و لێکۆڵینەوەوە، کە کامیان سودی زیاتری تێدایە، بەڵام جگە لەوەزارەتەکان، ئەوەی کەمن پێم گرنگە کورد سەرقاڵی بێت، ئەوەیە کەبایەخ بەوە بدات ئەنجومەنی فیدراڵی دروستبێت لەعێراقدا، ئەگەر دروستبێت، ئەوا کورد دەتوانێت نوێنەرایەتیی هەرێمەکەی خۆشی تێدا بکات".
وەزارەتی نەوتیش یەکێکی ترە لەو وەزارەتانەی ئاماژەی بۆ دەکرێت، کە کورد بەنیازە داوایبکات، بەهۆی ئەوەی کورد کێشەی زۆری لەگەڵ ئەوە وەزارەتەدا هەیە.
فازیل نەبی بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "کورد هەوڵبدات وەزاەتی نەوت وەربگرێت بۆ ئەم قۆناغە، چونکە کێشەی دارایی لەنێوان حکومەتی هەرێم‌و بەغدادا کەمە، بەڵام کێشەی نەوت زۆرە لەنێوانی هەرێم‌و بەغدادا، بۆیە دەکرێت ببێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بەرێگەیەکی یاسایی".
ئەو ئاماژە بەوەشدەدات، کە ئەوەش دەکەوێتە سەر خودی وەزیرەکە، بۆیە ئەگەر وەزیرێکی بەدەسەڵات‌و بەتوانا بێت، ئەوا ئەو کێشانەی لەپێشدا هەبوون، چارەسەریاندەکات.

# عەرەب‌و تورکمانەکان بەهانە بەپۆلیسی کەرکوک دەگرن

## لەکاتێکدا خۆیان بەشێکی سەرەکین لەپێکهاتەی پۆلیسدا، بەڵام داوای هاتنەناوەوەی سوپا دەکەن

پ.دەستوور

بەرپرسانی عەرەبی شاری کەرکوک پۆلیسی شارەکە بەکەمتەرخەم لەقەڵەمدەدەن‌و داوادەکەن سوپا پاراستنی باری ئەمنی بگرێتە ئەستۆ، بەڵام بەرپرسانی پۆلیس‌و لایەنە کوردییەکان دەڵێن پۆلیس ئەرکی خۆی بەجێهێناوەو کەموکورییەکانیش بەهۆی هاوکاری نەکردنی حکومەتی ناوەندی‌و تێکەڵیی پۆلیسە لەهەموو نەتەوەکان‌و دابەشکردنی ئەرکەکانە لەسەر بنەمای نەتەوە نەک لێهاتوویی.
محەمەد خزر ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی عەرەبی گردبوونەوەی کۆماری عێراق دەڵێت رەوشی ئەمنی خراپەو هۆکارەکەشی دانەنانی پۆلیسە بەخاڵە لاوازەکانی خۆیدا.
محەمەد خزر دەڵێت ئەوان پێیانوایە کردەوە توندوتیژییەکانی ئەمدواییانە دەستی هێزەکانی پۆلیسی تێدایە، سەرسوڕمانی خۆی لەوە نیشاندا چۆن هێزێکی چەکدار بەچەند ئۆتۆمبێلێکەوەو بەچەند جۆرە چەکێکی گەورەو بچوکەوە بەرێگەیەکدا تێپەڕن کەتەنیا یەک شەقام بۆ هاتن‌و دەرچوونیان هەیە، ئەم شەقامەش کەمتر لە٢٠٠ مەتر دوورە لەبەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسەوە.
وتی "ئەم کردەوەیە روویدا بەبێئەوەی یەک کەس لەتیرۆریستەکان دەستگیربکرێت، ئەم کارە گومانی لەتواناکانی پۆلیس لا دروستکردین، ئێمە ئێستا دەتوانین بڵێین پۆلیسی کەرکوک لاوازە".
خزر دەڵێت ئەوەش وایکردووە لایەنی عەرەبی‌و تورکمانی دوودڵ بن‌و متمانەیان بەپۆلیس نەبێت، بۆیە داوای هاتنەوەوەی فیرقەی ١٢ی سوپای عێراق دەکەن بۆ ناو شارەکە. وتی "ئەگەر بێت‌و هێزەکانی فیرقەی ١٢ بێنە ناوشاری کەرکوکەوە، بێگومان بارودۆخەکە لەئێستا باشتردەبێت، چونکە دەبنە هاوکار بۆ هێزەکانی پۆلیس".
خزر لاوازیی هێزەکانی پۆلیسی بۆ دەستێوەردانی حیزبە کوردییەکان لەکاروبارییان گەڕاندەوە. وتی "هێزی پۆلیس ناتوانێت لەداهاتوودا بارودۆخی ئەمنیی کەرکوک باشتر بکات، ئێستا پێشمەرگەش هاوکاری هێزی پۆلیسی کەرکوک دەکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون".
عەمید سەرحەد قادر بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاو ناحییەکانی کەرکوک دەڵێت بارودۆخی ئەمنیی کەرکوک لەزۆربەی شارەکانی تری عێراق باشترە، هێزەکانی پۆلیس توانیویانە زۆربەی ئەو کەسانە دەستگیربکەن کە دەستیان هەبووە لەکارە توندوتیژییەکان‌و تەقینەوەکاندا. وتی "پێویستە لایەنی عەرەبی‌و هەموو هاووڵاتیانی کەرکوک ئەو راستییە بزانن، کارێکی ئاسانە تیرۆریستێک بەناسنامەیەکی ساختەوە لەبازگەکانی پۆلیس دەربازبێت‌و بێتە ناو شاری کەرکوکەوە بەوپێیەی شاری کەرکوک چەند نەتەوەیەکی جیاوازی تێدایە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هێزەکانی پۆلیسی کەرکوک رێگە بەتیرۆریستان نادەن کاری خۆیان ئەنجامبدەن‌و رێگردەبێت لەبەردەمیان".
سەبارەت بەهێرشەکەی سەر بازاڕی زێڕنگەران، سەرحەد قادر دەڵێت دەستگیرکراوەکان دراون بەدادگاو دادگا هەموو شت روونەکاتەوە.
عەمید سەرحەد قادر ئاماژە بەوەدەدات عەرەب‌و تورکمانیش هێندەی کورد پشکیان لەپۆلیس‌و بەڕێوەبردنی بنکەکانی ناوشاردا هەیەو جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس تورکمانەو سەر بەبەرەی تورکمانییە، وتی "ئێمەی پۆلیس کاری خۆمان دەکەین‌و جێبەجێکەری یاساین، هیچ پەیوەندییەکمان بەلایەنە سیاسییەکانەوە نییە".
عەمید سەرحەد دەڵێت هێزی پێشمەرگەش لەناو شاری کەرکوکدا نییە، تەنیا لەدەوروبەری شار لەچوارچێوەی هێزی هاوبەشی سوپاو پێشمەرگەو هێزی ئەمەریکادایە. وتی "داواکردنی فیرقەی ١٢ی سوپاش تەنیا بۆ مەرامی ترەو پەیوەندیی بەتەقینەوەکانی ئێستاوە نییە".
لەهەمانکاتدا ئەحمەد عەسکەری ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەسەر لیستی برایەتی دەڵێت کردەوە توندوتیژییەکان بەو مانایە نایەت کەپۆلیسی کەرکوک کەمتەرخەمە یان لاوازە، چونکە هێزەکانی پۆلیسی کەرکوک تەنیا پێکنەهاتووە لەیەک نەتەوە، بەڵکو پێکهاتووە لەهەموو نەتەوەکانی کەرکوک، وتی "بەو هۆیەشەوە دەتوانم بڵێم تیرۆریستان توانیویانە دزە بکەنە ناو هێزەکانی پۆلیسەوە، سودمەندبوون لەو پلەو ئەرکەی کەبۆیان دەستنیشانکراوە، بۆیە پاراستنی باری ئەمنیەتی شارێکی وەک کەرکوک کە خودی هێزەکەی لەچەند نەتەوەیەک پێکهاتبێت‌و نەتوانرێت‌و نەزانرێت پۆلیسی نیشتمانپەروەرو خیانەتکارو هاوکاری تیرۆیستان لەیەک جیابکرێتەوە.
عەسکەری وتی "بەدەر لەهێزەکانی پۆلیسیش خەڵکانێکی غەیرە کورد لەشاری کەرکوکدا دەژین، کە هیچ بڕوایەکیان بەفیدراڵییەت‌و بەم بارودۆخەی ئێستای کەرکوک نییەو بەردەوام لەهەوڵی دروستکردنی کێشەدان، بێگومان ئەمانەش کاردانەوەیان لەسەر رەوشەکە دەبێت".
عەسکەری دەڵێت داواکردنی هاتنەناوەوەی سوپا نایاسایی‌و نادەستوورییە، چونکە هیچ کودەتایەکی ئەهلی یان سەربازی لەکەرکوک بوونی نییە، یان هیچ کێشەیەکی ئەوەندە گەورە بوونی نییە، کە هێزەکانی پۆلیس نەتوانن کۆنترۆڵی بکەن. وتی "گلەیی‌و گازندەی ئێمە لەهێزەکانی پۆلیسی کەرکوک تەنیا ئەوەندەیە ئێمە پێمانوایە دەزگای هەواڵگری پۆلیسی کەرکوک کەمێک لاوازەو لەئاستی پێویستدا نییە، واتا پاش رووداانی کارەساتەکان دەستبەکاردەبن".
عەسکەری دەڵێت وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراقی تائێستا هەوڵی پێویستی نەداوە بەشی هەواڵگری ئەمنی کەرکوک چالاک بکات‌و بەئامێرە پێشکەوتووەکان کۆمەکی بکات.




نوێنەرێکی عەرەب: کردەوە توندوتیژییەکانی دەستی پۆلیسی تێدایە

www.arsivakurd.org

# «خۆکوشتن کەمیکردووە، تەڵاقو سکاڵا زیادی کردووە»

## بەڕێوەبەری گشتی هەرێم بۆ دواداچوونی توندوتیژی ئافرەتان

دانا جەمیل

کوردە عومەر بەڕێوەبەری گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان باس لەوەدەکات کەبەڕێوەبەرایەتییەکەیان بەرەنگاری توندوتیژی نابێتەوە کەبەرامبەر بەژنان دەکرێت، بەڵکو تەنها بەدواداچوونی حاڵەتەکانی توندوتیژی دەکەن. بڕواشیوایە ڕێژەی خۆکوشتنو سوتان کەمبووەتەوە، بەڵام ڕێژەی تەڵاقو سکاڵا زیادی کردووە.

**دەستوور:** بەتێگەیشتنی ئێوە دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان لەکوردستان کەمبووەتەوە یان زیاد بووە؟

**کوردە عومەر:** لەدوای ئەوەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەولێر، سلێمانی، گەرمیانو دهۆک دامەزراوە لەکابینەی پێنجەمدا هەروەها لەکابینەی شەشەمیشدا بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکە دامەزراوە، ئیشوکاری ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە بەدواداچوونە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی نییە، ئێمە بەدواداچوون بۆ سەرجەم توندوتیژییەکان دەکەین لەسەر ئاستی هەرێم لەهەمان کاتیشدا لەڕێگەی هۆشیارکردنەوەوە هۆشیاری لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاودەکەینەوە، چونکە تاوەکو تاکەکانی کۆمەڵ هۆشیارنەکرێتەوەو تێنەگەیەنرێن توندوتیژی هەربەردەوام دەبێت. خۆشبەختانە لەهەرێمی کوردستان بەهۆی کارو پلانی حکومەتی هەرێمو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی هەموو کار دەکەین بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژییەکە، بەگوێرەی داتاکان کوشتنو سوتان روو لەدابەزینە، بەڵام سکاڵاو جیابوونەوە روو لەبەرزبوونەوەیە.

**دەستوور:** بەرزبوونەوەی سکاڵاو ڕێژەی جیابوونەوە پەیوەندی بەچییەوە هەیە؟

**کوردە عومەر:** هۆشیاری هاوڵاتیان زیادی کردووە، لەهەمانکاتدا خەڵک پەنا ناباتەبەر کوشتنو خۆسووتاندن، دێت سکاڵا تۆمار دەکات ئەویش بەهۆی متمانە بوونی خەڵکە بەدەزگاکانی پۆلیس لەدوای کردنەوەی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانەی ئێمە.



**دەستوور:** شێڵتەرەکان سەر بەئێوە نین؟

**کوردە عومەر:** ئێمە دوو شێڵتەرمان هەیە، هەروەها وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ٣ شێڵتەری هەیە.

**دەستوور:** دەمەوێت بپرسم بۆچی هەندێکجار حاڵەت لەشێڵتەرەکان دوای ئەوەی دەچێتە دەرەوە دەکوژرێن؟

**کوردە عومەر:** ئەو کەسەی کە ١٨ ساڵی تەواوکردووە تۆ ناتوانین بەزۆر لەشێلتەرەکەدا بیهێلیتەوە، زۆرجارئەوژنانەی کەهەڕەشەشیان لەسەرە کەسوکارەکانیان قەناعەتیان پێدەکەن کەهیچ جۆرە خەتەرییەکیان لەسەر نەمابێت، ئێمە لەلای حاکم بەڵگەنامەیان پێدەنووسین کە نایانکوژن، دوای ئەوەی کە ژنەکە خۆی ئامادەیە بچێتە دەرەوە ئەوکاتە ڕێگەیان پێدەدرێت، چەند حاڵەتێک هەبووە کەئێمە زۆرمان لێکردوون کە لە شێڵتەرەکاندا بمێننەوە بەڵام کەتەمەنی گەیشتە سەروو ١٨ ساڵ بەپێی یاسا ناتوانین بەزۆر بیانهێڵینەوە. ماوەیەک پێش ئێستا یەکێک لەکەیسەکان ١٨ساڵیشی تەواونەکردبوو داواشی دەکرد بچێتە دەرەوە، زۆر زەختمان لێکرد کەنەچێتە دەرەوە تەنانەت هەڕەشەی خۆکوشتنی کرد ئەگەر لەشێڵتەرەکەدا دەری نەکەن، لەبەرئەوە زۆرجار حاڵەتەکە بۆ خۆی داوا دەکات دەربچێت.

**دەستوور:** بۆنمونە ئالیاتی ئیشکردن لەشێڵتەرەکاندا تاچەند ئالیەتێکی درووستە؟ بۆچی تەنها کار لەسەر ژنەکە دەکرێت لەکاتێکدا پیاوەکەش فەراغێکی عاتفیو نەفسی بۆ دروست دەبێت؟

**کوردە عومەر:** لەراستیدا شێڵتەرەکان بۆ ئەو ژنانەن کەمەترسی کوشتنیان لەسەرە، پیاوەکە هەڕەشەی کوشتنی لەسەرنییە، هەندێک کێشە هەیە بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت بهێنرێنە دەرەوە چونکە دەکوژرێن، من بڕواموایە کاتێک توندوتیژی کەمدەبێتەوە کە پیاوەکانیش هۆشیارنەبنەوەو قبوڵی ڕای بەرامبەریان نەکەن قبوڵی پێکەوە ژیان نەکەن بەئاسانی توندوتیژییەکان کەمنابنەوە.

**دەستوور:** ئایا شێڵتەرەکان تەنها شوێنێکن بۆ ئەوەی ئەو ژنانەی مەترسی کوشتنیان لەسەرە تیایدا بژین، پێداویستییەکانی ئامادەکردنەوەشیان هەیە؟

**کوردە عومەر:** ماوەی چەند ساڵێکە شێڵتەرەکان دروستبوون هێشتا لەسەرەتادان، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوی باشمان ناوە هەرنەبێت پارێزگاری لەژیانیان دەکەینو ڕێگەنادرێت بکوژرێنو چەندان حاڵەت گەڕاونەتەوە ناو خێزانی خۆیانو ژیانیان بەردەوامە، ئێستا بڕیارە سێ شێڵتەری گەورە دروستبکرێت لەهەرسێ پارێزگای سلێمانیو هەولێرو دهۆک، کەشوێنی وەرزشو وەرشەو هەموو پێداویستییەکانی دیکەی تێدابێت.

**دەستوور:** ئەو شێڵتەرەی لەسلێمانی سەر بەبەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنانە تەنها بۆ ٧٢ سەعات حاڵەت وەردەگرێت، ئەمە بۆ؟

**کوردە عومەر:** ئەو ٧٢ سەعاتە بۆ ئەوەیە حاڵەتەکە بگوازرێتەوە بۆ شێڵتەرەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەو شێڵتەرانەی ئێمە بۆ حاڵەتێکی پەلەیە، زۆر جاریش هەبووە حاڵەت ماوەی هەفتەیەک زیاتر ماوەتەوە.

**دەستوور:** ئیشی ئێوە تەنها بەدواداچوونی حاڵەتەکانی توندوتیژییە، بیرتان لەوە نەکردووەتەوە مەودای کارتان فراوانتربکەن؟

**کوردە عومەر:** ئێمە لەلای وەزیری ناوخۆدا پێشنیاری ئەوەمان کرد کەلێکۆڵینەوە بێتەوە لای بەڕێوەبەرێتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان بەڵام جەنابی وەزیر دەڵێت لەبەرئەوەی ئێوە تەنها موتابەعە بکەن باشترە لەوەی کە تەحقیق بکەن، چونکە ئەگەر تەحقیق بکەن کاری موتابەعەکردن سست دەبێت، ئەگەر نا ئێمە کۆمەڵێک ئەفسەری زۆر شارەزامان هەیە دەتوانن کاری تەحقیقیش بکەن.

# کێشەی ژنان

# لەگوندەو لەشار یادیدەکرێتەوە!



**ڕۆژی جیهانی ژنان بۆ چینێکی نوخبەیە**

دەشتی ئەنوەر

بەپێی ئاماری ساڵانەی ڕێکخراوەکان بێت، زۆرینەی ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژیو کێشەی جۆراوجۆر دەبنەوە لەقەزاو ناحییەکانن، کەچی ڕێکخراوەکانی ژنان بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی ژنان تەنیا لەشارەکاندا ئەو یادە دەکەنەوە.

هاژە سلێمان جێگری لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنان لەپەرلەمانی کوردستان، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور وتی «ساڵانە ئەو یادکردنەوەیە تەنیا لەشارە گەورەکاندا دەکرێتو تەنیا بۆ نوخبەیەکی دیاریکراوە لەشارە گەورەکاندا».

هاژە بەپێویستی زانی کەچالاکوانانی بواری مافەکانی ژنان لەگوندەکانو شارۆچکەکاندا ئەو یادە بکەنەوە، وتی «ناکرێت لەکاتێکدا زۆربەی گرفتەکانی ژنان لەو گوندو شارە بچووکانەوە سەرهەڵدەداتو ئاستی هۆشیارییان کەمە، کەچی ئەمان لەشارە گەورەکاندا ئەوە یاد دەکەنەوە».

ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، ڕۆژێکی جیهانییەو لەکوردستانیش ماوەی دوو بۆ سێ ساڵێکە ئەنجامدەدرێتو ئەو یادە دەکرێتەوە، بەڵام یادکرنەوەکان بەشێوازێکی زۆر تەقلیدین.

بێخاڵ ئەبوبەکر بەرپرسی ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان بەدەستووری ڕاگەیاند بەنیازن لەسەر دوو ئاستدا کاربکەن، ئەوانیش بەرەنگاربوونەوەی توندوتژی دژی ژنانو هاوئاهەنگیکردنی ڕێکخراوەکان بۆ ئەو بۆنەیە.

بێخاڵ دەڵێت ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە لەو ڕۆژەدا تەنیا ئەوە نەبێت ئامار بخرێتەڕوو، بەڵکو دەبێت شێوازی کارەکان بگۆڕێت، ئەویش بەوەی ساڵ لەدوای ساڵ دەبێت بەرەنگاربوونەوەکە جیاوازبێتو تەقلیدیو قسەکردن نەبێت، دەبێت کار بۆ هەندێک لایەن بکرێت کەجیاواز بێت لەوانەی پێشووتری.

بەرپرسی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان وتی «لەگۆرانیو فیلمو دراماکاندا وێنەیەکی شکستخواردووی ژنان پیشاندەدرێت، ئەمە خۆی لەبنەمادا هەڵەیە، بۆیە دەبێت هەمیشە هۆشیارکردنەوە هەنگاوێکی سەرەکی بێت».

### بەڕێوەبەری شێڵتەری لانەی ئارام

# ٥٨١ کەیسمان چارەسەرکردووە کە هەڕەشەی کوشتنیان لەسەربووە



محەمەد نەجیب لەسلێمانی

لەیلا عەبدوڵا بەڕێوەبەری لانەی ئارام بۆ داڵدەدانی ئەو ژنانەی کە لەلایەن کەسوکاریانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێدەکرێت، دەڵێت توانیویانە نزیکەی ٥٨١ کەیسی ئەو ژنانە چارەسەر بکەن، کە لەلایەن کەسوکاریانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرەو ئاماژە بەوەشدەکات چەند حاڵەتێک هەبوون، دوای دەرچوونیان لای ئەوان کوژراون.

لانەی ئارام کەسەر بەیەکێتیی ژنانی کوردستانەو لەساڵی ١٩٩٩ بۆ داڵدەدانی ئەو ژنانەی لەلایەن کەسوکاریانەوە هەڕەشەیان لەسەرە، دروستکراوەو بەڕێوەبەرەکەی لەیلا عەبدوڵایە، بەبەردەوامی ژنی داڵدەدراوی لێیە، کە لەترسی کوشتن بەخواستی خۆیان هێشتراونەتەوە.

لەیلا عەبدوڵا دەڵێت لەسەرەتادا سەنتەرەکە ٩ کەیسی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەوە بەهۆی ئەوەوە بووە کەخەڵکان زۆر شارەزانەبوونو نامۆبوون بەو سەنتەرە، ئێستاش ١٢ کەیسمان لایە لەگەڵ ٢ منداڵدا، بەبەردەوامی دوو کەیس چارەسەردەکەینو دووکەیس یان ٤ کەیس دێتە شوێنی. وتی «لەبەرئەوەی ئێمە بەردەوام لەئیشکردنداینو ئێستا هەوڵدەدەین بەزووترینو کەمترین کات چارەسەری کێشەکان بکەین بۆ ئەوەی نەمێننەوە لەناو سەنتەرەکەداو نەبێتە هۆی کێشە بۆ خێزانەکەیان».

### شێڵتەرەکەیان هەڕەشەیان لەسەرە

لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان شێڵتەری تایبەت بەداڵدەدانی ژنە هەڕەشە لێکراوەکان هەیە، بەڵام ئەو شێڵتەرانە جار بەجار ڕووبەڕووی هەڕەشەی دەرەکی دەبنەوە.

بەڕێوەبەری لانەی ئارام وتی «حاڵەتی بەزۆردەرکردن لەم لانەیەی ئێمەش هەیە، بەڵام زۆر کەمە، ئێمە توانیومانە پارێزگاری لەژمارەیەکی زۆری ئەو ژنانە بکەینو لەکوشتن ڕزگاریان بکەین، کە لەلایەن کەسوکاریانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لەسەربووە».

هەروەها دەڵێت «ئەگەر ئەو سەنتەرانە نەبوایە، ئەوا زۆرێک لەو ژنانە دەکوژران، لەبەرئەوە ئێمە لەساڵی ١٩٩٩وە تائێستا کەدامەزراوە، لەوانەیە چەندان ژن لەدەرەوەی سەنتەرەکان کوژرابێت، بەڵام ئەوانەی کەهاتوونەتە لای ئێمە، ئەگەر نەهاتنایە ئێرە ئەوا لەوانەیە ڕووبەڕووی کوژران بوونایەتەوە».

لەیلا ئاماژە بەوەشدەکات فشاریان لەسەر بووە بۆ ئەوەی دەستبەرداری چەند کەیسێک ببن، بەڵام وتی «هیچ کاتێک حیزب دەستی وەرنەداوەتە کارەکانی ئێمەوە».

ئەو دەڵێت بەڕێگەی یاسایی خۆیان ڕۆژانە کارەکان بەڕێدەکەن، بەڵام زۆرجار فشاری خێزانی ئەو کەسانەیان لەسەر بووە کەهانایان بۆ بردوون، وتی «بۆیە ستافەکەمان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە».

هەروەها وتی «تا ١٠٠٪ دڵنیا نەبین لەکەیسەکە، تەسلیمی خێزانی ناکەینەوە، بەڵام ئێمە مەترسیمان خستووەتە سەر ژیانی خۆمانو ستافەکەمان».

### کەیسەکان جۆراوجۆرن

بەڕێوەبەری لانەی ئارام ئاماژە بەوە دەکات کەهۆکارەکان زۆرن بۆ ئەوەی ئەو ژنانە پەنا بۆ ئەوان ببەن. وتی «زۆر لەو کەیسانە کەڕوودەکەنە ئێرە، توندوتیژیی خێزانیان بەرانبەر دەکرێت، یان لەلایەن کەسوکارییانەوە بەزۆر بەشوودەدرێن، یان پێشتر چووەتە ژیانی هاوسەرگیرییەوەو ئێستا ئەوەی بەدڵ نییە، مەسەلەی لاقەکردن یان هەندێکجار کچێک کە لەسەر مۆبایلو هەندێک شتی تر لێدانو توندوتیژییەکی زۆری بەرانبەر دەکرێت، پەنا بۆ ئێرە دەهێنێت».

### لەماوەی ١١ ساڵدا ٥٨١ کەیس چارەسەر کراوە

لەیلا عەبدوڵا ئاماژە بەوە دەکات کەئەوان توانیویانە بەپێی ئامارێکی خۆیان تامانگی ١٠ ئەمساڵ، نزیکەی ٥٨١ کەیس چارەسەر بکەن. بەتایبەت ئەوانەی هەڕەشەی کوشتنیان لەسەر بووە.

### کەیس هەبووە دوای ئازادکردن کوژراوە

بەڕێوەبەری لانەی ئارام ئاماژە بەوەدەدات کەچەند کەیسێکیان دوای ئازادکردن کوژراون. وتی «بەحوکمی ئەوەی کەتۆ ئەم هەموو کێشەیە چارەسەردەکەیت، حەتمەن ئەو شتانەشی تێدا ڕوودەدات، بۆیە تائێستا نزیکەی ٤ کەیس کوژراوە، بەڵام ئەوانە لای ئێمە نەبووە، بەڵکو ماوەی ساڵێک یا دوو سێ ساڵ یان جاری واهەبووە دوای ٥ مانگ پاشان کوژراوە».

ئاماژە بەوەشدەکات کەئەو کەیسانەشی کوژراون، ئەوان وەکو لانەی ئارام ڕەزامەندنەبوون لەسەری بۆ چوونەدەرەوەی، وتی «چونکە ئێمە گومانمان هەبووە، بەڵام ئەم سەنتەرە زیندانییەک نییە، تەنیا بۆ پاراستنی ژیانیو چارەسەرکردنی کێشەکانە، بۆیە دەبێت ئەو کەسە تەقەبولی ئەوە بکات، بۆیە ئەگەر خۆی داوای یارمەتی بکات، دەبێت هەرخۆشی داوای مانەوە بکات».

# ٥٠٪ بەنزینی هەولێر لەجۆری زۆرخراپە

## سێ ئامێری تایبەتی پشکنینی بەنزین هەیە کەکوالیتی بەنزین دەپشکنێت، بەڵام بەنزینخانەکان فێڵ لەئامێری پشکنینی کوالیتیش دەکەن

ڕێبوار جەلال لەهەولێر

سەرۆکی لیژنەی بەنزیخانەکانی سنووری پارێزگای هەولێر رایدەگەیەنێت ٥٠٪ بەنزینی بەنزینخانەکانی هەولێر لەجۆری زۆر خراپەو تەنیا ٥٠٪ باشە، ئاماژە بەوەشدەکات بەنزینخانەکان فێڵ لەو ئامێرانەیان دەکەن، کە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی کوالێتی بەنزین بەکاردێت.

هێرش حسێن حەسەن جێگری قایمقامی هەولێرو سەرۆکی لیژنەی بەنزینخانەکان، لەلێدوانێکیدا بۆ دەستوور، وتی «خەڵکانێک هەن بەنزینی باش دەکڕنو خەڵکانێک بەپێچەوانەوە بۆ نمونە ماوەیەک جۆری بەنزینەکان زۆر خراپبوون، بۆیە بەشێوەی مەیدانی سەردانی بەنزینخانەکانمان کردووەو چاودێری وردمان خستەسەریان، چونکە لە ٥٠٪ بەنزینی هەولێر باش بووەو لە٥٠٪ زۆر خراپبووە».

ماوەیەک لەمەوبەر لیژنەیەک لەهەریەکە لەسەرۆکی لیژنەی بەنزینخانەکانو نوێنەرایەتیی فەرماندەی پۆلیسی شارەوانیو بەڕێوەبەرایەتیی خزمەتگوزاریی شارەوانیو دوو پسپۆڕی شارەزا لەبەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی نەوتی هەولێر، پێکهێنرا بۆ پشکنینو لێکۆڵینەوەکردن لەجۆری ئەو بەنزینانەی لەبەنزینخانەکانی هەولێر دەدرێت بەهاووڵاتیان.

ئەو لیژنەیە لەڕێگەی سێ ئامێری تایبەتی پشکنینەوە، کەکوالیتی بەنزینەکە دیاریدەکات، بەنزینی بەنزینخانەکانیان پشکنی.

بەپێی کوالیتی نێودەوڵەتی دەبێت ڕێژەی کوالیتی لەبەنزیندا بۆ بەنزینی سوپەر ٥٠٪ەو نۆرماڵ ٨٧٪ بێت، لەکوردستانیش بۆ بەنزینی بێجی ڕێژەی کولیتی لەبەنزینەکەدا ٨٤٪ دانراوە.

هێرش حسێن وتی «ئەگەر ئەو سێ جۆرەی بەنزین کوالیتییەکەی لەو ڕێژەی کەمتربوو، ئەوا بەنزینخانەکە دادەخەین».

هێرش وتی «بەڵام ئێمە هەستمانکرد بەنزینخانەکان فێڵ لەئامێرەکەمان دەکەن، چونکە پێوەرەکە هەڵدەستێتو وانیشاندەدات ڕێژەی کوالیتیی بەنزینەکە تەواوە، بەڵام بەنزینەکە ناسوتێت».

لەبارەی چۆنیەتیی ئاشکراکردنی ئەو فێڵە، سەرۆکی لیژنەی بەنزینخانەکان وتی «تاقیبێکی وردمانکرد لەلایەن فەرماندەی پۆلیسی شارەوانییەوە، هەروەها بەڕێوەبەرایەتیی دابەشکردنی نەوتەوە بەشێوەیەکی نهێنیو ئاشکرا، بۆماندەرکەوت هەندێک لەو بەنزینخانانە هەست بەبەرپرسیاریەتی ناکەنو مادەیەک هەیە بەناوی (تەنەر) یاخود (خام)، لەناو بەنزینەکەی دەکەنو لەکاتی پشکنیندا کار لەئامێرەکە دەکاتو کوالیتی بەرزدەکاتەوە، بەڵام دواتر ناسوتێتو مەکینەی ئۆتۆمبێلەکە لەکاردەخات، توانرا ئەو هۆکارە بدۆزینەوەو کاردانەوەی توندمان هەبوو».

ئەو وتی کەبەنزینخانەی تەیراوە بەهۆی گلەییو نارەزایی خەڵکەوە داخراوەو داوایشکرد هەر هاووڵاتییەک گلەیی لەهەر بەنزینخانەیەک هەیە، سکاڵا بکات.

لەهەرێمی کوردستان سەرچاوەی بەنزین بەشێوەی بازرگانی لەوڵاتانی تورکمانستانو ئازەربایجانو تورکیاو کوەیتو ئێرانەو دەهێنرێتە کوردستانو لەعێراقیش بەنزینی بێجی دابیندەکرێت.

### ـ ڕێژەی کوالیتی گونجاو لەبەنزیندا بەپێی کوالێتی نێودەوڵەتی:

| | |
|---|---|
| سوپەر | %50 |
| نۆرماڵ | %87 |
| بێجی | %84 |



بەنزینخانەکان مادەی تەنەر دەکەنە ناو بەنزینەوە بۆ گۆڕینی کوالیتی بەنزینەکە

# ماڵە تێکۆشەرەکان ئاوی پیس دەخۆنەوە

## ئەو ٥٠٠ خانووەی بەسەر خەڵکی تێکۆشەرو زیندانیانی سیاسیدا دابەشکرا حەوت ساڵە ئاوی پیس دەخۆنەوە

ئاوات محەمەد لەچوارقوڕنە

ئەو ٥٠٠ ماڵەی بەناوی خانەوادەی تێکۆشەرو زیندانیانی سیاسییەوە لەساڵی ٢٠٠٣ هەریەکەو پارچەیەک زەوییان لەشارۆچکەی حاجیاوا پێدرا، ماوەی حەوت ساڵە ئاوی پیس دەخۆنەوە، کەمەرجی تەندروستیی تێدا نییە، بەڵام بەرپرسان چارەسەری کێشەکەیان ناکەن.

هیمداد ئیسماعیل مەولود، تەمەن ٢٥ ساڵ، ماوەیەکە لەمەوبەر لەگەڵ پیاو ماقوڵانو ریشسپیو گەنجانی شارەکە سەردانی بەڕێوەبەری ناحیەی چوارقوڕنە دەکەن بۆ ئەوەی کێشەی بێئاوییان بۆ چارەسەربکات، بەڵام بەڕێوەبەری ناحییە دوای ئەوەی بەڵنیشدەدات، بەڵام بۆی ناچێتەسەر.

هیمداد وتی «ئێمە لەپاداشتی خانەوادەی تێکۆشەران، ئەو زەوییانەمان وەرگرتووە، بەڵام لەسەرەتایترین ماف بێبەیشن».

هەروەها وتی بەڕێوەبەری ناحیە بەڵێنی ئەوەیدا لەماوەی دوو ڕۆژدا ئەو کێشەیە چارەسەربکات، بەڵام بەڵێنەکەی نەبردەسەر.

هەموو ماڵەکانی ئەو گەڕەکە کە بەگەڕەکی دابان ناسراوە، بەهۆی سۆندەوە لەبیرێکی ئیرتیوازییەوە ئاویان ڕاکێشاوە، ڕۆژانەش ئەو سۆندانە تێکەڵ بەئاوی پیسو چڵکاو دەبن، جگەلەوەی ڕۆژانە سۆندەکان دەپچڕێن.

هیمداد وتی «ڕاکێشانی ئاوەکەمان وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە وایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاوە بەم شێوازە هیچ مەرجێکی تەندروستیی تێدا نییە».

سەوزە مەحمود ڕۆستەم، تەمەن ٥٣ ساڵ، ماوەی پێنج ساڵە لەگەڵ کوڕەکەی لەو گەڕەکە دەژین وتی «تائێستا کەمترین خزمەتگوزاری بۆ ئەم گەڕەکە کراوە، ئاومان لەسەر خەرجیی خۆمان ڕاکێشاوە».

لەبەرئەوەی ڕۆژانە چەندان جار ئەو سۆندانە دەدڕێن، بەهۆی هاتنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرەوە، یان مانگای ناوچەکە سۆندەکە دەخوات، ئاوی ماڵەکان پیس بووەو مەرجی تەندروستیی تێدا نییە.

سەوزە وتی «مانگانە ٣٠ هەزار دینارمان دەوێت بۆ کڕینو چاککردنەوەی سۆندەکانمان، جگە لەوەش منداڵانمان چەندان جار تووشی نەخۆشی بوون».

کاتی هەڵبژاردن لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگەکانی هاووڵاتیان، بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەی هاووڵاتیانیان دابوو، بەڵام هاووڵاتیان نیگەرانن لەوەی بەڵێنەکان نەبرانەسەر.

حسێن عەزیز لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی حاجیاوا وتی ئەو گەڕەکە لەساڵی ٢٠٠٨دا پڕۆژەی ئاوی بۆ کراوە، بەڵام گرفت هەبووە لەنێوان پڕۆژەی ئاوەکەو پڕۆژەی ئاوەڕۆکەدا.

حسێن وتی «ئەگەرچی بەشێکی چارەسەرکراوە، بۆیە هەندێک لەماڵەکان ئاویان بۆ خراوەتە سەر تەئسیساتی ئاوەکان، بەشەکەی تریشی دەرخستەمان بۆ کردووەو ناردوومانە بۆ بەشی پلاندانانو کارگێڕیی بەدواداچوون لەپارێزگای سلێمانی».

ئاماژەی بەوەشدا کە ئێستا سێ بیری ئاویان لێداوەو تەنیا ماوە قفڵیان بۆ بێتو ئەویش چارەسەربکرێت.



٥٠٠ ماڵ بە سۆندە ئاو ڕادەکێشن

# بۆ ڕۆژنامەی دەستوور

د.فوئاد حەمە خورشید

لەڕۆژی ٢٠١٠\١١\١٢ تاقمێکی نەناسراو بەشۆفلێکەوە هاتوونەتە سەر زەوییەکانی دێی بسکەندی (پارچەی ٤٢)کە ئێستا سەر بەناحیەی پیرەمەگرونەو گشت زەوییەکانی ئەو دێیەیان سەرلەنوێ بەکەیفی خۆیان بەش بەشکردووەو بێئەوەی پرس بەخەڵکی دێیەکە بکەن کەخاوەن زەوییەکانن، یان هیچ ئیعتبارێک بۆ تاپۆکانیان بکەن.

١- من خۆم کەشفی ناوچەکەم کرد، کە چوار پارچە زەویی خۆمانی تێدایەو بینیم گشت زەوی دێیەکە بەجادەی شۆڤڵ سەرلەنوێ بەش بەش کردووە.

٢- سەردانی هەردوو بەڕێزان بەڕێوەبەری ناحیەی (بەکرەجۆ)و (پیرەمەگرون)

م کرد، هەردوو بەڕێوەبەرەکە ئاگایان لەئەنجامی ئەم کارە نەبوون.

٣- بەبۆچوونی ئێمە ئەم کارە ناڕەوایە هی حکومەت نییە، بەڵکو هی تاقمێکی لورداتی زەوین کە گشت زەوییەکانی دۆڵی (مێرگەپان)و (دۆڵەڕووت)یان تاڵانکردو ناوچەی شارباژێڕی ئەودیوی تونێلەکەیان بەمەزاد کرد، ئێستاش نۆرەی دێیەکەی خۆمانە.

داوادەکەم لەڕۆژنامەی بەڕێزتان ئەم پیلانە پوچەڵ بکاتەوە، با کەسی تر بەپیلانی ئەمجۆرە باندانە دەر بەدەر نەکرێن لەزەویی باو باپیریان.

باجەنابی سەرۆک وەزیرانو جەنابی سەرۆکی پەرلەمانو لێپرسراوانی دێ ئاگادارمان بکەن بەڕەسمیو ئاشکرا، ئەمە چ بەزمێکە؟ تکایە باوەڵامان بدەنەوە.

# "بڕیاری دەستگیرکردنی مستەشارەکان پاڵپشتێکی سیاسی پێویستە"

## مەجید حەمەدئەمین وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان بۆ دەستوور

سازدانی: بورهان قادر

دکتۆر مەجید حەمەدئەمین وەزیری کاروباری شەهیدانو ئەنفالکراوەکان لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژەی بەوەدا ئەو بڕیارەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بۆ دەستگیرکردنی مستەشارەکانی دەریکردووە، ئەوان ناردوویانە بۆ هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمو وەزارەتی ناوخۆ. دکتۆر مەجید دەڵێت جێبەجێکردنی بڕیارەکە پاڵپشتی سیاسیی پێویستە، کەبەبڕوای ئەو پاڵپشتەکە بەدەستدەهێنن‌و سەرۆکایەتیی هەرێمو حکومەت بڕیارەی دەستگیرکردنی ئەو مستەشارانە دەدەن.

**دەستوور:** هەنگاوەکانی دەستگیرکردن‌و ناردن بۆ دادگای مستەشارەکان بەکوێ گەیشت؟

**دکتۆر مەجید:** ئێمە وەزارەتی پەیوەندیدارین بەو مەسەلەیەو مودەعین لەسەر ئەو ٢٥٨ ناوە، چونکە ئێمە وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکانین‌و نوێنەری خانەوادەی شەهیدانین، دوای ئەوەی بەنووسراوی فەرمی ناوەکانمان لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانەوە پێگەیشت، ئێمەش بەنووسراوی فەرمی هەر چوار دەزگای پەیوەندیدار سەرۆکایەتیی هەرێمو سەرۆکایەتیی حکومەتو سەرۆکایەتیی پەرلەمانو وەزارەتی ناوخۆمان ئاگادارکردەوە کە وەزارەتێکی پەیوەندیدارە بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە، کۆپییەکی ئەو نووسراوانەشمان بۆ دادگای باڵای تاوانەکان ناردووە، پشووی جەژنی بەسەردا هاتو ئێستاش دەستبەکارەکان دەکەینەوەو بەدواداچوون دەکەین، مافی میللەتیشەو دەبێت دادگا بڕیاری کۆتایی خۆی بدات، کێ تاوانبارەو کێ تاوانبار نییە، چونکە ئەوانە بەتاوانێکی گەورە تۆمەتبارکراون، مەرجیش نییە ئەوانە هەموویان تاوانباربن، هەندێکیشیان تاوانەکەیان تاوانێکی گەورەی نێودەوڵەتییەو تاوانی نێودەوڵەتیش کۆن نابێتو ناسڕێتەوە.



**دەستوور:** تائێستا هەرسێ سەرۆکایەتییەکەوە وەزارەتی ناوخۆ وەڵامی ئەو نووسراوە فەرمییەی وەزارەتەکەی ئێوەیان داوەتەوە؟

**دکتۆر مەجید:** نەخێر تائێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە، ئەو بابەتە پێویستی بەکات هەیەو ئەو کەیسە کەیسێکی ئاسان نییە، ڕەنگە هەندێک کەس پێیوابێت پێویستە ئەوانە بدرێنە دادگا، بەڵام کاتەکەیان پێ لەبار نەبێت، ئینجا ئەو بڕیاردانە کە کاتەکە لەبارە یان لەبار نییە، بەڕای من دوای ٢٢ ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەنفالو ١٩ ساڵ بەسەر ڕاپەڕین‌و ١٨ ساڵ لەسەر دامەزراندنی حکومەتی هەرێم، کاتەکە زۆر گونجاوەو درەنگیشە بۆئەوەی ئەو کەسانە بچنە بەردەم دادگا، دواتر خەڵکێک هەیە ناوی لەگەڵدایەو بێتاوانیشەو هەموو ڕۆژ ناوەکانیان لەڕۆژنامەکان بڵاودەبێتەوە.

**دەستوور:** پێتوایە حکومەتی هەرێم چ بڕیارێک دەدات ئایا بڕیاری دەستگیکردنیان دەدات؟

**دکتۆر مەجید:** بڕواموایە حکومەتی هەرێم بڕیاری ئەوە دەدات کە بچنە بەردەم دادگا، ئێمەش بەردەوامدەبین‌و بەدواداچوون دەکەین‌و لێی ناکشێینەوە، تەنانەت بارەگایەکی داگای باڵای تاوانەکانی عێراقمان هێناوەتە هەولێر بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانە نەچنە بەغداو لێرە قسەکانیان لێوەرگیرێت.

**دەستوور:** بڕیاری دەستگیکردنیان دراوە، بەڵام بۆ ناگیرێن، بۆ ئەو بڕیارە جێبەجێناکرێت؟

**دکتۆر مەجید:** دەگیرێن، بەڵام لێت ناشارمەوە بڕیارەکە پاڵپشتێکی سیاسیی پێویستە، ئێمە سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئەو دەعمە سیاسیەیین، چونکە هەندێک لەناوی ئەو موسستەشارانە کە لێرەن هەندێکیان دەست ڕۆیشتوون لەناو حیزبە سیاسیەکانی خۆمان، هەندێکیان ناویان هەیە سەرۆک عەشیرەتو دەسەڵاتدارن، کەم تا زۆر سوقلی کۆمەڵایەتی‌و ڕەنگە هەندێکیان سوقلی سیاسیشیان هەبێت، واتە ئۆکەیەکی هێڵە سیاسییەکە بۆ ئێمە پشتگیرییەکی گەورەیە، پێشموایە ئەو ئۆکەیە سیاسییە وەردەگرین.

**دەستوور:** ئەگەر باسی پەرلەمانی کوردستان بکەین، ئێوە نووسراوی فەرمیتان بۆ ناردوون‌و وەڵامیشیان نەداوەتەوە؟

دکتۆر مەجید: پەرلەمانی کوردستان، هەموو ئەندامەکان، هەموو فراکسیۆنەکان بەیەکێتی‌و پارتی‌و گۆڕان‌و کۆمەڵو یەکگرتوو و تورکمان‌و ئەوانیتریش دەبوایە ئێستا لەگەڵ ئێمە بوونایە بۆ ئەوەی فشاری زیاتر بکرێتو تا ئەوانە دەستگیربکرێن، هەستدەکەم ئەندام پەرلەمانەکان‌و فراکسیۆنەکانیش جۆرێک لەبێدەنگییان پێوە دیارە.

**دەستوور:** پێتوایە پەرلەمان فشاری سیاسیان لەسەر بێت؟

**دکتۆر مەجید:** نەخێر باوەڕناکەم، ئەگەر فشاری سیاسی هەبوایە، پێش ئەوان لەسەر من دەبوو، چونکە تا ئێستا کەس بەمنی نەوتووە زووە یان پەلەتکرد.

**دەستوور:** وەکو خۆیشت وتت زۆرێک لەو موستەشارانە دەڵێن ئێمە بێتاوانیین، بەڵام بۆ نایانێرن بۆ دادگا تا لەوێ بێتاوانی خۆیان بسەلمێنن؟

**دکتۆر مەجید:** وایە، ئەوە داواکاری ئێمەشە کە بنێرێن، ئەوانیش هەندێکیان ئامادەن بێنە بەردەم داگا، لەوانەیە ئەوە یەک لەو ڕێگەیانە بێت کە ئێمە ئیشی لەسەر بکەین.

**دەستوور:** زۆرێک لەو موستەشارانە کەقسە دەکەن دەڵێن سەرۆکی هەرێم دەمانپارێزێت، بەڕای تۆ سەرۆکی هەرێم چ بڕیارێک دەدات؟

**دکتۆر مەجید:** ئەوانە قسەی ئەوانە، بەڵام سەرۆکی هەرێم ئەو قسانەی پشتڕاست نەکردووەتەوەو سەرۆکی هەموو کوردستانە، سەرۆکی هەرێم خەڵکی کوردستان بەچەند موستەشارێک ناگۆڕێتەوە، ئەگەر وەکو حیزبی سیاسیش بیری لێبکەینەوە، بەرژەوەندیی ئەوان لەگەڵ بەرژەوەندیی خەڵکدایە، باوەڕناکەم خۆیان خراپ بکەن لەسەر ئەوانە، ئەگەر سەرۆکی هەرێم لەپشتی ئەوان بوایە، ئێمەی ئاگادار دەکردەوە، بۆیە پێموایە سەرۆکی هەرێم بڕیاری دادگایی کردنەکە دەدات.

**دەستوور:** چی بەدایکی شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان‌و ئەو لاوانە دەڵێی کە تائێستا کە بکوژی کوڕەکانیان لەپێش چاویانن‌و هەڵوێستەکانیش بەوشێوەیە کە هەموومان دەیبینین؟

**دکتۆر مەجید:** پێیاندەڵێم تونددەبین لەسەر ئەو داواکارییەو بەردەوامدەبین تا کاتێکی دیاریکراو، کە قەناعەتمان وایە پێماندەکرێ. ئەگەر زانیمان ناکرێت، گفتەدەدەم دەستلەکاردەکێشمەوە، کاتێک کەزانیم ناکرێتو گەیشتووەتە بنبەست، یەک چرکە چاوەڕوان ناکەم، کاتەکەش دیارەو بەساڵ نییە، بەڵکو بەمانگە، بۆی هەیە چەند مانگێک بێتو ئەگەر نەکرا دەستلەکاردەکێشمەوە، پێموایە جێبەجێدەبێت، بەڵام زۆر پێویستیم بەهاوکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و خانەوادەی شەهیدان‌و ئەنفاکراوەکانە، کە لەگەڵ ئێمە فشار بکەن‌و بێنە پێش‌و پێداگری بکەن.

> هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان جۆرێک لەبێدەنگییان پێوە دیارە لەمەسەلەی دەستگیرکردنی مستەشارەکاندا.

# نامەی دەستلەکارکێشانەوەی حاکم رزگار لە پەرلەمانی کوردستان

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**
**لەڕێگەی بەڕێز/ فراکسۆنی کوردستانییەوە**
**بابەت/ دەستلەکارکێشانەوە**

سڵاو حورمەت...

بەپێی ماددەی سێیەم لەیاسای ژمارە (١) ساڵی ١٩٩٢ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان—عێراق ئەندام پەرلەمان دەبێتە نوێنەری گەلی کوردستان‌و سوێنددەخوات کە پارێزگاری لەیەکێتیی گەل‌و خاکی کوردستان‌و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکات، بۆیە شایانی ڕێزە چ وەک تاکو چ وەک ئەوەش شەرەفی نوێنەرایەتی میللی پێدەدرێ‌و کارمەند نییە لای هیچ بەرپرسێکی ئیداری پەرلەمان.


سەرۆک پەرلەمانیش کە ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەو دەزگا گرنگەی پێدەسپێردرێ بەهاوکاریی ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن‌و قبوڵی دەکا شەرەفی بەرپرسیارێتیەکی گەورەی دەدرێتێ‌و یاساو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جێبەجێدەکاتو دەسەڵاتە ئیدارییەکەش هەر لەوێ سەرچاوە دەگرێتو نابێ بەهەڵە یا خراپ ئەو دەسەڵاتەی بەکاربهێنێ، کاتێک بەڕێزیان نەیتوانی لەگەڵ پەرلەمانتاران وەک خێزانێکو تیمێکی هاوبەش کاربکات، ڕێگە پێدراو نییە کە مامەڵەی نەشیاوی ئەندام پەرلەمان بکات، کە خەڵکانێکن متمانەی میللەتو حیزبە کوردستانییەکانیان دراوەتی‌و هەرکەس جێگەو پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە لەدەرەوەی هۆڵی پەرلەمان ، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆریشیان لەپۆستی ڕەسمی‌و حیزبی گەورەوە دێن‌و زۆرجار لەبەر ئەو پێگە لێهاتووییەیان پۆستەکەیان لەسەر دەسەپێنرێ‌و کە ڕەنگە هەندێ جار بۆ خۆیان نەیانویستبێ‌و لەبەر کۆمەڵە ئیعتیبارێک قبوڵی دەکەن....

ڕاستە سەرۆک پەرلەمان ئەرکی بەڕێوەبردنی لەسەرە، بەڵام هیچ دەقێکی قانونی نییە کە مافی گرتنەبەری شێوازی توندی بەرانبەر ئەندام پەرلەمان بداتێ، گریمان دەرچوون لەپەیڕەوی ناوخۆش ڕوویدا، ئەوا پەیوەندییەکان بەقانوون ڕێکخراون‌و بەشێوازی نەرم جێبەجێدەکرێن. مرۆڤ بیڕێزی پێناکرێت دەبێ بەڕۆحی برایانەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ یەکدا بکەن، تەنانەت لەبەڕێوەبردنی دادگایی تۆمەتبارانی تاوانی نێو دەوڵەتیش مافی ڕێزگرتنی تۆمەتبار بەقانوون پارێزراوەو سەرۆکی دادگا بۆی نییە سوکایەتی پێبکات یا لێی توڕەبێ‌و مامەڵەی نالایەقی لەگەڵ بکا، دەکرێت بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەر بدرێت یا هەتا هەتایی بەند بکرێت، بەڵام کەرامەتی وەک مرۆڤ دەبێت پارێزراوبێ.

دیارە ئەو شێوازە گرژو توندەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەرانبەر من نواندی لەدانیشتنی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٠/١١/٣ لەکاتی گفتوگۆ لەسەر قانونی خۆپیشاندان، دەچێتە خانەی سوکایەتی یا بێڕێزی پێکردن، ئەو کاتەی لەگەڵ سەرۆک پەرلەمان لەحیوار بووین لەسەر ماددەیەک کەتەنیا من لێدوانم هەبوو لەسەری‌و دوای ڕێگەپێدان‌و تەواوکردنی قسەکانم بۆ چەند چرکەیە دانشتمو کاتێکیش ئەو لەمیانەی قسەکانی مندا ڕووی وەرگێڕا بەلای سکرتێرو قسەی لەگەڵ کردو دواتر کەبەڕێزیان ڕوونکردنەوەو وەڵامی هەبوو لەوێ بەپێویستم زانی هەستمەوە درێژە بەقسەکانم بدەم، ئەمەش هەر لەمیانەی هەمان حیوار بوو، واتە گفتوگۆکەمان دانەخراو بوو تاقسە لەسەر ئیزن‌و هەستان‌و دانیشتن بکرێت ئەو نەدەبوو بەو جۆرە مامەڵەبکات!

گریمان لەشوێنی خۆشمەوە قسەم کرد خۆ کەعبە کەچ نەکراوە وەک دەڵێن... ئەمە جگەلەوەی پەرلەمانتار مافی ئەوەی هەیە لەپەرلەمان بەدانیشتنەوە بدوێ ئەوەتا بەپێی ماددەی ٥٦-١ لەپەیڕەوی ناوخۆ دوو شێواز هەیە بۆ قسەکردن لەدانیشتنەکانی پەلەماندا، یەکێکیان بەپێوە، ئەویتریان بەدانیشتنەوە لەسەر ئەو سەکۆیە کە بۆئەو مەبەستە ئامادەکراوە. باشە تائێستا نەمدیوە ئەو سەکۆی دانیشتنە دابینبکرێ، بۆیە بە مافی هەموو ئەندامانی پەرلەمانی دەزانم کە لەشوێنی خۆیان‌و لەسەرەی خۆیانا بەدانیشتنەوە ڕای خۆیان بڵێن تائەو سەکۆیە دەستنیشاندەکرێ، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دی گریمان پەرلەمانتار لەسیستەمی گفتوگۆکردنی دانیشتن کەموکورتی نواند بەڵێ سەرۆک پەرلەمان بۆی هەیە قسەی لەسەر بکات، بەڵام دەبێ بەشێوازی لایەق بەپەرلەمان‌و پەرلەمنتار مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستەکە بکاتو بەنەرمی سەرنجی پەرلەمنتار رادەکێشێ بۆ پەیڕەو نەک بەهەست بریندارکردن کە هەیبەتی پەرلەمانی پێدادەبەزێ پێش هەر کەسێک، لەکاتێکدا پەرلەمان موڵکی میللەتو باخچەی پەخش‌و بانگەشەو دانانی قانوونە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، من ئاوا لەپەرلەمان دەگەم کاری تیادەکەم. هەر کاتێکیش دەرفەتو بواری کارکردنم گونجاو نەبوو بوێری‌و جورئەتی دەستلەکارکێشانەوەم هەیە.

لەگەڵ داوای لێبوردن‌و حورمەتی زۆر بۆ سەرجەم و یەکەیەکەی خوشکو برایانی ئازیزم لەپەرلەمانی کوردستان بەخودی بەڕێز سەرۆک پەرلەمانیشەوە بفەرمون بەقبوڵکردنی...



**رزگار محەمەد ئەمین**
**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان**

**٢٠١٠/١١/٨**

**وێنەیەک**
**١- بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...**
**٢- بەڕێز سکرتێری پەرلەمان بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا...**
**٣- بەڕێز لیژنەی ئەوقافو کاروباری ئاینی بۆ زانینتان لەگەڵ ڕێزدا...**



# ٦ وەزارەتی حکومەتی هەرێم بێ ماڵپەڕن

## ماڵپەڕی وەزارەتەکان، بوونەتە ماڵپەڕی وەزیر

هێمن لەتیف لەسلێمانی

لەکۆی ١٩ وەزارەتی حکومەتی هەرێم، تەنیا ١٣ وەزارەت لینکی ماڵپەڕەکانیان لەماڵپەڕی رەسمیی حکومەتی هەرێمدا هاتووەو هەندێک لەو ماڵپەڕانەش مانگانە تەنیا یەک هەواڵی تایبەت بەکاروباری وەزارەتەکانیان دادەنێن.

بەپێی بەدواداچوونەکانی رۆژنامەی دەستوور، دەرکەوتووە لەکۆی ١٣ ماڵپەڕی وەزارەتەکان، زۆرینەی ماڵپەڕەکان لاوازن‌و بەبەردەوامی نوێ ناکرێنەوە. بەشێکیان مانگانە یەک بابەت‌و یان دوو مانگ جارێک نوێدەکرێنەوە، تەنیا بەشێکی کەم لەماڵپەڕەکان چالاکن.

بەرپرسی ماڵپەڕی وەزارەتەکان هۆکاری لاوازیی ماڵپەڕەکانیان‌و درەنگ نوێکردنەوەیان دەگەڕێننەوە بۆ هۆکاری کەمیی کارمەندو هەروەها گرنگیی نەدانی وەزارەتەکان بەماڵپەڕەکانیان.

ماڵپەڕی وەزارەتی کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان، لەبەرواری ٢٠١٠/٦/٢٨ەوە هیچ بابەتێکی دانەبەزاندووەو نوێ نەکراوەتەوە.

دوا بابەتی ئەو وەزارەتە لەڕۆژی ١٠/٢٦ دانراوە، بەناونیشانی (وەزیری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان، بەسەرۆکایەتی وەفدێکی هەرێمی کوردستان، بەشداری لەمەراسیمی کیمیابارانی شاری سەردەشت لەتاران دەکات)، ئەوە هەواڵی سەرەکیی ماڵپەڕەکەیە، بەو پێیەش ماوەی پێنج مانگە نوێ نەکراوەتەوە.

بەهەمانشێوەش ماڵپەڕی وەزارەتی داد لەمانگی ئابەوە نوێ نەکراوەتەوەو لە٢٠١٠/٨/٢٦ دوا هەواڵی لەژێر ناونیشانی "لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان سەردانی وەزارەت دەکات" بڵاوکردووەتەوە.

وەزارەتی بازرگانی‌و پیشەسازیش لەماڵپەڕەکەیدا لەرۆژی ٢٠١٠/١١/٤ەوە تەنیا یەک هەواڵێکی بەناونیشانی (وڵاتانی کەنداو پرۆژەی گەشتیاری‌و بازرگانی لەهەرێم دەکەنەوە)، دابەزاندووەو تائێستا هیچ هەواڵ‌و چالاکییەکی نوێی بڵاونەکردووەتەوە. بەو پێیەش لەم مانگەدا تەنیا یەک بابەت دانراوە، مانگەکانی پێشووش بابەتی زۆر کەم دانراون.




ماڵپەڕی وەزارەتی کشتوکاڵ‌و سەرچاوە ئاوییەکانیش نەک هەواڵی دانەبەزاندووە، بەڵکو لەکارکردن وەستاوە.

ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە، لەبەرواری ٢٠١٠/١١/١٣دا تائامادەکردنی ئەم راپۆرتە نوێ نەکراوەوەو هەواڵی سەرەکی بریتییە لە (وەزارەتی پەروەردەو ئاژانسی کۆیکای کۆری پرۆتۆکۆڵێکی هاوبەشیان بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەکی هاوچەرخ لەکەسنەزان واژۆکرد).

ماڵپەڕی وەزارەتی دارایی‌و ئابووری، لەسەرەتای ئەم مانگەوە تەنیا یەک هەواڵی بەناونیشانی (موچەی فەرمانبەران پێش جەژن دەدرێت)، بڵاوکردووەتەوەو لەوکاتەوە نوێ نەکراوەتەوە. لەلایەکی ترەوە ماڵپەڕی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لەبەرواری ٢٠١٠/١١/٩ هەواڵێکی بەناونیشانی (وەزارەت بڕیاری نوێ بۆ خوێندنی هاوتەریب دەردەکات) بڵاوکردووەتەوەو ماوەی ١٣ رۆژە ماڵپەڕەکە نوێنەکراوەتەوە.

ماڵپەڕی شارەوانی‌و گەشتوگوزار وەک ماڵپەڕی سەرجەم وەزارەتەکانی تر لەپێش جەژنی قوربانەوە نوێ نەکراوەتەوەو دواهەواڵی دەگەڕێتەوە بۆ رۆژی ٢٠١٠/١١/١٠ لەژێر ناوی (بەمەبەستی پەرەپێدان‌و وەبەرهێنان لەبواری کەرتی گەشتوگوزار وەزیری شارەوانی لەگەڵ کۆمپانیایی (ئۆجی) سعودی کۆبووەوە).

بەپێی ئەو بەدواداچوونەی دەستوور بۆ هەواڵ‌و بابەتەکانی مانگی پێشووی وەزارەتەکان، زۆرینەی هەواڵ‌و بابەتەکان تەشریفاتی بوون‌و زانیاری گرنگی کاروباری وەزارەتەکانیان بۆ خەڵک بڵاونەکردووەتەوە. بەشێوەیەک وەک ماڵپەڕی وەزیریان لێهاتووە نەک وەزارەت.

هەرێم وشیار، بەرپرسی ماڵپەڕی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لەلێدوانێکدا بۆ دەستوور وتی "بودجەو دەرماڵە بۆ ماڵپەڕی وەزارەتەکان دیاری نەکراوە".

هەروەها وتی "ماڵپەڕی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی تەنیا یەک کارمەندی هەیە، بۆیە بەو شێوەیەیە".

رەسوڵ ساڵح بەڕێوەبەری ماڵپەڕی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ دەستوور روونیکردووە کەماڵپەڕی هەندێک لەوەزارەتەکان لەلایەن بەشی ئایتی، یان بەشی راگەیاندنی وەزارەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

رەسول ساڵح وتی بەدوو کارمەندو بەبێ بودجە ماڵپەڕی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بەڕێوەدەبەن.

لەبارەی نوێنەکردنەوەی بەشی زۆری ماڵپەڕی وەزارەتەکان، رەسوڵ وتی "ئەو ماڵپەڕەشی هەواڵ دانابەزێنێت، لەوانەیە وەزارەتەکە چالاکی نەبێت، یان ئەو کەسانەی کاردەکەن شارەزاییان نییە".

عەدنان عوسمان ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ ئاماژەدان بەکەمتەرخەمی ئەو ماڵپەڕانە، بەڵام دەڵێت پەرلەمان بەدواداچوونی بۆ ناکات.

ئیسماعیل بەرزنجی بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بێئاگایی خۆی لەوردەکارییەکانی بڵاوکردنەوەی هەواڵ لەماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە ئاشکراکرد.

ئەو وتی "بڵاونەکردنەوەی هەواڵ‌و چالاکی لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا، پەیوەندیی بەهاتنی جەژنی قوربانەوە هەیە".

بەرزنجی وتی ماڵپەڕی وەزارەتی پەروەردە تەنیا ئەو هەواڵانە بڵاودەکاتەوە کەتایبەتن بەبواری پەروەردەوەو هەندێک جاریش هەواڵی پەروەردەیی نییە تا بڵاوبکرێتەوە.

هاوکات خاڵس قادر بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێم کەیەکێک لەو وەزارەتانەیە تائێستا ماڵپەڕیان نییە. ئاماژەی بەوەدا کەماڵپەڕی وەزارەتەکەیان لەکار وەستاوە، چونکە سەرقاڵی نوێکردنەوەی ماڵپەڕەکەن، بەڵام کاتی کەوتنەوەکاری ماڵپەڕی وەزارەتی تەندروستی ئاشکرانەکرد.

خاڵس قادر وتی "زۆرێک لەماڵپەری وەزارەتەکان لاوازن‌و هەندێکیان ماوەی شەش مانگ جارێک هەواڵ دادەبەزێنێت".

ئەوەشی وت "بوونی ماڵپەڕی وەزارەتەکان گرنگە، دەبێت بەردەوام نوێبکرێنەوەو لەلایەن وەزارەتەوە بایەخیان پێبدرێت".



هەندێک لەوەزارەتیش لەگەڵ ئەوەی لەکابینەی شەشەمدا نەمابوون، بەڵام لینکی ماڵپەڕەکانیان تائێستا لەماڵپەڕەکانی تری وەزارەتەکان ماوە، لەوانە وەزارەتی ژینگەو مافی مرۆڤ‌و کۆمەڵی مەدەنی‌و ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم‌و لینکی وەزارەتی کشتوکاڵیش بەجیا دانراوە لەچەند ماڵپەڕێکی وەزارەتەکاندا.

هیچ کام لەو ماڵپەڕانە لەلایەن وەزارەتەکانیانەوە بودجەی تایبەتیان بۆ دابیننەکراوە، بەڵام کارمەندی تایبەتیان بۆ دانراوە.

ئیبراهیم سەعید، مامۆستای بەشی راگەیاندن لەزانکۆی سلێمانی، ئاماژە بەگرنگیی بوونی ماڵپەڕی وەزارەتەکان دەکات، بەڵام وتی "دەبێت ماڵپەڕەکان ببنە پردی پەیوەندی لەنێوان هاووڵاتیان‌و وەزارەتەکاندا، بەڵام نەیانتوانیوە بەئەرکی راستەقینەی خۆیان هەستن‌و نەبوونەتە پێگەیەکی جەماوەری".

ئیبراهیم سەعید، پێیوایە دەبێت ئەو ماڵپەڕانە تەنیا ماڵپەڕی وەزیر نەبن، وتی "ئەرکی ماڵپەڕەکان وێڕای چالاکییەکانی خۆیان، دەبێت گرنگی بەهاووڵاتیان بدەن، بۆئەوەی بتوانن هاووڵاتیان رازیبکەن".

ناوبراو وتی هەرکات ئیشوکاری هاووڵاتییەک بکەوێتە وەزارەتەکان، پێویستە زانیاریان لەرێگەی ماڵپەرەکانەوە پێبدرێت.

## لیستی سەربەخۆی مامۆستایان:

# تۆمەتی چەپو گۆڕان‌و یەکێتی‌و کۆمۆنیست دەدەنە پاڵمان

دەستوور

ئاکۆ جەمال کەریم، لەدەستەی سەرپەشتیاری لیستی سەربەخۆی مامۆستایان‌و کاندیدی ئەو لیستە بۆ هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان دەڵێت لیستەکانی تر تۆمەتمان بۆ دروستدەکەن‌و لێرەو لەوێ بەکۆمۆنیست‌و چەپو یەکێتی‌و گۆڕان ناوماندەهێنین، بەڵام ئێمە ئەوانە تەنیا تۆمەتن‌و ئێمە داکۆکیکاری مافی مامۆستایانین.

**دەستوور:** گرنگیی دروستبوونی ئەم لیستەی ئێوە لەچیدایە لەکاتێکدای دەیان لیستی تر هەمان بانگەشەی ئێوە دەکەن؟

**ئاکۆ جەمال:** ئەوەی ئێمە تێبینیمانکردووە، بەدرێژایی ئەو ١٩ ساڵەی لەکوردستاندا کەپەروەردە بەدەست کورد خۆیەوە بووە، تێیدا خەڵکی کوردستان لەبەڕێوەبردنی پەروەردەدا رۆڵیان هەبووە، ئەوەی هەستمانپێکردووە، گرفتی گەورەی پەروەردە لەکوردستاندا ئەوەیە حیزب دەستی زۆری هەبووە، لەسیستمی پەروەردە، لایەنەکانی تری پەروەردەدا ئەویش کاریگەرییەکی خراپی کردووەتەسەر پەروەردە بەشێوەیەکی گشتی بەتایبەتیش توێژی مامۆستایان، بۆیە پەیامی مامۆستا پەیامێکی گەورەو پیرۆزە، پێویستە دەستی حیزب بەهەموو شێوەیەک لێی دووربێت، بۆیە هۆکاری لیستی سەربەخۆش مامۆستایان تەنیا ئەوەیە کەبتوانین کارێکی جیاوازتر لەوەی کەهەیە بیکەین، چونکە حیزبەکان مەرام‌و ئامانجی تایبەتیی خۆیان هەیە، بۆیە پێموایە ئەوەندەی حیزبایەتیان کردووە، ئەوەندە خزمەتی پرۆسەی پەروەردەو مامۆستایان نەکردووە، ئێستاش توێژی مامۆستا لەناو کۆمەڵگەدا پەراوێزخراوە، گەیشتووەتە ئاستێک کاریگەریی نەماوە، لەکاتێکدا ئەم توێژە ئەرکی دروستکردن‌و پەروەردەکردنی مرۆڤی کوردە، بۆیە ناکرێت لەژێر رکێفی حیزبدابێت، بەئارەزوی خۆی یاری بەکارەکتەرەکانی ئەم توێژەبکات، بۆیە دروستبوونی ئەم لیستەش ئامانجیەتی ئەم رێکخراوەی کەهەیە لەو چەقبەستووە حیزبایەتی تێیدایە رزگارییبکەین، بیگەڕێنینەوە سەر رێڕەوی راستەقینەی خۆی، کەخزمەتکردنە بەخوێندکاران‌و توێژی مامۆستایان.



ئاکۆ جەمال

**دەستوور:** پەیوەندیتان بەولیستانەوە هەیە کەبەناوی لیستی سەربەخۆوە بەشداری هەڵبژاردندەکەن؟

**ئاکۆ جەمال:** لەڕاستیدا ئەو لیستانەی بەشداریدەکەن، سەرجەمیان سەر بەحیزبن، جگە لەلیستی سەربەخۆی مامۆستایان، نایشارمەوە بەردەوام لەڕاگەیاندنەکانەوە بەئاشکرا ئەوە بەدیار دەکەوێت بەناوی حیزبەکانەوە، ریکلام بۆ خۆیان دەکەن، بەناوی حیزبەکانیشیانەوە دابەزیون، دروشمەکانیان رەنگدانەوەی حیزبەکانیانە.

**دەستوور:** لیستی سەردەمیش بەهەمان شێوەی لیستەکەی ئێوە بانگەشەی هەڵبژاردن دەکات بەناوی سەربەخۆبوونەوە؟

**ئاکۆ جەمال:** ئەوە روون‌و ئاشکرایە کەئەو لیستە باگراوندیان چۆنەو سەر بەچ لایەنێکن‌و چۆنیش پشتگیریدەکرێن، چونکە مادەیەکی زۆر راگەیاندنی باشیان لەگەڵدایە، بۆیە ئەوە دەیسەلمێنێت کەسەر بەبزووتنەوەیەکن لەکوردستاندا، خۆیشیان ئەو خاڵەیان نەشاردووەتەوە، بەڵام دەبێت ئەو راستییە نەشارینەوە لەپێناو کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگی مامۆستادا، رەنگە زۆرکات پەنا بۆ ئەو حاڵەتە ببەن کەسەربەخۆن، بەڵام ئەوە بەپێچەوانەوە دەبینم.

**دەستوور:** باسی دەستێوەردانی حزبیت کرد، گرەنتی چییە ئێوە ئەگەر دەربچن تاچەند حیزب دەست لەکاروبارەکانتان وەرنادات؟

**ئاکۆ جەمال:** بەداخەوە لەکوردستاندا نەک لەپرۆسەی پەروەردەدا تۆمەت دروستکردن بەسەر هاووڵاتیاندا زۆرە، تەنانەت لەبواری راگەیاندنیشەوە ئەگەر کەناڵێک بیەوێت بێلایەنانە کاربکات، ئەوا تۆمەتی بۆ دروستدەکەن، بەوە ناوی دەبەن دەستی لەپشتەوەیە، بۆیە ئێمەیش وایدەبینین لەئێستادا کۆمەڵێک تۆمەتی لابەلامان بۆ دروستبکەن، بەناوی چەپو کۆمۆنیست ناوماندەبەن، یاخود دەڵێن سەر بەبزوتنەوەی گۆڕان‌و یان سەر بەیەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانن، بۆیە ئەمانە هەمووی تۆمەتن، لەڕابردووشدا ئەو خۆپیشاندانانەی کەکراون لەپێناو مامۆستایاندا، ئەم لیستە هەڵگری پەیامەکەیەتی کە دەستەی داکۆکیکردن لەمامۆستایان بووە، درێژەپێدەری ئەو دەستەیەیە کە لە٢٠٠٥/٤/١٠ کەگەورەترین خۆپیشاندانیان لەسلێمانی ئەنجامداو هەموولایەنەکان بەشداریان تێداکرد.

**دەستوور:** لیستەکانی تر داوایان لێکردوون پێکەوە دابەزن؟

**ئاکۆ جەمال:** لەکاتی بەشداربوونمان زۆرلایەن هەبووە، لەبەرئەوەی کاندیدەکانمان سەربەخۆبوون، لەلایەن لیستەکانی ترەوە، داوایانلێکراوە، بۆ نموونە لیستی دەسەڵات داوایکردووە کەکاندیدەکانمان لەلای خۆیان شوێنیان بۆ دەکەنەوە، بەتایبەت لقی سلێمانی، لیستی سەردەمیش پێشنیازیانکرد بەیەکەوە بەشدارییبکەین، بەڵام ئەوەمان قبوڵ نەکرد، بۆیە پێمانوایە ئەوە بچووککردنەوەی دەنگە ئازادەکانە.


**دەستوور:** ئەو رێگریانەی هاتوونەتە رێگەتان چیبوون؟

**ئاکۆ جەمال:** هەمووی ماوەیەکی کەمە رێگەمان پێدراوە، چونکە پێشتر چەندان گرفتیان بۆ دروستکردووین، بۆیە لە٢٠١٠/١٠/٣دا لەلایەن پەرلەمانەوە مۆڵەتمان پێدراو لەکێشەکەیان کۆڵییەوە فشاریان خستەسەر یەکێتیی مامۆستایان ئەوانیش قبوڵیانکرد، جێگەی نیگەرانییە دوای ١٩ ساڵ لەحکومڕانی کوردی پڕوپاگەندەی دیموکراسی‌و ئازادیی رادەربڕین، بۆیە رێگری زۆرە تۆمەت خراوەتە پاڵمان، بەهۆی نەبوونی میدیاوە نەمانتوانیوە وەڵامیان بدەینەوە، لەپەروەردەکانی دەربەندیخان‌و شارباژێڕ رێگری لەکاندیدەکانمانکراوە، بەتایبەت ئەوانەی متمانەیانداوە بەلیستەکەمان، لەلایەن لیستەکانی بەسەر بەدەسەڵاتەوە داوایان لێکراوە پەشیمان ببنەوە لەواژۆکانیان لەگەڵ دروستکردنی چەندان فشاری جۆراوجۆر.

**دەستوور:** تاچەند متمانەتان هەیە دەنگی پێویست بهێنن؟

**ئاکۆ جەمال:** لەناو توێژی مامۆستایاندا گەشبینییەکی زۆر هەیە بەرانبەر بەلیستی مامۆستایان، چونکە ماوەیەکی زۆرە هەڵبژاردن نەکراوە، ئەو رێکخراوەیش بەرپرسیارێتیی خۆی بەرانبەر بەداواکارییەکانی مامۆستان ئەنجامنەداوە، بۆیە پێشوازییەکی زۆر لەم لیستەدەکرێت سەرکەوتنی لیستی سەربەخۆی مامۆستایان نزیکە.


سلێمانی: پاسەوانێک ژووری زیندان بەجێدەهێڵێت، کە ژنێکی تێدا زیندانیيە بەتۆمەتی کوشتنی مێردەکەی


سلێمانی: ژنێک لەنەخۆشخانەی دەروونی، بەهۆی توندوتیژییەوە تووشی نەخۆشیی دەروونی بووە


رانیە: گۆڕستانێک گۆڕی چەندان ژنو کچی تێدایە، کە لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون

توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێمی کوردستان بەردەوامە. کەیسەکان سەرسوڕهێنەرن، کە کوشتنو لێدانو لاقەکردنی تێدایە، زۆرێکیشیان بەناوی ناپاکیی هاوسەرگیرییەوە ئەنجامدراون، یان بەهۆی ناڕازیبوونیان بەوەی بەزۆر شوو بەپیاوێک بکەن. مێینە لەهەرێمی کوردستان هێشتا لەژێر فشاری کۆمەڵایەتیو تانەلێدانی ئەخلاقی دایەو ڕۆژانە سەرکۆنە دەکرێن. وێنەکان بەشێک لەژیانو مەینەتیو ئازاری قوربانییەکان نیشاندەدات، کە ڕۆژانە بەناوی دابو نەریتی عەشایەرییەوە بەئاسانی دەسوتێنرێن، دەکوژرێن، لێیان دەدرێت. لەسەرووی ئەمانەشەوە خەتەنەکردنی مێینە بەردەوامە.

فۆتۆ: ئاژانسی میترۆگرافی بۆ دەستور

METROGRAPHY


هەولێر: دۆسیەی ژنێک کە بەهۆی توندوتیژییەوە خۆی سوتاندووە

www.zivakurdi.org

# توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێمی کوردستان






ڕانیە: کچێکی ١٧ ساڵان فڕێدراوەتە ناو ئاوی دەربەندی ڕانیەوەو پۆلیس بەمردوویی تەرمەکەی دۆزیوەتەوە



سلێمانی: ژنێکی زیندانی تەلەفون لەگەڵ کەسوکارەکەیدا دەکات



سلێمانی: منداڵێک دەگری، کە دایکی بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە لەزینداندایەو سەرقاڵی قسەکردنە لەگەڵ پارێزەرەکەی



www.ararat-kurdi.org

# ٢٥ی نۆڤەمبەر رۆژێک بۆ لەدەرگادانی پرسی توندوتیژی دژی ژنان



دەستوور

کاتێک باسی توندوتیژی لەدژی ژنانو کاریگەرییەکانی دەکرێت، بەردەنگی ئەو کاریگەرییانە تەنیا خودی تاک یان گروپی قوربانی نییە، بەڵکو هەر کردەیەکی توندوتیژ، کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر کۆمەڵگەش دادەنێت. لەتەوەری توندوتیژیدا بەشێوەیەکی هەستپێکراو کەسێک دەبێتە قوربانی، بەڵام بازنەی قوربانییەکانی توندوتیژی نواندن زۆر زیاتر لەتاکێکە. ٢٥ی نۆڤەمبەری هەر ساڵێک رۆژێکە بۆ لەدەرگادانی توندوتیژی لەدژی ژنان، بەڵام کراوەبوونی ئەو دەرگایەو بنبڕکردنی ئەو دیاردەیە، بووەتە پلانی هەمیشەیی زۆربەی حکومەتەکانی جیهان.

**مێژووی ٢٥ی نۆڤەمبەر**

مێژووی ٢٥ی نۆڤەمبەر بۆ مێژووی ژیانی ٤ خوشکی خەباتکار لەوڵاتی دۆمینیکەن دەگەڕێتەوە، ٤ خوشک کە بەخوشکانی میرابال ناوبانگیان دەرکردووەو سێ خوشک لەم خوشکانە بەناوەکانی پاتریا مێرسێدس میرابال، ماریا ئارژانتینا مینێروا میرابالو ئانتۆنیا ماریا تێرازا میرابال لەرۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٦٠ لەلایەن حکومەتی دیکتاتۆریی ئەو سەردەمەی کۆماری دۆمینیکەنەوە کوژران.

چەند ساڵێک دواتر، خوشکانی میرابال بوونە رەمزی توندوتیژی دژ بەژنانو لەساڵی ١٩٩١ ئەوان بوونە رەمزی خەبات دژ بەتوندوتیژی بەرانبەر بەژنان. سەرئەنجام رۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٩ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری بەناوی رۆژی نەهێشتنی توندوتیژی لەدژی ژنان تۆمارکردو لەوەبەدواوە هەموو ساڵێک ئەو رۆژە لەهەموو وڵاتانی جیهاندا یاددەکرێتەوەو خۆپیشاندانو کۆڕوکۆبوونەوە بەوبۆنەوە بەرپادەکرێت.

**توندوتیژیو جۆرەکانی**

تائێستا پێناسەیەکی دیاریکراوو رەها بۆ ناساندنی توندوتیژی لەبەردەستدا نییە، بەڵام لەسەرەتایترین پێناسەدا توندوتیژی رەفتارێکی مەترسیدارە کە شوێنەواری جەستەییو دەروونی لەسەر تاک دادەنێت. واتە توندوتیژی لەدژی ژنان بەهەر چەشنە هەڵسوکەوتێکی توندی گرێدراو بەرەگەزەوە بەستراوە، کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەجەستەو دەروونی ژنانو رەفتارێکی لەوشێوەیە دەتوانێت لەرێگەی هەڕەشەو ناچارکردنو بەرگرتن بەبڕیاردانی ژنان بەئاشکرا یان بەنهێنی بێت.

شێوازی جیاجیای توندوتیژی هەیە، بەڵام لەبنەڕەتدا بەدووشێوە پۆلیبەندی دەکرێن، کە ئەوانیش بریتین لەتوندوتیژی جەستەییو توندوتیژی دەروونی.

توندوتیژیی جەستەیی بەکۆی ئەو هەڵسوکەوتو جووڵانە دەوترێت کە بەشێوەی فیزیکی کاریگەری لەسەر لایەنی بەرانبەر دادەنێتو ئەو کاریگەرییە لەچەندان نیشانەی وەک شکاندنی ئەندامێکی جەستە، بریندارکردنو کوشتنو زۆر نیشانەی دیکە خۆی دەردەخات. لەو شێوازە لەتوندوتیژی ئاسەوارەکانی توندوتیژی بەسەر جەستەی ژنانەوە دەمێنێتو تەنانەت زۆر جار دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک گرفتی جەستەیی. شێوازێکی تری توندوتیژی، توندوتیژی دەروونییە کە لەرواڵەتدا هیچ نیشانەیەک لەخۆی بەجێناهێڵێت. جنێودان، سوکایەتیو توانجخستن لەو توندوتیژییە دەروونیانەن کە کاریگەریی لەسەر دەروونی مرۆڤ دادەنێنو لەهەمانکاتدا سەلماندنیان لەبەردەم دەزگای دادوەریو دادگاکاندا ئەستەمە. هەندێک لەلایەنەکانی توندوتیژیش لەبەشێک لەکۆمەڵگەکان بێدەنگەیان لەبەرانبەردا دەکرێتو توندوتیژی سێکسی یەکێک لەباوترین شێوەکانی توندوتیژییە کە بەهۆی هاتنەئارای کۆمەڵێک مەسەلەی وەک شەرمو شەرەفو حەیاوە بێدەنگەی لێدەکرێ.

باوترین شێوەکانی توندوتیژی، توندوتیژیی خێزانییەو لەم چەشنە لەتوندوتیژیی ژنان لەلایەن کەسانی نزیکیانەوە رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە. باوک، برا، هاوسەرو کەسانی دیکەی بنەماڵە بکەرانی توندوتیژی لەدژی ژنانی ناو بنەماڵەکەنو لەبەشێک لەکۆمەڵگەکانو بەتایبەت لەکوردستان ئەو شێوازە لەتوندوتیژی لەئاستێکی باڵادا بەکردەوە دەردێت.

**هۆکارەکان**

بۆ هەر رووداوێک کۆمەڵێک هۆکار هەیەو پرسی توندوتیژی لەدژی ژنانیش بەدەر نییە لەوباسە. سیستەمی باوکسالاریو کولتووری بەرهەمهاتوو لەو کولتوورە گەورەترینو سەرەکیترین هۆکاری توندوتیژی دژی ژنانەو تەنانەت لەگەمەکانی ناو ئەو سیستەمەدا خودی ژنانیش دەبنە هێزو وزەی توندوتیژنوێن بەرانبەر بەهاوڕەگەزەکانیان.

هۆکارێکی تر بۆ هاتنەئارای توندوتیژی لەدژی ژنان، ئاینە. ئاین لەزۆربەی کۆمەڵگاکان لەگەڵ کولتووردا پەیوەندییەکی دوولایەنەی پەیداکردووەو وەک فاکتەرێکی گرنگ بۆ پراکتیزەبوونو دووبارە بەرهەمهاتنەوەی توندوتیژی بەدژی ژنان رۆڵدەبینێت. لەم تیۆرەدا بەشێک لەبڕیارە ئاینییەکان وەک هۆکارێک بۆ مەشرووعییەتدان بەتوندوتیژی کاردەکەنو لەبەرانبەریشدا هەندێکجار دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان رەنگو بۆنی بڕیارو فەرمانە ئاینییەکان دەگرنەخۆو وەک هۆکارێک بۆ توندوتیژی رۆڵ دەگێڕن.

سیستەمی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی دیکەی توندوتیژی نواندنە لەدژی ژنان. بو وێنە زیندووبوونی سیستەمی عەشیرەتی، بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی کە کولتووری عەشیرە ئەرکی پارێزگاریکردن لەژنان بخاتە ئەستۆی پیاوانو زۆرجاریش لەژێر دروشمی ناموسو شەرەفو پارێزگاریکردن لەو چەمکانە ژنان دەکەنە قوربانی.

یاسا لایەنێکی دیکە یان هۆکارێکی دیکە بۆ زیندووراگرتنو مەشرووعییەت بەخشین بەتوندوتیژی لەدژی ژنان. کاتێک شاهیدی ژن لەدادگا قبوڵناکرێت، کاتێک فرەژنی یاسایی دەکرێت، کاتێک مافی جۆری پۆشین لەژن زەوتدەکرێت، کاتێک ژن بۆی نییە بەشداری تەواو لەپرۆسەی سیاسیو کۆمەڵایەتی بکات، ئەو کاتەیە کە یاسا وەک هۆکارێکو وەک لایەنێکی توندوتیژینوێن دژ بەژنان کاردەکاتو یارمەتی بەبەرهەمهاتنەوەی ئەو واتایە دەکات.

دیارە زۆر هۆکاری دیکەی وەک هەژاریو گیرۆدەبوون بەمادە سڕکەرەکانیش بوونی هەیە، بەڵام هۆکارێکی دیکەش کە زەقەو دەکرێت ئاماژەی پێبکرێت، ناسەربەخۆبوونی ژنان لەباری ئابوورییە. سەربەخۆنەبوونی ئابووریی ژنان ئەوان بەپیاوان دەبەستێتەوەو گرێدراوبوونی ژیانی رۆژانەی ئەوان بەپیاوان ناچار بەبێدەنگبوون لەبەرانبەر توندوتیژییەکانی پیاوانیان دەکات.

**نوێترین ئامارەکان لەبارەی توندوتیژی لەدژی ژنان**

توندوتیژی دیاردەیەکی جیهانییەو بەوڵات یان چەند وڵاتێکی تایبەتەوە گرێنەدراوە. جێگری سەرۆکی لیژنەی سڕینەوەی توندوتیژی لەدژی ژنانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چەند رۆژ لەمەوبەر رایگەیاند ئامارەکان نیشانیدەدات کە توندوتیژی ساڵ لەدوای ساڵ زیادیکردووەو هەربۆیە بۆ رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دیاردە کەمپینێکی جیهانیو هەوڵێکی جیهانی هاوبەش پێویستە. بەپێی وتەی ناوبراو لەهەر سێ ژن یەکێکیان لەلایەن هاوسەر یان ئەندامانی دیکەی بنەماڵەوە دەبنە ئامانجی توندوتیژی جەستەیی، سێکسیو یان شێوازەکانی تری توندوتیژی.

ناوبراو وتی کچانو ژنان لەشوێنە جیاجیاکانی جیهان بەمەبەستی سێکس بازرگانیان پێوەدەکرێتو ساڵانە دوو ملیۆن کچی ٥ تا ١٥ ساڵە کڕینو فرۆشتنیان پێوەدەکرێت.

وتیشی ئەمەریکاو سۆدان لەڕیزی ئەو شەش وڵاتەدان کە تائێستاش کۆنوانسیۆنی ١٩٧٩ی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیان ئیمزانەکردووەو هاوکات ئەو ١٨٦ وڵاتەشی کە ئەو بڕیارننامەیان ئیمزاکردووە بەئەرکە واقعییەکانی خۆیان هەڵناستن.

بەپێی راپرسییەک لەوڵاتی بەریتانیا لەهەر سێ کەس کە سەردانی نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە دەکەن، یەکێکیان بەهۆی توندوتیژیی خێزانییەوە روو لەو شوێنانە دەکات. لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ساڵی ٧٠٠ هەزار ژن بەرەوڕووی دەستدرێژیی سێکسی دەبنەوە. نیوەی کوشتنەکانی ساڵانەی بەنگلادیش پەیوەندی بەو ژنانەوە هەیە کە لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە دەکوژرێن. لەپاکستانو عێراقو ئێران ساڵانە بەسەدان ژن لەلایەن باوک، هاوسەر یان براو خزمو کەسوکارییانەوە دەکوژرێن. بەپێی ئامارێکی بانکی جیهانی لەهەر ٥ ژن یەکێکیان لانیکەم بۆ جارێک بەرەوڕووی توندوتیژی بووەتەوە.

نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختدەکاتەوە لەنێوان ١٠ بۆ ٦٩٪ی ژنانی جیهان بەشێوازی جیاجیا بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوەو ساڵی ٧٠٠ هەزار ژنو منداڵ بەمەبەستی کاری سێکسی قاچاخدەکرێن.

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی لەپرۆسەیەکی لێکۆڵینەوەدا بەو دەرەنجامە گەیشتووە، کە لەهەر ١٨ چرکەدا ژنێک بەرەوڕووی توندوتیژی دەبێتەوەو تەنانەت دووگیانبوون نەیتوانیوە وەک لەمپەرێک لەبەردەم دەستدرێژییەکانی پیاوان رۆڵ ببینێت.

هەر بەپێی هەمان راپۆرت، ٣٠ بۆ ٣٥٪ی ژنانی ئەمەریکا لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە تووشی ئازاری جەستەیی دەبنەوەو ١٥ بۆ ٢٥٪یان لەکاتی دووگیانبووندا تووشی ئەو کارەساتە دەبنەوە. هەروەها لەهەر ١٠ قوربانی سێ کەسیان لەلایەن هاوسەر یان پیاوانی دیکەوە دەکوژرێن.

هاوکات بەپێی نوێترین ئامارەکان ٦٣٪ی ژنانی چیلی بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوەو ٤١٪ی ژنانی هندستانیش بەهۆی ئازاردانی هاوسەرەکانیان خۆیان دەکوژن.

باوترین چەشنی توندوتیژی، توندوتیژیی خێزانییەو بەپێی ئامارێکی نوێی حکومەتی روسیا، کە لەم رۆژانەدا ئاشکراکراوە، لەساڵی ١٩٩٩دا ١٤ هەزار ژن لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراونو ئەوەش لەکاتێکدایە کە لەو وڵاتەدا یاسایەک لەوبارەوە بوونی نییە. لەلایەکیترەوە لەئەفریقیا زۆربەی کوژراوەکان ژنانو لە ماڵەوەو بەدەستی کەسوکاریان دەکوژرێن.

رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی توندوتیژی خێزانی بەبەڵای گیانیی وڵاتانی دواکەوتوو پێناسەدەکاتو باس لەوەدەکات کە لەو کۆمەڵگەیانەدا ژنان وەک کاڵاو دارایی خێزان تێڕوانینیان بۆدەکرێتو هەربۆیە لەسەرەتایترین مافەکان بێبەشدەکرێن.

کۆمەڵگەی عێراق لەو کۆمەڵگەیانەیە کە رێژەی توندوتیژی تێیدا بەرچاوەو هاتنەئارای چەندان جەنگی بەردەوام بارودۆخەکەی خراپتر کردووە. ناسەقامگیری سیاسی وەک فاکتەرێکی گرنگ لەبەردەوامبوونو زیادبوونی ئەو دیاردە رۆڵی بینیوەو تائێستاش ئامارێکی راستەقینە لەئاستی پێشێلکارییەکانی مافەکانی ژنانی عێراقو رادەی توندوتیژی لەو وڵاتە لەبەردەستدا نییە. ئەوەی بۆ باکوری عێراق واتە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، بریتییە لەهەبوونی هەموو شێوازەکانی توندوتیژی، بەڵام بەرچاوترینیان توندوتیژیی خێزانییە کە خۆی لەلێدانو سوکایەتیکردن بە ژنان لەناو خێزانەکاندا دەبینێتەوە، کوشتن لەژێر ناوی شەرەفو ناموس، خەتەنەکردنی منداڵانی کچو چەند شێوازێکی تریش بوونی هەیە.

بانی کی مۆن سکرتێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپەیامێکدا بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٠ەوە داوادەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان لەسەرتاسەری جیهان، دەبێ کەناڵەکانی راگەیاندن، حکومەتەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو بەگشتی سەرجەمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەوڵی زیاترو بەرپرسیارێتیی زیاتر لەئەستۆ بگرنو بەرەنگاری توندوتیژی لەدژی ژنان ببنەوە. دروشمی ئەمساڵی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ٢٥ی نۆڤەمبەر "یەکگرتووبینو نا بەتوندوتیژی بڵێین"ەو ١ ملیۆن چالاکی کۆمەڵایەتی بۆ دژایەتیکردنی توندوتیژی بەو دروشمە لەسەرتاسەری جیهان دەستپێکردووە.

**سەربەخۆنەبوونی ئابووریی ژنان ئەوان بەپیاوان دەبەستێتەوەو گرێدراوبوونی ژیانی رۆژانەی ئەوان بەپیاوان ناچار بەبێدەنگبوون لەبەرانبەر توونودتیژییەکانی پیاوانیان دەکات**



# ئالان لەژێر هەڕەشەی لێدانی مامۆستاکەی دەستی شکا

## خێزانی ئالان هەوڵدەدەن سکالا تۆمار بکەن، بەڵام بەسوڵحی عەشایەری چارەسەرکرا

ئاوارە محەمەد

بەرلەوەی ئالان ببینین‌و قسەی لەگەڵ بکەین، دایکی وتی مامۆستا لێی نەداوە، خۆی لەقوتابخانە کەوتووەو دەستی شکاوە، بەڵام بەڕێوەبەری پەروەردەو مامۆستایەکی قوتابخانەکەش رایدەگەیەنن مامۆستا بەدار دەستی ئالانی شکاندووە.

هەرچەندە پەیامنێری دەستوور ویستی وێنەی ئالان بگرێت، بەڵام دایکی رێگەی نەدا، بەبیانووی ئەوەی پەیوەندیی بەلێدانی مامۆستاوە نییە.

لەقەزای کەلارو لەقوتابخانەی بنگردی بنەڕەتی، مامۆستایەکی ژن بەناوی شەهلا محەمەد عارف دەستی خوێندکارێکی خۆی کە لەپۆلی چوارەمی بنەڕەتییە بەدار دەشکێنێت، دوای ئەوەی خوێندکارەکە توڕەیدەکات.

بنەماڵەی ئالان محەمەد دوای ئەوەی دەستی کوڕەکەیان دەشکێنرێت، هەوڵی ئەوەدەدەن سکالا لەدادگاو بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی گەرمیان بکەن، بەڵام خزم‌و کەسوکاری مامۆستاکە لەگەڵ خێزانی ئالاندا رێکدەکەون‌و بەسوڵحی عەشایەری کێشەکە چارەسەردەکەن.

ئێستا هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتوون ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێبهێنن‌و باسی نەکەن، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیانیش لەگەڵ ئەوەی ئاگاداری ئەو مەسەلەیەن، بەڵام بەدواداچوونی بۆ ناکەن.

مامۆستایەکی ئەو قوتابخانەیە کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەدەستووری وت "مامۆستا شەهلا محەمەد عارف بەهۆی ئەوەی خوێندکارەکە توڕەیکردووە، بەدار لێی دەدات، بەڕادەیەک تا دەستی دەشکێنێت".

دوای ئەوەی دەستی دەشکێت، ئالان دەبرێت بۆ نەخۆشخانەی گشتیی کەلارو نەشتەرگەری بۆ دەکرێت، ئەو مامۆستایە وتی "ئەوەندە شکاوییەکەیی دەستی خراپ بووە، پلاتینیان بۆ دەستی ئەو خوێندکارە داناوە".

هەروەها گێڕایەوە دواتر ماڵی ئەو خوێندکارە، نیگەراندەبن‌و هەوڵی تۆمارکردنی سکالا دەدەن، بەڵام بەسوڵحی عەشایەری کێشەکە چارەسەردەکرێت.

بەبڕیاری وەزارەتی پەروەردە لەم ساڵانەی دواییدا لێدان لەقوتابخانەکان لەلایەن مامۆستایانەوە قەدەغەکراوە، بەڵام تائێستاش هەندێک لەمامۆستایان لێدان وەک فشارێک بەکاردەهێنن لەدژی خوێندکار.

دایکی ئالان بەدەستووری وت "کوڕەکەمان خۆی کەوتووەو لەقوتابخانە دەستی شکاوە، ئەوە راست نییە دەڵێن مامۆستا شەهلا لێیداوە". بەڵام رێگەشی نەدا پەیامنێری دەستوور قسە لەگەڵ ئالاندا بکات‌و وتی "وێنەشی نابێت بگیرێت".

مستەفا رەشید بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی گەرمیان ئاگاداری خۆیانی لەو کێشەیە راگەیاند، بەڵام تائێستا بەدواداچوونیان بۆ نەکردووە.

مستەفا وتی "ئێمە ئاگاداری ئەو کێشەیە بووین، بەڵام هیچ داوایەک یان سکالایەکمان لەلایەن کەسوکاری خوێندکارەکەوە بۆ نەهاتووە، ئەگەر هەر داوایەکی وامان بۆ بهاتایە، بێگومان بەدواداچوونمان لەسەر دەکرد".



ئەو مامۆستایەی قوتابخانەکە وتی "ماڵی مامۆستاکە چەندانجار چوونەتە ماڵی خوێندکارەکە، تا بەسوڵحی عەشایەری چارەسەری کێشەکە بکەن‌و نەگاتە دادگاو پەروەردە".

دەستوور هەوڵیدا مامۆستا شەهلا محەمەد عارف وەربگرێت، بەڵام بەردەستنەبوو.

# ٧٠ مامۆستای سەر بەدەسەڵات کرانە ئەندامی کۆنگرە

## لەهەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایاندا ترسی رێکخراوە سەربەخۆو رێکخراوەکانی سەر بەلایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لەدەسەڵات زیاتر دەبێت

کامەران گۆران لەهەولێر

لایەنی دەسەڵات لەرێگەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانەوە نزیکەی ٧٠ مامۆستای بەپشتبەستن بەپێڕەوی کۆنی ساڵی ١٩٩٢ی یەکێتیی مامۆستایان کردووە بەئەندامی کۆنگرە، ئەوەش ترسی لای رێکخراوەکانی تر دروستکردووە.

بڕیارە ١٢/٢ کۆنگرەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ئەنجامبدرێت‌و نزیکەی ١٢ لیست بەشداریی هەڵبژاردنەکە دەکەن، دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٩٢ەوە هەڵبژاردنی سەرتاسەری بۆ یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ئەنجامنەدراوە.

لەئێستاوە کەمپەینی بانگەشە دەستپێکردووە، رێکخراوەکان کارنامەی خۆیان بڵاودەکەنەوەو لێرەو لەوێش تۆمەتی جۆراوجۆر لەدژی یەکتر هەڵدەبەستن.

عەبدولخالق عەبدولڕەحیم سەرۆکی دەستەی مامۆستایانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان ترسی ئەوەی هەیە لەهەڵبژاردنەکاندا لایەنی دەسەڵات پێشێلکاری بکات، وتی "ئەو هەڵبژاردنانەی لەکوردستان کراون، سەرەتا وتراوە پێشێلکاری ناکرێت، بەڵام دواتر ئەوە کراوە، پێشبینی ئەوەمان هەیە کەپێشێلکاری بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئومێدی ئەوەشمان کەپرۆسەکە بەپاکی بەڕێوە بچێت".

٧ رێکخراوی مامۆستایان ئەوانەی لەدەرەوەی دەسەڵات بوون، پێشتر بۆ رێگریکردن لەپێشێلکاری، داوایان لەپەرلەمانی کوردستان کرد هەڵبژاردنەکە بەڕێوەببەن‌و لەژێر چاودێریی ئەواندا بێت.

سەرۆکی دەستەی مامۆستایانی یەکگرتوو وتی "ئێمە گلەییمان لەبەڕێوەبەری لیژنەکان هەیە، کەفەرمانبەرن‌و سەرپەرشتیی هەڵبژاردن دەکەن لەناو بنکەکانی هەڵبژاردندا، داوامانکرد نابێت بەهیچ شێوەیەک لەبنکەکان بمێنن، بەڵام بەداخەوە بەبیانووی ئەوەی وەکو ئەندامێک لەناو بنکەکانی دەنگدان دەبێت بمێنن".

رێکخراوەکانی سەر بەدەسەڵات گلەیی ئەوە دەکەن کەدوای ئەوەی هەڵبژاردنەکە لە١٢ بازنەوە کرا بەشەش بازنە، نزیکەی ٦٠ تا ٧٠ مامۆستا بەبێ هەڵبژاردن کراونەتە ئەندامی کۆنگرە، ئەو مامۆستایانەش سەر بەلایەنی دەسەڵاتن، بەڵام یەکێتیی مامۆستایان رایدەگەیەنن ئەوە بەپێی پەیڕەوی ساڵی ١٩٩٢ی یەکێتیی مامۆستایان ئەنجامدراوە.

عەبدولخالق وتی "ئەو مامۆستایانە بەبێ هیچ رێزو هەستێک بۆ رێزی مامۆستا دەچنە ناو کۆنگرەوە".

عەبدولواحید محەمەد وتەبێژی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بەڵێنی ئەوەی بەلیستەکانی تردا کەرێگە لەپێشێلکاری دەگرن. وتی "یەکێتیی مامۆستایان یەکێتییەکی پیشەییە، پێشێلکاری کارێکی ناشیرینەو لەپیشەی مامۆستایان ناوەشێتەوە".

هەروەها بەڵێنیدا لێپێچینەوەی توند بکەن لەگەڵ ئەوانەی پێشێلکاری دەکەن.

هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان بەلیستی داخراو دەبێت‌و دەنگ بەلیست دەدرێت، هەڵبژاردنەکان لەشەش بازنە دەکرێت‌و هەر بازنەیەک لیژنەیەکی خۆی هەیە سەرپەرشتیی بازنەکە دەکات.

نزیکەی ٥٥٠ مامۆستاش لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا دەبنە ئەندامی کۆنگرە.

بازنەکانی هەڵبژاردن دهۆکو ئاکرێ یەک بازنەیە، هەولێرو کۆیەو سۆران بوونە یەک بازنە، کەپێشتر بازنەی سەربەخۆبوون، سلێمانی‌و هەڵەبجەو راپەڕین یەک بازنەیە، گەرمیان‌و خانەقین یەک بازنەو چەمچەماڵ‌و کەرکوکیش بازنەیەکو هەروەها موسڵیش بازنەیەکی سەربەخۆیە.

ئەو لیستانەی زۆرترین ململانێ لەنێوانیاندا هەیە بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین کورسی، مامۆستایانی یەکێتی‌و پارتی بەناوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان‌و یەکگرتوو و کۆمەڵ‌و لیستی مامۆستایانی سەردەمیش کە لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕان‌و لیستێکی سەربەخۆش هەیە لەلایەن ئەو مامۆستایانەوە پێکهێنراوە، کە ساڵی ٢٠٠٥ مانگرتنی سەرتاسەرییان راگەیاند.

پێشتر بڕیاربوو هەڵبژاردن لەدوازدە بازنە ئەنجامبدرێت‌و هیچ بازنەیەکیش دەنگی بۆ بازنەکانی تر نەڕوات، بەڵام دواتر لەژێر فشاری لیستە بچووکەکان ئەوە رەتکرایەوە.

ئەحمەد کەرکوکی سکرتێری مامۆستایانی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان وتی "ئەندامانی ئەو دوازدە بازنەیە، کەکرا بەشەش بازنە، بوونە ئەندامی کۆنگرە بەبێ هەڵبژاردن‌و ژمارەیان زیاتر لە١٦٠ مامۆستا بوو، ئێمە لەوە ناڕازیبووین هەڵوێستمان هەبوو، تەنانەت بایکۆتمانیش دەکرد، دواتر بوو بەشەش بازنە، هەروەها لە١٦٠ ئەندامەوە کرا بەزیاتر لە٦٠ ئەندام".

مامۆستایانی یەکگرتوو بەلیستێکی سەربەخۆ دادەبەزن، رایدەگەیەنن هەر پێشێلکارییەک بکرێت، لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە بڵاویدەکەنەوە.

سکرتێری مامۆستایانی کۆمەڵ دەڵێت، لەسەر ئەوەش رێکەوتوین ئەگەر دنگەکانی لایەنێک لەهەر شەش بازنەدا ئەو دەنگانەی کەدمینێتەوە هەمووی کۆدەکرێتەوە ئەگەر بگاتە کورسییەک ئەوە دەدرێتە لیستەکە.

سکرتێری مامۆستایانی کۆمەڵ وتی دەبێت رێگەنەدەین پێشێلکاری‌و ساختەکاری بکرێت، بەتایبەت لەلایەن هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەو میکانیزمانەی کەدانراون تا بتوانین لەگەڵ لایەنەکان ببینە چاودێرێکی بەهێز.

لیستی مامۆستایانی سەربەخۆ بۆ یەکەمجارە لەهەرێمی کوردستان خۆی رادەگەیەنێت‌و بەشداریی هەڵبژاردنی ئەمجارەی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان دەکات، ئەم لیستە لەلایەن چەند مامۆستایەکەوە پشتگیریدەکرێت.

مامۆستا عەلی عومەر ئەندامی دەستەی لیستی سەربەخۆی مامۆستایان لەلێدوانێک بۆ دەستوور وتی "دەمانەوێت داکۆکی لەبەرژەوەندیی مافەکانی مامۆستا بکەین دوور لەدەستتێوەردان‌و رێنمایی هیچ لایەنێکی سیاسی لەکوردستان".

عەلی وتی "ئەو شێوازە هەڵبژاردنەی کەپێشتر لەکوردستان هەبووەو ئەو یەکێتیی مامۆستایانە لەخزمەت‌و بەرژەوەندیی مامۆستا کاریان نەکردووە، تەنیا وەک هۆکارێک بوونە بەدەست حیزبەوە بۆ فشار بۆ سەر خودی مامۆستایان‌و رازیکردنی بەرژەوەندیی حیزبی لەناو خودی مامۆستاکانەوە".

ئەندامەکەی دەستەی مامۆستایانی سەربەخۆ پێشبینیدەکات هەردوو حیزبی دەسەڵات پێشێلکاری‌و دەستتێوەردان بکەن، وتی "ئەوە ئەگەرێکە پێیهەڵدەستن، بەڵام تاچەند تاکی مامۆستا هۆشیارتر بێت‌و رۆشنبیرتر بێت لەداکۆکیکردن لەمافەکانی خۆی، ئەوەندە گاڵتەکردن بەهەڵبژاردن‌و پرۆسەکە کەمتردەبێت".

لیستی سەربەخۆ تەنیا لەهەرسێ بازنەی گەرمیان‌و سلێمانی‌و هەولێر بەشدارن‌و ٤٠ کاندیدیان هەیە.



ململانێی هەڵبژاردن مامۆستایانیشی گرتەوە

## ١٣٠٠ مامۆستا داوای کۆلێژ دەکەن


دەستوور

ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستای سەرەتایی ئەوانەی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانیان تەواوکردووە، داوا لەپەرلەمانی کوردستان دەکەن کە کۆلێژێکی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بواریان بۆ بڕەخسێت جارێکی تر بخوێننەوە.

لەنووسراوێکدا کەئیمزای ١٣٠١ مامۆستای سەرەتای لەسەرەو کۆپییەکی دەست دەستوور کەوتووەو ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کراوە، داوا دەکەن پەرلەمانی کوردستان‌و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا هەوڵی کردنەوەی کۆلێژی بنەڕەتی بدەن بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن بخوێننەوە.

لەنووسراوەکەدا هاتووە "لەکاتی خۆیدا بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی کەهەرێمەکەمانی پێدا تێپەڕی‌و بەهۆی خراپیی سیستمی وەرگرتن (قبول مەرکەزی)، نەمانتوانی نمرەی پێویست بۆ چوونە ناو زانکۆکان بەدەستبهێنین، تائێستاش کێشەی وەرنەگرتنەوەمان لەزانکۆ گەورەترین خەمەکانی ئێمەیە".

هەروەها داوا دەکەن کە پەرلەمان داوا لەوزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بکات بەکرنەوەی کۆلێژێک بەناوی (کۆلێژی بنەڕەتی ئێواران) لەزانکۆکانی کوردستانداو هاتووە "تائێمەش هەر ئارەزوومەندەو بتوانێت بەپێی پسۆڕی‌و بەشەکەی خۆی درێژە بەخوێندن بدات".

# قەیرانی نوێی عێراق لەمالیکییەوە بۆ عەلاوی

## دوای چارەسەرکردنی کێشەی مالیکی، دابەشکردنی پۆستەکانو رادەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی، کە بڕیارە عەلاوی ببێتە سەرۆکی، قەیرانی بەڕێوەبردنی عێراق درێژ دەکەنەوە

هیوا سەلیمی

رابەرانی سیاسیی عێراق لە١١ی نۆڤەمبەردا لەدەوری یەک کۆبوونەوە، رێککەوتن کە پۆستەکان دابەشبکەنو حکومەتێکی هاوبەشی راستەقینە پێکبهێنن، بەڵام تائێستاش قەیرانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بەردەوامە. کێشمەکێشو ململانێکانی ئەمجارەیان لەسەر چۆنێتیی دابەشکردنی پۆستەکانو رادەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی عێراقەو هاوکات شەڕی شاراوەی ئێرانو ئەمەریکا لەسەری نفوزی زیاترو راگرتنی باڵانسی هێز، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە.

**چۆنیەتیی دابەشکردنی پۆستەکانی کابینەی نوێی حکومەت هەرای ناوەتەوە**

رابەرانی سیاسیی عێراق لەسەر زەمینەی ٨ مانگ ململانێو کێشمەکێشی بێ سەرئەنجامو بەپێشنیازی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەدەوری یەک کۆبوونەوەو لەسەر کۆمەڵێک خاڵی گشتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق رێکەوتن. دواتر یەکەمین کۆبوونەوەی خولی نوێی پەرلەمانی عێراق بەبەشداری هەموو لایەنە سیاسییە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردنەکەی ٧ی ئازار پێکهاتو بەکردەوە پرۆسەی سیاسیی عێراق پێینایە قۆناغێکی نوێوە. لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەڕای هەموو ناکۆکیو کێشمەکێشەکان، سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێرانو بڕیاریشدرا بەپێی رێکەوتنی پێشووتر دامەزراوەیەکی نوێ بەناوی ئەنجومەنی باڵای سیاسی پێکبێتو سەرۆکایەتییەکەی بەئەیاد عەلاوی بسپێرێت. ئەو هەنگاوانە نەیتوانی کۆتایی بەناکۆکییەکان بێنێتو ئێستا چۆنییەتیی دابەشکردنی پۆستەکانی کابینەی نوێی حکومەتو رادەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی، بووەتە گۆڕەپانێکی نوێی ناکۆکیو دژایەتیکردنی لایەنەکان لەدژی یەکتر.

وەزارەتەکانی نەوت، دارایی، بەرگری، ناوخۆو وەزارەتی دەرەوەی عێراق، پۆستە سیادییەکانی حکومەتی عێراقنو زۆربەی مشتومڕەکان لەچوارچێوەی داواکاری بۆ وەرگرتنی ئەو وەزارەتانەیە. عەبدولکەریم سامەڕایی سەرکردەی لیستی عێراقییە وتی "بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لیستی عێراقییە خاوەنی ٩١ کورسیی پەرلەمانییە، دەبێ بەشێکی زۆری وەزارەتەکانی پێبدرێتو لەو نێوەدا خوازیاری وەرگرتنی پۆستێکی سیادیو دوو پۆستی باڵای ئەمنین". دەڵێت خوازیاری بەدەستەوەگرتنی یەکێک لەپۆستەکانی وەزارەتی دارایی یان نەوتن، بەڵام وەزارەتی داراییان پێباشترە.

ئەو لێدوانەی سامەڕایی لەکاتێکدایە هەریەک لەتاڵەبانیو مالیکی رایانگەیاندووە پۆستە ئەمنییەکان بەکەسانی سەربەخۆو تەکنۆکرات دەدرێت.

لای خۆیەوە وەحدە جەمیلی لەنوێنەرانی سەر بەلیستی عێراقییە بەحەیاتی راگەیاند سێ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق، نەوتو دارایی بۆ عێراقییە پێشنیازکراوەو پێدەچێت لیستەکەیان ساڵح موتڵەگ بۆ پۆستی وەزارەتی دەرەوەی عێراق کاندید بکات. هەرچەند ئەوەشی نەشاردەوە ئەو پێشنیازە تەنیا لەچوارچێوەی قسەدایەو هێشتا بەشێوەی رەسمی داواکاری لەوشێوەیە پێشکەشنەکراوە.

هاوکات ئاژانسەکانی هەواڵ باس لەمشتومڕی لایەنی کوردیو عێراقییە بۆ بەدەستەوەگرتنی وەزارەتی دارایی دەکەن، بەڵام تائێستا ئەو مشتومڕە لەچوارچێوەی لێدوانە رۆژنامەوانییەکانەو مەحمود عوسمان ئەندامی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان راگەیاندووە تائێستا لایەنی کوردی هیچ داخوازییەکی رەسمی بۆ وەرگرتنی پۆستێکی دیاریکراوی پێشکەش بەهاوپەیمانیی نیشتمانی نەکردووە.

لەلایەکی ترەوە رەوتی سەدر پێداگری لەسەر وەرگرتنی پۆستێکی باڵای ئەمنی دەکاتو تەنانەت ئاماژەبەوەش دەکرێت یەکێک لەمەرجەکانی رەوتی سەدر بۆ پشتیوانیکردن لەمالیکی، پێدانی پۆستێکی باڵای ئەمنییە بەو لایەنە. ئەوەش لەکاتێکدایە حکومەتی ئەمەریکا بەتوندی دژایەتیی ئەو مەسەلەیە دەکاتو پێدەچێت هەوڵەکانی مالیکی بۆ پێدانی پۆستە ئەمنییەکان بەکەسانی سەربەخۆ لەچوارچێوەی فشارەکانی حکومەتی ئەمەریکادا بێت.

نوری مالیکی بۆ دەربازبوون لەقەیرانی دابەشکردنی پۆستەکانو رازیکردنی هەموو لایەنە سیاسییەکان، دەیەوێت ٤١ وەزارەت دابمەزرێنێو ئەو شێوازەش لەپێکهێنانی حکومەت دووبارەکردنەوەی ئەزموونی حکومەتی لوبنانە، کە شێوازێکی شکستخواردووەو نەیتوانیوە چارەسەری قەیرانەکان بکات.

لێکۆڵەرانی سیاسی لەو بڕوایەدان دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای ئینتمای تایفیو مەزهەبی دەتوانێت کاریگەرییەکی خراپ لەسەر رەوتی سیاسیی عێراق دابنێتو داهاتووێکی ناسەقامگیرو قەیراناویی بەسەر عێراقدا بسەپێنێت.

**رادەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی ئاشکرا نییە**

ئەیاد عەلاوی ئامادەنەبوو واز لەداخوازی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتیی حکومەت بهێنێتو لەسەر پێشنیازی ئەمەریکاو بەئاراستەی کەمکردنەوەی رادەی نفوزی ئێران لەعێراقدا بوو، کە حکومەتی ئۆباما پێشنیازی ناوەندێکی نوێ بەناوی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی عێراقی کرد. ئەگەرچی لەپرۆسەی کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا رێکەوتن لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای سیاسی کرا، بەڵام وردەکاریی رادەی دەسەڵاتەکانی ئەو ئەنجومەنە دیارینەکراو بۆ کۆبوونەوەکانی دواتری پەرلەمان دواخرا. هاوکات بەشێکی بەرچاو لەئەندامانی هاوپەیمانیی نیشتمانی لەچەند خاڵە بچووکەکەی رێکەوتنی مالیکی لەسەر ئەنجومەنی باڵا نارازینو پێیانوایە مالیکی بۆ مانەوە لەدەسەڵاتدا، ئامادەیە هەموو شەرمەزارییەک قبوڵبکات.

لەڕێکەوتننامەکەی نێوان رابەرانی سیاسیی عێراق لەبارەی ئەنجومەنی باڵای سیاسیدا هاتووە ئەنجومەنی باڵا لە١٠ ئەندامی هەمیشەیی پێکهاتوو لەسەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم دەبێتو لەلایەن ئەیاد عەلاوییەوە سەرۆکایەتیی دەکرێت.

لیستی عێراقییە پێیوایە دەبێت ئەنجومەنی سیاسی توانای بڕیاردانی هەبێتو لەبەرانبەردا ئەندامانی هاوپەیمانیی نیشتمانی جەختدەکەنەوە ئەو مەسەلەیە دژی دەستوورەو دەبێت ئەنجومەنی سیاسی تەنیا رۆڵی راوێژکار ببینێت.

رابەرانی ئیئتیلافی هاوپەیمانیی نیشتمانی قبوڵی دەسەڵاتێکی هاوشێوەی دەسەڵاتی سەرۆک وەزیران بۆ ئەنجومەنی باڵای سیاسی ناکەنو لەبەرانبەریشدا ئەندامانی لیستی عێراقییە هەڕەشەدەکەن لەئەگەری جێبەجێنەکردنی داخوازییەکانیان، لەپرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دەکشێنەوە.

چاودێرانی سیاسیی عێراقو ناوچەکە پێیانوایە ئێستا رادەی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای سیاسی، بووەتە گۆڕەپانێکی دیکەی بەردەوامبوونی قەیرانەکانو نوری مالیکیش دەیەوێت کەمتر خۆ لەقەرەی ئەو مەسەلەیە بدات، بۆ ئەوەی بەخێرایی حکومەت پێکبێتو لیستی عێراقییە لەبیانووگرتنو هێنانەئارای مەرجەکان چەکبکات.

**ئێرانو ئەمەریکا سەرقاڵی شەڕێکی شاراوەن**

حکومەتی ئێران لەڕۆژی یەکەمی روخانی حکومەتی بەعسەوە بەشداریی لەوەرگرتنی پشکی خۆی لەعێراقدا کرد. بەپێچەوانەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە کە پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ عێراقدا پچڕاند، ئەو نفوزی زیاتر کردو پەیوەندییەکانی لەهەموو رووەکانی سیاسیو ئابووریدا پەرەپێدا.

ئەگەر ئێران نەبووایە هیچ کات لایەنە سیاسییەکانی شیعە نەیاندەتوانی بەڕێکەوتن لەناوخۆیاندا بگەنو لەکاتێکدا هەموو لایەک پێیانوابوو مالیکی پەراوێزکەوتووە، ئێران چالاکییەکانی زیاترکردو سەرئەنجام رێکەوتنی لەنێوان لایەنە شیعەکاندا دروستکردەوە.

رۆژنامەی حەیاتی چاپی لەندەن لەوبارەیەوە نووسیویەتی "ئێران براوەی هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئازاری عێراقەو ئێستا نفوزی ئێران لەعێراقدا بووەتە کارتێکی بەهێز لەبەرانبەر ململانێکانی ئەو وڵاتە بەرانبەر ئەمەریکاو وڵاتانی خۆرئاوایی لەبارەی کۆمەڵێک پرسی وەک قەیرانی ئەتۆمیو مافی مرۆڤەوە". رۆژنامەکە لەدرێژەدا دەنووسێت ئێران لەسەرەتای هەڵبژاردنەکاندا شکستیهێناو دواتر بەپەلە ئەو شکستەی قەرەبووکردەوە، ئێستا دەوترێت ئەمەریکا دەیەوێت بەدامەزراندنی دامەزراوەیەکی نوێ بەناوی ئەنجومەنی باڵای سیاسی، بەر بەنفوزی ئێران بگرێتو هاوسەنگیی هێز دروستبکات. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا مالیکی لەبەڵێنەکانی وەفادار دەبێتو بەڕێکەوتنەکانەوە پابەند دەبێت؟

پێدەچێت بەیەکلاییبوونەوەی پۆستی سەرۆکایەتیی حکومەتو بردنەوەی ئێران لەیارییە سیاسییەکانی عێراقدا، ئەمەریکا بیەوێت بەپشتیوانیکردنی عێراقییە بۆ وەرگرتنی پۆستە سیادییەکانو سەپاندنی دەسەڵاتی زیاتر بەئەنجومەنی باڵای سیاسیی عێراق ئەو شکستە قەرەبووبکاتەوە.

هاوکات ئەڵتەرناتیڤێکی دیکەش لەبەردەستی ئەمەریکادایەو ئەویش هێشتنەوەی بەشێک لەسوپای ئەمەریکایە لەعێراقدا بۆ بەرگرتن بەلەدەستدانی هەموو بەرژەوەندییەکانی لەعێراق.

جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکا لەنوێترین وتاری خۆیدا کە لەنیویۆرک تایمزدا بڵاوکراوەتەوە داوادەکات سوپای ئەمریکا لەعێراقدا بمێننەوە، لەبەرئەوەی هێشتا گرفتە ئەمنییەکان بەتەواوی چارەسەرنەکراون.

لێکۆڵەرانی سیاسی پێیانوایە هاتنەئارای ئەو باسە بەمانای هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ بەرگرتن لەنفوزی زیاتری ئێرانو هەوڵدانە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لەعێراقدا. واتە ئەمەریکا نەهاتووە رۆڵەکانی بەکوشت بداتو هەروا بەدەستی خاڵی بگەڕێتەوەو عێراق بخاتە ئامێزی ئێرانەوە.

بەڵام ئەنجامی ئەو شەڕە شاراوەیەی ئێرانو ئەمەریکا، لاوازبوونی زیاتری حکومەتی عێراقیو بەردەوامبوونی قەیرانەکانی لێدەکەوێتەوە.

## پرۆفایل

ئا: هیوای سەلیمی



### شێخ هاشمی دەباغ ئەو پیاوە ئاینییەی شیعە کە شیوعیی بەدوژمنی سەرەکی پێناسەدەکرد

شێخ هاشمی دەباغ ساڵی ١٩٣٤ لەشاری کازمینی عێراق لەدایکبووەو بنەماڵەکەی سەر بەعەشیرەی خەزاعە لەناسراوترینو کۆنترین عەشیرەکانی ئەو ناوچەیە بوون.

شێخ هاشم لەدوای تەواوکردنی خوێندنی سەرەتاییو دواناوەندی لەشاری کازمین، بەمەبەستی خوێندن بۆ مامۆستایی چووە پەیمانگاو هاوکات دەستیدایە خوێندنی ئاینی لای مامۆستا ئاینییە ناسراوەکانی ئەو سەردەمە. مامۆستا ئاینییەکانی شێخ هاشم بریتیبوون لەشێخ عەبدولحسێنی خالسی، شێخ محەمەدی عاملیو لەسەردەستی شێخ محەمەدی خالیسی بووە مەلا.

ساڵی ١٩٦٠ بووە مامۆستای قوتابخانەو بەپێشنیازی ئایەتوڵا خالسی بەجلی مەلایەتییەوە دەچووە قوتابخانە. دواتر بووە ئەندامی ئەنجومەنی زانستی ئاینیی شاری کازمینو هاوکات سەرپەرشتیی کتێبخانەی سەرەکیی ئەو شارەشی دەکرد. لەساڵی ١٩٦٨دا بووە سکرتێری "جمعیت التوحید"و بۆ چەند ساڵێک وەک سەرۆکی ئەو رێکخراوە ئاینییە کاریکرد.

شێخ محەمەدی خالسی مامۆستای پێشووی ئاینیی ناوبراو بەهۆی چالاکیی سیاسی لەعێراقدا دەرکراو دوای ٢٧ ساڵ مانەوە لەئێران گەڕایەوە بۆ عێراق. لەدوای گەڕانەوەی بۆ کازمین شێخ هاشمی دەباغ بووە هاوڕێیەکی نزیکی ئایەتوڵا خالسیو شان بەشانی یەکتر دەستیاندایە چالاکیی سیاسی. شێخ هاشم بەشداری لەشەڕی چەکداری لەدژی شیوعییەکانی عێراقیدا کردو یەکێک لەو کەسانە بوو، کە لەشەڕە سەختەکەی نێوان شیعە ئیسلامییەکانو شیوعییەکانی عێراقدا رۆڵێکی کاریگەری بینی. شێخ هاشم جیا لەحکومەتی ناوەندیی عێراق، شیوعییەکانی بەدوژمنی سەرەکیی پێناسە دەکردو لەشەڕو ململانێیەکی بەردەوام لەگەڵ ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراقدا بوو.

شێخ هاشمی دەباغ لەسەردەمی حکومەتی فەیسەڵی دووەمدا دەستگیرکراو لەزینداندا مایەوە.

پاش هاتنی ئایەتوڵا خومەینی بۆ عێراق چاوپێکەوتنی لەگەڵ ناوبراودا ئەنجامداو بووە یەکێک لەکەسە نزیکەکانی ئایەتوڵا خومەینیو بیروباوەڕەکانی.

لەدوای هاتنەسەرکاری حکومەتی بەعس، چەندان جار لەلایەن حکومەتەوە لێپرسینەوەی لێکراو دواتر دەزگای ئەمنیی حکومەتی بەعس سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی وڵات لەناوبراو قەدەغەکردو بەناچاری هەڵهات بۆ سوریا. پاش راکردنی بۆ سوریا بڕیاری لەسێدارەدانی لەلایەن حکومەتی بەعسەوە پەسەندکراو بەشێوەیەکی بەرچاو دەستیدایە چالاکیی سیاسی.

شێخ هاشم پاش چەند ساڵێک مانەوە لەسوریاو لەساڵی ١٩٨١ چووە ئێرانو لەوێ نیشتەجێ بوو. لەئێراندا دەستیدایە نووسینی کتێبو وتارو بەدەیان کتێبی لەبارەی ئیسلامو خەباتی ئیسلامییەوە نووسی. هەر لەئێراندا بوو کە بەشداریی لەپرۆسەی پێکهێنانی حیزبی بزووتنەوەی ئیسلامی عێراقی کردو یەکێک لەدامەزرێنەرانی ئەو رێکخراوە بوو. بزووتنەوەی ئیسلامیی عێراق ساڵی ١٩٨٢ لەژێر هەژموونی حکومەتی ئێرانیدا پێکهاتو چەندان کەسایەتیی ناسراوی شیعەی عێراقی بوونە ئەندامی ئەو رێکخراوە.

جیا لەکاری سیاسی، ناوەندێک بەناوی ناوەندی بەڵگەنامەکانی ئیمام خالسی دروستکردو لەو رێگەیەوە هەموو نووسراوەکانی ئایەتوڵا خالسی کۆکردەوە.

شێخ هاشم دەباغ بەرهەمی زۆرە، بەڵام گرنگترین کتێبەکانی ناوبراو بریتین لەاسلامنا، الشیعه الامامیەو التوحید الخالص، مع اللّه، الفائزون، الیهود، الرجعیه این؟، النجاه فی الاقتصاد الاسلامیه، حقیقه الشیعه و التشیع، الجمعه و الجماعه و الجامع، ایات اللّه فی الافاق و الانفس، صفحات مشرقه من الجهاد الدینی و السیاسی لعلما العراق.

حکومەتی ئێران لەساڵەکانی مانەوەی شێخ هاشم لەئێراندا رێزی زۆری لەناوبراو دەگرتو لەبەرانبەردا ناوبراویش هەموو هەوڵی خۆیدا پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ئێرانو کەسایەتییە سیاسیو ئاینییەکانی شیعەی عێراق باشترو گەرموگوڕتر بکات. شێخ هاشم بڕوای تەواوی بەتیۆری ویلایەتی فەقیهی ئێرانی هەبووەو خۆی بەیەکێک لەقوتابیانی قوتابخانەی ئایەتوڵا خومەینی دەزانی.

سەرئەنجام ناوبراو لەساڵی ٢٠٠٨ لەیەکێک لەنەخۆشخانەکانی شاری رەی نزیکی پایتەختی ئێران بەنەخۆشی کۆچی دوایی کرد.



# سیاسەتەکانی سعودییە لەعێراقدا شکستی هێناو ئێران سەرکەوتنی بەدەستهێنا

ئازاد رەحمانی



ماوەیەک لەوپێش بوو، کە شای سعودییە بانگهێشتی سەرۆک کۆماری عێراقو لایەنە سیاسییەکانی ئەو ولاتەی کرد تا بچنە سعودییەو لەوێ چارەسەرێک بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق بدۆزنەوە. کاتی پێشنیازەکەی سعودییە نیشانیدەدات کە ئەوانیش تێگەیشتوون سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا بەبنبەست گەیشتووە.
پێشنیازەکەی سعودییە پاش ئاشکرابوونی نیشانەکانی توانای بالآتری ئێران لەعێراقدا پێشکەشکراو رێک دوای سەفەرەکەی نوری مالیکی بوو بۆ تاران. سعودییە هەست بەوەدەکات ئەمەریکا بێدەنگە لەئاست پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسیی عێراق لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە، بەڵام لێکدانەوەی سعودییە لەئاستی دەسەڵاتەکانی ئێران لەعێراقدا ساویلکانەیە. کێشەکە لەوەدایە کە تەنیا ئێران نایەوێت نفوزی خۆی لەعێراقدا زیادبکات، بەڵکو چەندان لایەنی دەرەکیی دیکەش لەهەوڵدان بەشێک لەبەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بۆ خۆیان بدزن. لاوازبوونی نفوزی ئەمەریکا لەعێراق بۆ لاوازبوونی گروپی خوێندنەوە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق دەگەڕێتەوە.
پێش ئەوەی ئەمەریکا لەسەردەمی بوشدا سیاسەتی زیاکردنی سوپا پەیڕەوبکات، دەزگای سیاسەتی دەرەکیی واشنتۆن بڕیاری دا لیژنەیەک یان گروپێک بەسەرۆکایەتیی جەیمز بیکەو لی هاملتۆن پێکبهێنێتو لەو رێگەیەوە باشترین سیاسەتەکان بۆ عێراق دابڕێژرێت. لەساڵی ٢٠٠٦ بوو کە گروپی ئاماژەپێکراو پێکهێنراو ئەندامانی ئەو گروپە کەسانی شارەزا لەکاروباری سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوونو لەڕاوێژکارانی باڵای حکومەتی ئەمەریکا بوون. رێگەچارەی پێشنیازکراوی ئەوان ئەوەبوو، ئەمەریکا لەعێراق بکشێتەوەو پشکێکی یەکسان بەهەموو گەمەکەرە ناوچەییەکان لەعێراقی نوێدا بدرێت.
ئێستا بینەری دەرئەنجامی ئەو راوێژە ناتەواوو هەڵەیەی گروپی ناوبراوین. حکومەتی ئێستای ئەمەریکا پلانێکی تۆکمەی لەبارەی عێراقەوە نییە، ناتوانێت لەبەڵێنەکانی لەبارەی کشانەوەی سوپا پاشگەزبێتەوەو ئۆباما لەهەوڵدایە درێژە بەپلانە پێشنیازکراوەکانی رابوردووی ئەو گروپە بدات.
بەپێی ئەو سیاسەتە، هەموو دراوسێکانی عێراق بۆ بەهرەمەندبوون لەبەشێکی دەسەڵات بانگهێشتکراون، بەڵام بەشێکیان باشتر لەوبارەیەوە کاردەکەن. حکومەتی ئێران سیاسەتێکی دروستو گونجاوی گرتووەتەبەرو بەئەنجامە دڵخوازەکانی گەیشتووە، بەڵام سعودییە لەو بوارەدا سەرکەوتنی بەدەستنەهێناوە. سعودییەکان لەترسی نفوزی زیاتری ئێران بێدەنگییان هەڵبژاردووە، پاشەکشەیانکردووەو هاوکات ئامادەی هاوکاری نین لەگەڵ نوری مالیکی. هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنەکەی مانگی ئازار، مالیکی هەوڵیدا لەسعودییە نزیکبێتەوە، بەڵام ئەو هەوڵانە هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە. سعودییەکان بەئاشکرا رایانگەیاند ئامادەنین هاوکاریی مالیکی بکەنو ئەوان روویان لەئەیاد عەلاوی کرد. سورییەکانیش هەروەک سعودییە، پشتیوانیان لەعەلاوی دەکرد تا بەشێوەیەک هاوسەنگیی هێز رابگرنو قورسایی ئێران کەمتربکەنەوە. بەلەبەرچاوگرتنی بڕیاری ئەمەریکا بۆ کشانەوە لەعێراقو کەوتنە مەترسی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا، سوریا ئامرازێکی بۆ کێبەرکێ لەبەردەم ئێراندا نییەو لەهەوڵدایە لەڕێگەی پشتیوانیکردن لەتیرۆریزمەوە ژیانی سیاسیی مالیکی تێکبدات.
بڕیارەکەی سعودییە بۆ پشتیوانی نەکردن لەمالیکی، نیشانیدا چ لێکدانەوەیەکی هەڵەیان بۆ بارودۆخی سیاسیی عێراق هەیە. مالیکییەک کە هەموو کەس پێیوابوو تەواوبووە، لەناکاو زیندووبووەوەو بۆ جارێکی تر سەرۆکایەتیی حکومەتی وەرگرتەوە. بەڵام چانسی عەلاوی هەر لەسەرەتاوە لاوازبووە، ئەمەریکاش بەباشی ئەو شتەی دەزانیو سوریاش هەر بەو هۆکارە لەمانگی سێپتەمبەرەوە رێگەی خۆی لەسیاسەتەکانی سعودییە جیاکردەوە. لیستی عێراقییە لیستێکی درێژ لەسوننەکانەو سوورییەکان زۆر زوو هەستیان بەوەکرد عەلاوی نابێتە سەرۆکی حکومەتو هیچ چانسێکی لەوبارەیەوە نییە.
سعودییەکان گومانیان لەوەبوو نوری مالیکی کاندیدی یەکەمی ئێرانییەکان بێت بۆ سەرۆکایەتیی حکومەت. مالیکی لەسەردەمێکدا بەشێک لەشیعەکانی سەرکوت کردو بەو رەفتارەی دژایەتیی ئێرانی کردو لەئێرانییەکان دوورکەوتەوە. سعودییە گرنگی بەمالیکی نەداو دوورکەوتنەوە لەمالیکی بواری بەحکومەتی ئێران دا تا پەیوەندییەکانی لەگەڵ نوری مالیکی نۆژەنبکاتەوەو بۆ جارێکی تر مالیکی کەوتەوە ژێر چەتری پشتیوانیی ئێران.
بەپێچەوانەی سعودییەکان، ئێرانییەکان بەشێوەیەکی زۆر زیرەکانە بەهەموو کارتەکانیان یارییان کرد. ئەوان دەیانزانی هیچ یەک لەلایەنە شیعەکانی لایەنگری ئێران، ناتوانێت بەتەنیا حکومەت پێکبهێنێتو بەو ئەنجامە گەیشتن باشترین رێگە ئەوەیە مالیکی بمێنێتەوەو لەبەرانبەردا بەشێوەیەک موقتەدا سەدر تێکەڵ بەکابینەکەی مالیکی بکرێت. ئێران بەوێنەی حیزبوڵای لوبنان، حسابی هاوپەیمانێکی ستراتیژیی بۆ رەوتی سەدر دەکاتو لەو رێگەیەوە باشترین کارتی لەبەردەستدایەو دەتوانێت کاریگەریی سیاسەتەکانی ئەمەریکا کەمبکاتەوە.
یان دەوڵەتی ئۆباما لەسیاسەتەکانی سعودییە ئاگادارنەبووە، یان لەوە خراپتر نەیتوانیوە کۆنترۆڵی هێڵی سیاسەتەکانی سعودییە بکات. لەهەر دوو حاڵەتدا هەمان بیرکردنەوەی گروپی خوێندنەوە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا بۆ کاروباری عێراق، دەبێتە بڕیارەکانی ئەمەریکاو جێبەجێدەبن. بیرکردنەوەی بەپەلەی ئەو گروپە، کشانەوەی بەپەلەی سوپای ئەمەریکابووەو بیریان لەوەنەکردەوە بەو کارە، توانای گفتوگۆو دبلۆماسیی ئەمەریکایان لاوازکرد. ئەگەر بڕیار ئەوەبوو کە هەموو پشکەکان بەلایەنەکانی دیکە بدرێت، بەو مانایە کە هیچ شتێک بۆ ئەمەریکا نەماوەو دەبێت بەدەستی خاڵی بگەڕێنەوە.

**لەڕۆژنامەی ویکلی ستاندارەوە وەرگیراوە.**

# سەلەفییەکان یان کۆماری ئیسلامی؟

## شەڕی چەکداریو تەقینەوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان درێژەی هەیە

پ.دەستوور



بەهۆی پێکدادانی چەند کەسێکی نەناسراو لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لەشاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان چوار کەس کوژراون¬و کەسێکیش دەستگیرکراوە.
بەپێی سەرچاوەکانی دەستوور، ئەو پێکدادانە لەگەڕەکی هەباساوا روویداوەو کەسێکیش بەناوی محەمەد ئەمین کەریمی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستیگیرکراوە.
هەر لەدرێژەی ئەو نائارامییانەدا رۆژی شەممە لەسنە دوو بۆمبی تەوقیتکراو تەقییەوەو برینداربوونی دو هاووڵاتیی لێکەوتەوەو تائێستا هیچ کەس بەرپرسیارێتیی ئەو کردەوەیەی لەئەستۆ نەگرتووە.
پێشتریش ئیرەج حەسەنزادە جێگری سیاسیی ئەمنیی پارێزگای کوردستان رایگەیاندبوو رۆژی سێشەممەی رابردوو دوو بۆمبی تریان پوچەڵکردووەتەوە.
بەڵام سەبارەت بەپێکدادانەکە، ماڵپەرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاماژەیان بەوە کردووە ئەو چەند کەسە سەر بەسەلەفییەکان بوون.
روودانی کۆمەڵێک تەقینەوەو شەڕی چەکداری، ئەمساڵ کەشێکی نائارامی بەخشیە رۆژهەڵاتی کوردستان کە ئەوەش رەنگە لەتەقینەوەکەی شاری مهابادەوە بەزەقی بەرچاو کەوتبێ.
بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک لەڕۆژی ٢٢ی سێپتەمبەری رابوردوو لەو شارەدا، دوازدە کەس کوژران و هەشتا کەسیش برینداربوون. ئەو تەقینەوەیە هاوکات بوو لەگەڵ رێوەڕەسمێکی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی.
هەر لەمانگی رابوردوودا بوو دوو کەسی نەناسراو لەمەیدانی سەرەکیی شاری سنە تەقەیان لەهێزە نیزامییەکانی ئەو شارە کرد، کە شەش کەس کوژراو هەشت کەسیش برینداربوون.
سەبارەت بەم رووداوەش هەندێک سەرچاوە باسیان لەوە کرد ئەو کەسانە لەکاتی دوورکەوتنەوە لەشوێنی روداوەکە "ئەڵاهوئەکبەر"یان وتووە.
هەندێک لەشارەزایان لەو باوەڕەدابوون ئەو چەند کەسە سەر بەسەلەفیەکان بوون و هەستاون بەئەنجامدانی ئەو کارە.
هەر لەشارەکانی کوردستان، بەڵام ئەمجاریان لەناو شاری سەقز پێکدادانێک روویدا، کە بەهۆیەوە منداڵێکی تەمەن چوار ساڵان بەناوی مەتین ئیبراهیمی و کەسێکی سەر بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژران.
لەم رووداوەیاندا هێزی سەلەفی رۆڵی نەبینی و باسی ئەوە کرا ئەو کەسانە سەر بەکۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بوون. بەڵام دەستبەجێ ئەو پارتەش رایگەیاند لەناو ئەو چەند کەسەی ئەوان کە لەناو شاری سەقزدا شەڕەکەیان کردووە، چەند کەسێکی سەر بەوەزارەتی ئیتلاعاتی ئێرانیان تێدا بووەو بوونەتە هۆی روودانی ئەو پێکدادانە.
ئەوی تائێستا وەکو دوولایەن و جەمسەری ئەم روداوانە باسکراوە کۆماری ئیسلامی و سەلەفیەکانن لەڕۆژهەڵاتی کوردستان.
زاگرۆس خوسرەوی لەو بارەیەوە بەدەستووری وت "خەباتی خەڵکی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو خەباتی مەدەنیو سیاسی رۆیشتووەو بەتایبەتی حیزبەکان پێشەنگی ئەوە بوونو ئێستا خەباتی چەکداریان راگرتووە. بۆیە کۆماری ئیسلامی بەردەوام لەوە نیگەرانەو لەهەوڵی ئەوەدایە کوردستان نائارام نیشانبداتو خۆی دەست بۆ ئەو کردەوانە دەبات".
خوسرەوی ئاماژە بەوە دەکات لەقۆناغێکدا سەلەفییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە رێگەیان پێدەدرا چالاکی بکەنو تەنانەت کۆماری ئیسلامی گەورەترین رێبەرانی ئەلقاعیدەی لەئێراندا پەنا دا.
ئەو چاودێرە سیاسییەی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەشی وت "کۆماری ئیسلامی لەهەوڵی ئەوەدایە شەڕی مەزهەبی لەئێران بەگشتیو بەتایبەتی لەکوردستان هەڵبگیرسێنێت، هەروەک چۆن لەپێشتردا بارەگای ئیمام رەزای تەقاندەو لەبەلوچستانیش چەندان تەقینەوەی ئەنجامداو زۆر لایەنی لێ تاوانبارکرد".
مەبەستی خوسرەوی لێرەدا ئەوەیە کۆماری ئیسلامی بەردەوام پاش روداووی لەو جۆرە، ئەمەریکاو ئیسرائیل بەتۆمەتبار دەزانێتو لەکردەوەکەی مهابادیشدا، ئیسرائیلی بەبەرپرسی سەرەکی زانیو پێیوابوو ئیسرائیل تەنانەت خاکی عێراقیشی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە.
بەڵام هەندێکی دیکە لەپسپۆڕان دەڵێن کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی لەقۆناغێکدا دالْدەی ئیسلامییە توندەڕەوەکانی داوە، بەڵام ئێستا بەهەڕەشەیەکیان دەزانێت بۆ سەر خۆیو بۆیە دژیان دەوەستێتەوەو خستوونیەتە ژێر فشارەوەو ئەوانیش بۆ تۆڵەکردنەوە، ئەو کارانە ئەنجامدەدەن.
لەلایەکی دیکەشەوە باس لەوە دەکرێت کۆماری ئیسلامی سەلەفییەکان رەوانەی کوردستانی باشور دەکات بۆ بەرپاکردنی شەڕێکی سەرتاپاگیر دژ بەسکۆلاریزمو پێگەی عەلمانییەت لەناوچەکەدا.
ئەم بەشە لەشارەزایان بەڵگەیان بۆ ئەم لێکدانەوەیە، کردەوە خۆکوژییەکەی قەڵادزێ بوو، کە بووە هۆی برینداربوونی دوو کارمەندی ئاسایشو هەروەها راگەیاندنەکەی دەزگای پاراستنی هەرێمی کوردستان باسی لەهەوڵەکانی ئێران بۆ تێکدانی باری ئاسایشی هەرێمی کوردستانی کردبوو.

# میدیای کوێر



یاسین عومەر ئیبراهیم

لەهەندێک زماندا مانای هەندێک وشە زۆر بەڕوونتر دەردەکەون، وەک لەزمانێکی دیکە، بۆ نموونە چەمکە فەلسەفییەکان لەزمانی یۆنانیدا زیاتر شیاوی تێگەیشتنن وەک لەزمانەکانی دیکە، هەر بۆ نموونە فەیلەسوفێکی بوونگەرایی وەک هایدیگەر بۆ راڤەکردنی چەمکە فەلسەفییەکان دەگەڕێتەوە بۆ مانای ئەو چەمکانە لەزمانی یۆنانیدا. بەهەمان شێوە هانا ئارێنت بۆ تێگەیشتن لەکۆمەڵێک رووکاری دنیای مۆدێرن کە ڕەگێکی قووڵیان لەزماندا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ یۆنان، خراپیش نییە ئەگەر بۆ تێگەیشتن لەبەهای وشەیەکی وەک رۆژنامەنووس یان پەیامنێر سەیری زمانی عەرەبی بکەینو لەزمانی عەرەبیدا کەمێک لەو پێگە بەرزە ببینین کە رۆژنامەنووس هەیەتی، لەزمانی عەرەبیدا پەیامنێر کە پایەی سەرەکیی رۆژنامەگەرییە، تەنیا یەک پیت لەپێغەمبەری جیا دەکاتەوە، پەیامنێر "مراسل"ـە لەکاتێکدا پێغەمبەر "مرسل"ە.

ئەوە ریتۆریکێکی بێماناو هەرزان نییە بەبالای کەسێتیی رۆژنامەنووسدا، بەڵکو هەقیقەتێکی بەرجەستەیەو ئەو رۆژنامەنووسەی کە خۆی تەجرید دەکات لەحوکمە پێشوەختو حەزە شەخسیو بەرژەوەندییە بچووکەکان، هاوشێوەی پێغەمبەرێکە کە لەبری زانیاری لەبارەی دنیاو ئاسمانو میتافیزیکەوە، لەبارەی هەقیقەتی ژیانی خۆمانەوە زانیاریو هەندێکجاریش مەعریفەمان دەداتێ، بەبڕوای من رۆژنامەنووسێک کە بەتەواوەتیو دوور لەهەر بەرژەوەندییەکی تایبەتی، مومارەسەی کاری خۆی دەکات، یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی باشتر لەژیانی خۆمان تێبگەین.

من لەم وتارەدا نامەوێت لەپایەی رۆژنامەنووس بدوێم، بەڵکو ئامانجەکەم رێک پێچەوانەکەیەتی، ئەو کارەشم کارێکی ئاساییە، چونکە میدیا، یان راستتر بڵێین ئەو بەرهەمانەی میدیا پەخشیاندەکات، چەندە زەمینەی مشتومڕی بابەتگەلە جیاوازەکانن، هێندەش زەمینەیەکی لەبارن بۆ قسەکردن لەسەر خودی میدیا خۆی، ئەوەی کە مافدراوە بەمیدیاو میدیاکاران قسە لەسەر هەموو شتێک بکەن، ئەو مافە ناسڕێتەوە کە ئەوانیش دەکاتە بابەتی قسەکردنی ئەوانیدی، چەندە میدیا کەسان یان پرۆسەگەلی دەرەوەی سنووری میدیا وەک هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگە وێنادەکات، کەسانی دیکەش هەن کە میدیاو رۆژنامەنووس وەکو هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر کۆمەڵگە وێنادەکەن.

ترس لە میدیا وەک هێزێکی هێرشبەرو وێرانکەر ترسێکی رەوایە (ئەم ترسە وەک بەختیار عەلی لەوتارە زنجیرەییەکەی رۆژنامەی ئاوێنەو پێشتریش لە چەند بۆنەیەکدا فاروق رەفیق هێمای بۆ کردووە، جیاوازە لەو ترسەی کە کەسانی دەسەڵاتدار هەیانە لەمیدیا)، ئەم ترسە ترسێکە کە لەهەناوی زانستە گرنگەکانی وەکو کۆمەڵناسیو دەروونناسیو فەلسەفەوە دێتەدەرەوەو ترسە لەو رۆڵە مەترسیدارەی کە دەشێت میدیا لە کۆمەڵگەدا بیگێڕێت.

من زۆر لەسەر ئەم ترسە ناڕۆمو دەمەوێت کرۆکی ناونیشانی وتارەکەم روونبکەمەوە، کە مەبەستم لەمیدیای کوێر چییە. بۆچی سیفەتی کوێری دەدەمەپاڵ میدیای کوردی، لەکاتێکدا زۆرجار میدیا خۆی وەکو چاوی خەڵکو هاووڵاتی ناوزەنددەکرێت؟ ئایا رەوایە ئێمە میدیاکاران بخەینەژێر پرسیارەوەو تۆمەتباریانبکەینو پێیبڵێین بەرێزان ئێوە نابێت ئاوا بکەنو پێویستە ئاوا بکەن؟ باوەڕموایە کاتی ئەوە هاتووە کە ئیدی لەکوردستاندا ئەدەبیاتی رەخنەگرتن لەرۆژنامەگەری وەکو هێزێکی مەترسیدار بۆ سەر کۆمەڵگەو ئەگەرەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان ببێتە یەکێک لەو کێڵگانەی کە توێژەرانی بواری زانستە مرۆییەکان کاری لەسەردەکەن.

دیارە ئەمە بەدوور لەو موهاتەراتەی کە سیاسییەکانی کوردو رۆژنامەنووسو رۆشنبیرە حیزبییەکان دەیکەن بەوەی کە میدیا (بەتایبەتی ئەوەی خۆی ناوناوە میدیای ئەهلی) دەستی دەرەکیی لەپشتەو بۆ فرۆشو پارەپەیداکردن هەموو شتێک دەکەنو تۆمەتگەلی ساویلکانەی دیکەی لەمجۆرە، کردنی میدیا بەبابەتی رەخنەلێگرتن کارێکی هێندە ئاسان نییە، پێویستی بەباگراوەندێکی سۆسیۆلۆژی/ سایکۆلۆژی/کولتووری/فەلسەفی هەیە ئەوە لەپاڵ هەبوونی پاشخانێکی باش لەکاری میدیایی.

لێرەدا دەمەوێت واز لەو پێشەکییە درێژە بهێنمو بێمە سەر مەبەستی سەرەکیم، دەشمەوێت بڵێم کە هەندێجار، کاتێک پاش ماوەیەکی زۆر سەیری تیڤییە کوردییەکان دەکەمو رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان دەخوێنمەوەو گوێ لەڕادیۆکان دەگرم، هەستدەکەم لەبەردەم میدیایەکی کوێردام، میدیایەک کە بەس شتی گەورەو زەبەلاح دەبینێت، بەس سەری زلی بەرپرسەکان، بینای گەورە، پارەی زۆر، ئەم میدیایە جگە لەو شتانەی کە بەبەرچاویدا تێدەپەڕن، شتگەلێکی ئێجگار هەستیارو گرنگ نابینێت، جارێک لەخولێکی رۆژنامەنووسیدا رۆژنامەنووسێکی بیانی پێیوتین گۆڤارەکەتان پڕە لەسەری زل، ئەم سەرە زلانە کەمبکەنەوەو کۆمەڵگەکەتان یەک دنیا شتی دیکەی تێدایە کاری لەسەر بکەن.

میدیاکاری کورد، چونکە کەسێتییەکی خۆبەکەمزانی هەیەو هەمیشە چاوی لەکورسیی بەرپرسەکانیەتی، شەوو رۆژ سەرقاڵی بیرکردنەوەیە لەکورسی، پارەی زۆر، ڤێلای راقی، ئۆتۆمبێلی نوێ، ئەمجۆرە لەرۆژنامەنووس کاتێک بەشوێن کێشەیەکی گرنگیشدا دەچێت، لەبەرئەوە نییە کە ئەو کێشەیە بۆ کۆمەڵگە گرنگە، بەڵکو مۆتیڤی سەرەکیی کارکردنی زۆرینەی هەرە زۆری میدیاکارانی کورد مۆتیڤێکی شەخسییە، هەوڵدانە بۆ خۆبردنە سەنتەری گرنگی پێدانەکانەوە، کە میدیاکارێکی کورد لەسەر بەرپرسێکی کورد دەنووسێت، بۆ ئەوەیە بخوێنرێتەوە، بۆ ئەوەیە حسابی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەیە بۆ خوانەکانیان بانگهێشتبکرێت، بۆ ئەوەیە چەپڵەی بۆ لێبدرێت، دەیانبینیت (ئەم میدیاکارە گەورانەی کورد دەبینیت) دوای ئەوەی ئامانجە شەخسییەکانیان بەدیدەهێنن، دەبنە کارەکەری ئەمو ئەو، دەبنە راوێژکار، دەبنە لێپرسراوی راگەیاندنی فلان کۆمپانیا، دەبنە راوێژکاری فلانە بەرپرس، دەیانبینیت لەپڕ دەوڵەمەنددەبن، لەپڕ دەبنە بەرپرس، لەپڕ دەبنە پەرلەمانتار.

من دەزانم کە ئەستەمە مرۆڤێک بگاتە ئاستانەی فریشتە، بەڵام کەسێتیی رۆژنامەنووس دەبێت هەوڵێکی زۆر بدات ببێتە شتێک کەمتر لەفریشتە، چونکە سەرلەبەری کاری ئەم کائینە بەستراوەتەوە بەئەخلاقی کەسیی ئەوەوە. جارێک جۆن هێرسی، کە رۆماننووسو رۆژنامەنووسەو براوەی خەڵاتی پۆلیتزەرەو ئەو رۆژنامەنووسەیە دیمەنە جەرگبڕەکانی هێرشی ئەتۆمی بۆ سەر هێرۆشیمای گواستەوە، وتی "لەڕۆژنامەگەریدا یەک پرەنسیپی موقەدەس هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نابێت رۆژنامەنووس شت هەڵبەستێت، پێویستیشە ئەو ناسنامەیەی پێبێت کە گوزارشتی "هیچی هەڵنەبەستووە"ی لەسەر نووسراوە". بەڵام بڕۆ سەیری رۆژنامەگەریی کوردی بکە، یەک پارچە لەمسەر بۆ ئەوسەری شت هەڵبەستنە، جگە لەم عەیبە گەورەیەش، رۆژنامەنووسی کورد کائینێکە کە خۆی پەروەردە نەکردووە، بەدەگمەن دانەیەکیان دەبینیت بخوێنێتەوە، لەکۆی هەموو رۆژنامەنووسانی کورددا بەپەنجەی دەست دەژمێرێن، ئەوانەیان کە رۆشنبیرییەکی فراوانیان هەیە، بەدەگمەن دانەیەکیان دەبینیت کە رۆژانە دوو کاتژمێر دەخوێنێتەوە، ئەوان تەنانەت تاقەتی خوێندنەوەی بابەتی رۆژنامەکانی دیکەشیان نییە.

ئەمەیە کە دیاردەی کوێری دروستدەکات، ئەمەیە کە وادەکات ئەو برادەرانە بەتەنیا هەر چاویان لەسەر ئەو دیاردانە بێت کە گرەنتیی سۆشیال مۆبیلیتی ئەوان دەکات لەخوارەوە بۆ سەرەوە، دەیان دیاردەی مەترسیدار هەیە لەم کۆمەڵگەیەدا کە ئەوان جار جار لەچوارچێوەی بابەتێکی تەرفیهیدا دەچن بەلایدا. دیاردە مەترسیدارەکانی وەکو پەرەسەندنی ئیسلامیی پۆپۆلیستو توندوتیژیی خێزانیو نەخوێندەواریو رەخنەکردنی ئەو مێگەلە کوردەوارییەی کە ئەوان رۆڵێکی گەورەیان هەبووە لەدروستکردنیدا، هەروەها ئەو خاپوورکردنەی ژینگەی کوردستان کە بەدەستی مرۆڤی کورد دەکرێتو ئەو نەخوێندەوارییە نوێیەی کە لەزانکۆو قوتابخانەکاندا تەشەنەدەکات، هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی میدیای کوردی، میدیایەکی کەمتەرخەمەو رۆڵی هەیە لەو چەقبەستنو بگرە پاشکەوتنەی کە کۆمەڵگەی ئێمە بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

ماوەیەک بەر لەئێستا راپۆرتێک لەڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)دا بڵاوکرایەوە کە دەبووایە هەموو کۆمەڵگەی کوردیی تووشی شۆک بکردایەو میدیای کوردی بهەژاندایەو تا یەک هەفتەش مانشێتی سەرەکیی هەموو رۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆنو رادیۆکان بووایەو دەبووایە بۆ لێپێچینەوە سەرۆکی حکومەتو هەموو وەزیرەکانی پەروەردەی دوای راپەڕین بانگهێشتبکرانایەتە پەرلەمانو لێپێچینەوەی توندیان لەبارەوە بکرایە، لەڕاپۆرتەکەی ئەو رۆژنامەیەدا کە پشتی بەڕووپێوی بانکی نێودەوڵەتیو رێکخراوی یونسکۆو چەند دامەزراوەیەکی دیکەی نێودەوڵەتی بەستووە، ئەوەی ئاشکراکردبوو رێژەی نەخوێندەواری لەهەر سێ پارێزگاکەی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق لەپێشی پێشەوەی پارێزگاکانی دیکەی عێراقەو لەپارێزگای سلێمانیش لەهەموویان زۆرترە، کەچی ئەم راپۆرتە کە ئاماژەیە بۆ کارەساتێکی گەورە کەسی نەوروژاند، کەسی نەخستە دوودڵییەوەو جگە لەیەک دوو کاری بچووک نەبێت لێرەو لەوێ، هەروەها جگە لەو ستوونەی بەختیار عەلی لەڕۆژنامەی ئاوێنە لەبارەیەوە نووسیو هیچ گوێیەک نەبوو بۆ بیستنی، یەک رۆژنامەنووسی کورد کارێکی دیکەی لەسەر ئەم ئابڕووچوونە نەتەوەییە نەکرد، کە بەدڵنیاییەوە گەورەترین ئابڕووچوونی کوردە دوای راپەڕینو زۆر لەشەڕی ناوخۆو گەندەڵیو خیانەتەکانی دوای ئەو قۆناغە کارەساتبارترە.

رومالکردنی دیاردەیەکی ئاوا مەترسیدار، هێمایە بۆ ئەوەی کە میدیای کوردی چەند نەخۆشە، میدیایەکی چەندە کەمخوێنو چەندەش خۆپەرستو دەبەنگە، ئەوان دەستگیرکردنی رۆژنامەنووسێک دەکەنە کۆتایی جیهان، بەڵام کۆمەڵگەیەک بەرەو خەرەندی نەخوێندەواری دەبرێتو ئەوان هەر مژووڵی ئەوەن ئایا پارتی تەکەتولی تێدایە یان نا، گۆڕان تەکەتولی تێدایە یان نا، لۆکە زاهیر چ ماکیاژێک بەکاردەهێنێتو دەشنێ سەما دەزانێت یان نا!

ئەم میدیایە بەخۆی نازانێتو کۆمەڵگە دەبینێتەوە نەخوێندەواری خواردوویەتی، لەکاتێکدا هەر بەهۆی کاری لێبڕاوانەی راگەیاندنەکانەوە بوو کە وڵاتێکی وەکو ژاپۆن پێش پازدە ساڵ لەمەوبەر، نەک بەسەر نەخوێندەواریی خۆیدا، بگرە بەسەر نەخوێندەواریی تەکنەلۆژیاشدا زاڵبوو، ئێستا لەو وڵاتە تەنانەت کۆمپیوتەر لەباخچەکانی ساوایانیشدا دەخوێنرێتو منداڵی ژاپۆنی ناگاتە شەش ساڵ، دەتوانێت کۆمپیوتەر بەدروستی بەکاربهێنێتو لەهەشت ساڵییشدا ئینتەرنێت.

ئەم میدیایە دەبێت بەتوندی رەخنەبکرێت، دەبێت بەتوندی لاقرتێی پێبکرێتو پیشانی بدرێت کە تا ئەندازەیەکی مەترسیدار خۆپەرستو دەبەنگە، چونکە ئەگەر وا بڕواتو بەرلەوەی ئەم میدیایە بەخۆی بزانێت، لەچەند ساڵی داهاتوودا نیوەی ئەم کۆمەڵگەیە دەبێتە نەخوێندەوار، ئەوسا ئەوانیش مایەپووچدەبنو بازاڕیان کەساس دەکەوێت، ئەم میدیایە دەبێت بەتوندی رەخنەبکرێت، لەبەرئەوەی میدیایەکی نەخوێندەوارە، لەبەرئەوەی دەشنێ موراد دەکاتە ئایکۆنو دارا حەمەسەعید ناناسێت، لەبەرئەوەی میدیایەکی نەرسیستەو تەنیا بۆ خۆبردنە پێشەوە کاردەکات.

Yaseen_omer80@yahoo.com

لەکۆی هەموو رۆژنامەنووسانی کورددا بەپەنجەی دەست دەژمێرێن، ئەوانەیان کە رۆشنبیرییەکی فراوانیان هەیە

# ئێمەو نۆبڵ!

شادمان رۆستەم مستەفا

لەسەرەتای ئۆکتۆبەری هەموو ساڵێکدا سەرنجی گشت مرۆڤایەتی ڕوو لە (سوید و نەرویج)ـە. دروست لەو مێژووەداو لەپایتەختی ئەو دوو وڵاتەوە، ناسنامەی وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵ ئاشکرادەکرێن. لەو ماوەیەدا چەندان ملیۆن دیدەنیکار سەردانی ماڵپەڕی دامەزراوەی نۆبڵ دەکەن، بەئامانجی زانینی ناوی ئەو توێژەرو کەسایەتیانەی دەبنە خاوەنی خەڵاتەکان.

مەزەندە دەکرێت، تائەمڕۆ نۆبل پڕبەهاترین خەڵات بێت، کە دەنگدانەوەو بایەخێکی گرنگی هەیە لەتەواوی جیهاندا، هەڵبەتە ئەمەش فاکتەرو تایبەتمەندی خۆی هەیە، سەرەڕای مەدالیای ئاڵتونیو دبلۆمێکی تایبەتو بڕێک پارە کەبە10 ملیۆن کرۆنی سویدی دەخەمڵێنرێت، کتێبو لێکۆڵینەوەکانی ئەو خەڵکانە بەچەندان زمانی جیاجیا چاپو بڵاودەکرێتەوەو دەخرێتە زۆرینەی کتێبخانەکانی جیهان، بەمەش کەسایەتیو ڕووخساری ئەو خەڵکانە دەبێتە بەهایەکی هەمەلایەنە بۆ گشت مرۆڤایەتی.

خەڵاتی نۆبڵ پاشماوەی میراتی ئەندازیاری کیمیایی سویدی ئەلفرێد نۆبڵە (21 ئۆکتۆبەری-1833 10 دیسەمبەری 1896) کەلەوەسێتنامەکەیدا دەڵێت "سامانەکەم بکرێتە خەڵات بۆ ئەو کەسانەی کەباشترین خزمەتیان بەمرۆڤایەتی کردووە، بەبێگوێدانە هەرجۆرە جیاوازییەک لەڕەنگ، ڕەگەز، ئاین، نەتەوە". خەڵاتەکە پشتئەستور بەخواستی ئەلفرێد نۆبڵ، پۆلێنو دابەشکراوە بۆ پێنج بواری جیاواز کە ئەوانیش: ( فیزیاو کیمیاو نوژداریو وێژە، ئاشتی)یە. لەنێوان ئەو پێنج خەڵاتەدا، "ئاشتی" خواستی زۆرینەی نەتەوەکانەو هەر نەتەوەیەک، کەسایەتییەک یان چەندێکی خۆیان بەشایستەی ئەو خەڵاتە دەزانن کەڕۆڵی گرنگیان هەبووە، لەسەقامگیریی ئاشتیو پێکەوەژیانی نەتەوەکان لەچوارچێوەی وڵاتو ناوچەیەکدا.

نۆبڵی ئاشتی وەک دوایین وێستگەی مرۆڤدۆستی ئامانجو خەونی گەلێک لەسەرکردەو سیاسیەکانی جیهانە، کاریگەریی ئەم خەڵاتە لەڕووی مەعنەوییەوە ڕەنگدانەوەی گەورەی هەیە لەژیانی زۆربەی سیاسیەکانداو بەناڕاستەوخۆ هەمیشە لەهەوڵی ئاڕاستەکردنی پەیامن بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبردنی خەڵاتەکان تا ببنە یەکێک لەکاندیدەکان. تاڕادەیەکی زۆر دامەزراوەکە سەرکەوتوو بووە لەگەیشتن بەئامانجەکانی، هەوڵی زۆری سیاسییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو خەڵاتە ڕۆژ بەڕۆژ لهزیادبووندایە، کە ئەمەش مانای هەوڵو تێکۆشانە بۆ سەقامگیریی ئاشتی لەجیهاندا.

سوید وەک نیشتیمانو شوێنی پەروەردەبوونی ئەلفرێد نۆبڵ، هەمیشە لایەنگرو داکۆکیکاری ئاشتیو پێکەوەژیانی نەتەوەکان بووەو سروشتەکەی دروستکەری چەندان کەسایەتییە کە پشتیوانو خەمخۆری نەتەوە بندەستەکان بوونو بەهەوڵەکانیان زیندەگیی هەزاران مرۆڤیان لەلەناووچون پاراستووە. ئۆلۆف پالمێو دۆستایەتیەکەی بۆ کورد نموونەیەکی پرشنگداری دڵسۆزی خەڵکی ئەم وڵاتەیە بۆ ئینسانیەت.

شەپۆلی گۆڕنکاریو ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵانەی دوایی، بەتایبەت ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر، کاریگەریو ئاسەواری لەسەر بەشێکی خەڵکی سوید جێهێشتووەو تازە بەتازە گروپێکی بچوک لەهەوڵی بچوکردنەوەو گەڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوون بۆ 500 ساڵ بەر لەئەمڕۆ ، ئەوان دروشمی "سوید بۆ سویدییەکان"یان کردووەتە دەسپێکی سیاسەتێکی نامرۆڤدۆستانە دژی بێگانەکانی ئەم وڵاتە. ئەم گروپە کەلەچوارچێوەی پارتی دژەبێگانەکان (دیموکراتەکانی سوید) خۆیان ڕێکخستووە، خاوەن هیچ ئایدۆلۆژیاو ڕێبازێکی نوێ نین بۆ وڵاتەکەو جگە لەدژایەتیکردنی بێگانە، ناتوانن خشتێک بخەنە سەر ئەو تەلارەی کە ئەقڵی دیموکراسی لەوڵاتەکەدا چەندان ساڵە بینایکردووە، بەداخەوە سەرەڕای ئەم ڕاستییە توانیان لەهەڵبژاردنەکانی مانگی ڕابردووی سویددا 20 کورسیی پەرلەمانی مسۆگەربکەنو سەرەتای قۆناغێکی ترسناک لەوڵاتەکەدا بێتەکایەوە.

ئێمە، لێرە کەتێکەڵەیەکی هەمەڕەنگین بەجیاوازی ڕەنگ، ئاین، نەتەوە، ڕەگەز هەروەها بیروبۆچوونمان کەمینەیەکمان لەکۆمەڵگەی سویدی پێکهێناوە، تێکەڵەیەک لەتەواوی مرۆڤەکانی ئەم سەرزەمینە. بەم هەمەڕەنگییەو بەگشتمان توانیومانە نیگاری وێنەیەک بکێشین جیاواز لەوەی کەسەدساڵ لەمەوبەر ئەم وڵاتە هەیبووە. وێنەیەک ڕەنگو ڕەونەقێکی سیحراویی بەنیشتیمانەکە بەخشیوە. ئەگەر لەوێنەکە وردبیتەوە، وێکچوونێک دەبینیت لەتەک ئەو شوێنەی کە گشت ئاینەکان پێیدەڵێن بەهەشت! بەسەدان نەتەوەی جیاواز، زمانی جیاواز، بیرکردنەوەی جیاواز لەساباتی چەترێکدا کۆبووینەتەوەو زمانێک کە"سویدییە"، هەموومانی پێکەوە گرێداوە. سەرئەنجامی ئەم هەمەڕەنگییە ئەزموونو چێژێکی تایبەتی بەخشیوەتە ژیان. کولتوورو فەرهەنگی وڵاتەکەش زەنگینتر بووەو جێپەنجەی "بیانی" لەگشت بوارەکانی ژیاندا دەدرەوشێتەوە.

بایەخو گەورەیی ئەم تێکەڵاوییە لای زۆرینەی سویدییەکان ڕوونەو شانازی پێوەدەکەنو بەرهەمەکەشی بەسەرمایەیەکی نایاب دەزانن بۆ هەمووان، لەبەرانبەردا گروپێکی بچوک یان ئەوانەی کە لەدەوری پارتی دژە بێگانە (دیموکراتەکانی سوید) خڕبوونەتەوە، پێچەوانەی ئەو وێنەیەدەبینو پێیانوایە بێگانەکان فاکتەری قەیرانە ئابووریو سیاسییەکانی وڵاتەکەنو بهدەرکردنو جێهێشتنی بیانی لەوڵاتەکەدا، تەواوی قەیرانەکان چارەسەردەبن.

ترادیسیۆنی دامەزراوەی (نۆبڵ)ـە کەساڵانەو لەساتی بەخشینی خەڵاتەکاندا، جگە لەپادشاو خێزانەکەیو چەندان کەسایەتیی گرنگی جیهانی، بانگهێشتی گشت سەرۆک پارتەکانی نێو پەرلەمانی سوید دەکات بۆ ئاهەنگی بەڕێوەچوونی دابەشکردنی خەڵاتەکە، مەراسیمەکە ڕووداوێکی گرنگو سەرنجڕاکێشی جیهانییە، هەموو کەسێک شانسی بەشداربوونی نییە، بەڵکو گەلێک مەرج خوازەلۆکە کە دەبێت میوان هەڵگرییبێت.


ئەو ڕووداوەی مەراسیمی ئەمساڵ جودادەکاتەوە لەمەراسیمەکانی سەد ساڵی ڕابردووی ئەو دامەزراوەیە، ئەو بڕیارە ئازایانە بوو کە کۆمیتەی نۆبڵ، فەرمانیدا سەرۆکی پارتی دژە بێگانە Jimmie Åkesson مافی بەشداریکردنی نەبێت لەو ئێوارە خوانەدا. ناوبراو ئەگەرچی سەرۆکی "پارتێکی" نێو پەرلەمانی سویدە، بەڵام هەڵگری ئەو مەرجانە نییە کە گەرەکە میوان خاوەنی بێت.

Michael Sohlman وەک لێپرسراوی دامەزراوەی نۆبڵ هۆکاری بڕیارەکەی گەڕاندەوە بۆ جۆری سیاسەتو بەرنامەی حیزبی دژە بێگانە (دیموکراتەکانی سوید)، کەلەسەربنەمای نەژادو نەتەوەپەرستی دروستبووە، ئەوەش بەتەواوی پێچەوانەی وەسێتنامەو تێکۆشانی ئەلفرێد نۆبڵە، وەک خاوەنی بیرۆکەی نۆبڵ.

نۆبڵو کۆمیتەی بەڕێوەبردنەکەی لەگەڵئەوەی ڕاستگۆبوون لەگەڵ پەیامو دروشمی بنچینەیی خەڵاتەکەدا، لەهەمانکاتدا هەستێکی گەورەیان بەئێمەی بێگانە بەخشی، هەستێک کەهیچی کەمتر نییە لەهەستی ئەو بیرمەندو زانایانەی ئەمساڵ بوونە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵ. هەستێک... هیوایەک بۆ ژیان لهکۆمەڵگەکەداو درێژەدان بەو مێژووە پیرۆزەی کەبێگانە (ساڵارەکان) چەندان ساڵە دەینەخشێنن. ئەمساڵ دامەزراوەی نۆبڵ تەنیا پێنج خەڵاتی نەبوو، بەڵکو هەزاران. بڕیارەکە هەریەکەمانی کردە خاوەنی خەڵاتێک... خاوەنی مێژوویەک. بەم بڕیارە نۆبڵ سیگناڵێکی تری ئاڕاستەی مرۆڤایەتیکرد، کەدەبێت هەمووان مرۆڤدۆستبینو نۆبڵ واتای خۆشەویستییە بۆ مرۆڤایەتی.



# مەسیحییەکانی ئێستاو کوردەکانی جاران



هیدایەت ئیبراهیم

لەسەردەمی رژێمی بەعسی فاشیو دیکتاتۆردا، کوردەکان هەمیشە لەژێر چەتری زەبرو ئەشکەنجەی زیندانو بەعەرەبکردنی خاکو سڕینەوەی ناسنامەدا ژیانیان دەگوزەراند، سەرباری ئەوەی شۆڕشێک بۆ خەباتو تۆڵەسەندنەوە لەبەرانبەر ئەو رژێمەدا وەستابوو. بەڵام هێشتا نەیدەتوانی بەربگرێت بەچەوساندنەوەی نەتەوەییو سڕینەوەی ناسنامەی کوردایەتی لەعێراقدا. لەناوەڕاستو باشوری عێراق بەکوردی ئاخاوتنو بەکوردی نووسینو بەکوردی هەڵسوکەوتکردن ئەگەر لەخزمەت بەرژەوەندیو پێداهەڵدانی حیزبی بەعسی رووخاو نەبوایە، ئەوا مەرگی بەدواوە بوو. یان ئەشکەنجەدانی هەتاهەتایی، ئێستا عێراق بۆ کوردەکان هەلومەرجێکی جیاوازەو جگە لەدەستکەوتی سیاسیو بەدەستهێنانی مافی نەتەوەییو زمانو دەسەڵاتی سیاسی لەناوەندو هەروەها لەپێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا، جگە لەبەشداریان خاوەنی پێگەو تەنانەت دەستپێشخەربوون لەچارەسەری گرفتی پێکهێنانی حکومەت بوون لەماوەی هەشت مانگی رابردوودا، دەستپێشخەری یەکێک لەسەرکردەی کوردەکان (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان، جێگەی دەستخۆشیو ئاراستەکردنی سوپاسو پیرۆزبایی بوون لەلایەن وڵاتانی دراوسێو خۆرئاواداو تەنانەت ئەمەریکاوە، بەهەرحاڵ کوردەکان ئێستا بەپێوەری پێچەوانەی جاران لەکەشوهەوایەکی ئارامو لەدۆخێکی ئازاددا ژیان دەگوزەرێنن.

**ئازاری جارانی کوردەکانو ئەشکەنجەی ئێستای مەسیحییەکان:**

ئەگەر لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراقەوە، نەتەوەو مەزهەبەکانی تر لەئازادیی سیاسیو کولتووری دینیدا ژیان بگوزەرێنن، ئەوا بۆ مەسیحییەکان بەپێچەوانەوەیە، چونکە بەهۆی کەمیی رێژەی دانیشتووانی مەسیحی لەعێراق، وەختە ئەو وتەیە دەیانگرێتەوە کە دەڵێت "ماسییە گەورەکان، ماسییە بچوکەکان دەکەنە خۆراکی خۆیان".

لەئێستادا دۆخی نائارامیی ناوەڕاستو باشوری عێراق، وەختە بەلەناوچوونی مەسیحییەکان لەو ناوچانە تەواودەبێت، سەرباری نەبوونی پاراستنی پێویست لەلایەن دەزگاو دامەزراوە ئەمنییەکانەوە بۆ رێگەگرتن لەسەرکوتکردنو توندوتیژی بەرانبەریان، بەداخەوە مەسیحییەکان رۆژ بەرۆژ ژیانیان دژوارو ئازادییان مەحاڵ دەبێت لەعێراق، ئەمەش وێنەی جارانی کوردەکان دووبارەدەکاتەوە. رووداوە دڵتەزێنە هەمیشەییەکانی بەرانبەر مەسیحییەکان لەعێراق دەکرێتو ژیانیان لەشارەکانی (بەغداد، موسڵ، بەسرە)و هەروەها هەندێک پارێزگای تری عەرەبنشین مایەی تێرامانو هەڵوێستەرگرتنە. خۆشبەختانە کوردستان وەک ناوچەیەکی ئارام بۆیان لەپێشوازیکردنیاندان، بەڵام هێشتا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، ئەوان لەژیانێکی ئارامدان، چونکە هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەهەڕەشەی دوژمنانو پیلانی تیرۆرستانو ناحەزانی ئاشتیو دیموکراسی.

هەروەها هەرێمی کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لەعێراقو دامەزراوە گرنگەکانی ئەم هەرێمە پەیوەستن بەوەزارەتەکانی ناوەندەوە، پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان توانای لەخۆگرتنی ئەو خێزانە مەسیحیانەی نییە، ئەوە جگە لەنەبوونی هەلی کارو زەمینەی ئابووری گونجاو بۆ خێزانە ئاوارە مەسیحییەکان. سەرباری هەموو ئەم دەرفەتە سنوردارانە، لەماوەی ساڵانی رابردوودا 30 سی هەزار خێزانی مەسیحی ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوونو ئێستا لەو هەرێمە ژیان دەگوزەرێنن. بەڵام گرفتی مەسیحییەکان لەبەجێهێشتنی ماڵو حاڵو سامانو شوێنی باوباپیرانیان چارەسەرنابێت، بەڵکو بەگرەنتیکردنیان لەلایەن حکومەتی عێراقو گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ مانەوەیان لەسەر زێدو ماڵو حاڵیان مافاو ژیانیان پارێزراو دەبێت، دەستهەڵگرتن لەکولتوورو زمانو دین لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بەملیۆنان قوربانی لەپێناودا دراوە، لەم ئانو ساتەی ژیانی مەسیحییەکان لەعێراقدا پێویستە لەئاستی دەسەڵاتە تەشریعیو تەنفیزییەکان رێنماییو رێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی مەسیحییەکان ناچار بەجێهێشتنی ماڵو سامانیان لەناوەڕاستو خواروی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانو تەنانەت بۆ وڵاتانی دەرەوەش نەکرێن.

دەستپێشخەرییەکی بەڕێز (جەلال تاڵەبانی) سەرۆک کۆماری عێراق مایەی سوپاسو دەستخۆشییە کە داوای پێکهێنانی هێزی تایبەتی کردووە بۆ پاراستنی مەسیحییەکانی عێراق، ئەوە جگە لەپێشوازی خانمی یەکەمی عێراق خاتوو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) لەشاری سلێمانیو بەسەرکردنەوەی 40 خێزانی مەسیحیی ئاوارەی شاری سلێمانی، کە لەدوای پەلامارە تیرۆرستییەکەی سەر کڵێسەی (سیدە النجاە) ماڵو حاڵیان بەجێهێشتووەو روویان لەسلێمانی کردووە. مەسیحییەکان لەعێراقدا لەمەترسیی لەناوچوونو هانداندان بۆ بەجێهێشتنی ماڵو سامانیان، هەروەها مافو ژیانیان پارێزراو نییە، هیچ رێگریەکی بەهێز نیە بۆ کۆچکردنو ئاوارە نەبوونیان، لەماوەی ساڵانی رابردوودا تائێستا زیاتر لە50 کڵێسەی مەسیحی پەلاماری تیرۆرستی دراونو نزیکی 900 هاووڵاتی مەسیحی کوژراون، بەسەدانی تریشیان لەژێر هەڕەشەدان. ئەمەش مەترسیی سەرهەڵدانی کۆمەڵکوژییەکی ترە لەعێراقێکی دیموکراسیخوازدا، هاوشێوەی کۆمەڵکوژیی کوردەکان لەسایەی رژێمێکی دیکتاتۆریی فاشیستدا.

# مەملەکەتی ئیبلیس

مەلا ئاریان

ئاینو فەلسەفە کۆکن لەسەر دیاریکردنی ئیبلیس وەک یەکەمین راسیستی مێژوو، ئاخر ئەو لەیەککاتدا هەم خۆی لەفریشتەکانی تر بەباڵاتر زانیو هەمیش ئادەمی لەدەرەوەی ئیرادەی (خودا) بەپاساوی (ئاگرو قوڕ)ەوە بچووک ناسی. بەو مانایەی رەتکردنەوەی کڕنۆشی ئیبلیس بۆ ئادەم، وەک هاوەڵە فریشتەکانی دیکەی، رێک واتای خۆباڵاکردنو بچووککردنەوەی ئەوی دییە، ئەمەش راست لەگەڵ پێناسەی راسیزم یەکدەگرێتەوە، کاتێک راسیزم بریتیی دەبێت لەهەستکردنی کەسێک یا گروپێک بەخۆباڵایی، هەڵبەتە ئەمەش لەدەرەوەی تواناو لێهاتوویيو تەنێ لەسەر بنەڕەتی رەگەزو ئاینو زمانو پێکهاتە.

هەفتەی رابردوو لەسێدارەدان یا لێخۆشبوون لەتاریق عەزیز یەک لەرەمزە گەورەکانی ستەمکاریو قوتابییەکی تری قوتابخانەی راسیزمی عەرەبیی بووە پرسی سەرەکیی میدیاکان، ئەو ستەمکارە یەک لەئەڵقەکانی ئەو مێژووەیە، کە لەگەڵ مێژووی عێراق دەستپێدەکاتو پێشناچێت کۆتایی بێت، یەک لەدیوەکانی ئەو ستەمکارییەیە کە لۆژیکی خۆباڵایی عەرەب دەرهەق بەوانی دی بەرهەمیهێناوەو ئێستاش بەردەوامی پێدەدەن، ستەمکارێک پشتی لەقوربانییەکانی گەلەکەی کردو روویکردە قوتابخانەی دڵڕەقی، عەزیزێک لێبوردەیی مەسیحییەتی لەپەنای ئاوێتەکردنی دیوە تورەکەی ئیسلامو کولتوورە خۆباڵاییەکەی عەرەب ونکرد.

د. ئەحمەد میراودەلی پێیوایە دیکتاتۆرو راسیست فەلسەفە ناخوڵقێنن، بەڵکە ئەوە فەلسەفەو دنیابینی راسیستانەیە دیکتاتۆرو ستەمکاری بەرهەمدێنن، هەربۆیەش نازیزم ناشێت بکرێتە بەرهەمی هیتلەرو فاشیەت بەمۆسۆلۆنیو بەعسیزیمیش بەزادەی بیری سەدامو عەلیو تاریقو ئەوانی دیکە، بەڵکە ئەوەی هەیە کاراکتەرگەلێکی دڵڕەقی کۆمەڵگەن، بێشەرەفی ئەوەیان پێدەبڕێت، پیادەکردنی ئەو دنیابینییە ترسناکە لەئەستۆ بگرن، کە لەهەناوی کۆمەڵگەوە لەدایکدەبێتو لەبیری سیاسیدا فۆرمەڵە دەبێتو لەسیاسەتیش پیادە دەکرێت، بۆیەش نیگەرانبوونو دڵخۆشبوون بەکۆتایی یەک یەکی رەمزەکانی ستەمکاری، هەرگیز واتای دڵخۆشبوون نییە بەکۆتایی راسیزمی عەرەبی، هیچ کات مانای ئەوە نییە کە ئیدی کۆتایی ئەو رۆبۆتانە کۆتایی دڵڕەقییە. بەڵکە ئەوەیە خۆشییەکی تێکەڵ بەتۆڵەو هەستانەوەی سایکۆلۆژیایەکی رووخاوی دوای شاڵاوەکانی ئەنفالو هەڵەبجەو کارەساتەکانی دیکەیە، کە تەنێ بەمەرگی جەلادەکان تروسکاییەک دەبینێ.

لەڕاستیدا وەک گەرمیانییەک، هاوچەشنی هەڵەبجەییەک، وەک شیعە، یا کوردێکی فەیلی، تەماشای دوا ساتەکانی ستەمکارەکانم کرد، کۆتایی سەدامو عەلیم دیو ئەوانی دیش بەعەزیزیشەوە دەبینم، دڵخۆشیکردم، بەڵام مامەڵەکردن لەگەڵ ستەمکاریدا، تەنێ شینی ئازارو شایی سزادانیان نییە، بەتەنیا گۆڕینەوەی رۆڵ نییە جارێک ئەو باڵادەستێکی ستەمکارو جارێکیش من دەسەڵاتێکی دادپەروەر، بەڵکو ووردبوونەوەیە لەو هەژموونی راسیزمەی کە ئێستاش لەهەناوی پرۆسەی سیاسیی عێراقداو لەناو دڵی بەعسییەکاندا دێتو دەچێت، تێڕامانە لەو دیوی خەتەری ئەو گوتارەی کەئێستا لەناو جەستەی عێراقدا دەیەوێت کۆپی عەلیو تاریقی تر بێت، لەبەرئەوە قوربانییەکانو میللەتی قوربانی نابێت تەنیا کۆتایی ستەمکارەکان، بەکۆتایی ئەو دڵڕەقییە بزانن.

ئەگەر قسەکەی د. ئەحمەد میراودەلی راست بێت، راسیزمی عەرەبیو ئایدیۆلۆژیای بەعس، سەدامو عەلیو تاریقی بەرهەمهێنابێت، ئەوە ئێستا هیچ نەبووە، جگە لە بەزیندوویی مانەوەی رۆحی بەعسو مردنی دوو کاراکتەرو ئاویلکەبوونی عەزیزیش، لەکاتێکدا ئەو ئایدیۆلۆژیایە کە لەسەر شکۆمەندکردنی عەرەبو تەخوینکردنی ئەوانی دی، لەسەر خۆبەدێوکردنو بەقەزەمکردنی ئەوانی تر بیناکراوە، لەتواناییدایە کاراکتەری لەسەدام ترسناکترو لەعەلیش دڵڕەقترو لەتاریقیش گۆبڵزتر بۆ ستەمکاری بەرهەمبێنێ. ئایا هەر بەڕاست زافیر عانیو موتڵەگو نوجەیفیو ئەوانی تری ئێستای ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، کاتێک ئەنفالو هەڵەبجەو ستەمکارییەکانی تری بەعس وەک دەستکەوت، وێنا دەکەن، ئاماژەی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نەوەیەکی تری راسیزمی بەعسیی نییە لەبەرگێکی نوێدا؟، واتای ئەوە نییە کە ئایدیۆلۆژیای بەعس لەوکاتەدا کە رەمزە هەرە دڵڕەقەکانی لەدەستدەدات، کێرڤی بەرهەمهێنانی رەمزی ستەمکارتری لەبەرزبوونەوەدایە؟. ئەمە ئەو ترسەیە کە دەبێت ئێمە لەساتەوەختی شینگێڕانی ئازارەکانمانو شایی سازدانی مردنی جەلادەکان بیری لێبکەینەوە.

راستییەکەی دەستپێشخەریو لێدوانەکانی بەڕێز تاڵەبانی، لەبەرانبەر ئیمزانەکردنی لەسێدارەدانی تاریق عەزیز، دوو سەرەیە، سەرێک تاڵەبانی وەک پیاوێکی پابەند بەپرەنسیبو تێگەیشتنە لیبراڵو پەیوەست بەپەیماننامەکانی رێکخراوی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال وێنادەکات، کە ئەمەش دیوێکی جوانی حوکمڕانییە، کە دەسەڵات بەمەرجی تۆڵەکردنەوەو دووبارەکردنەوەی رەفتارەکانی پێشخۆی وەرناگرێت، لەسەرەکەی دیکەش راوکردنی سەرنجی قوربانیترین پێکهاتەکانی عێراقە، کە مەسیحییەکانو تائێستاش ستەمکاریی ئاینیو نەتەوەیی دەرهەقیان لەلایەن راسیزمی عەرەبیو ئیسلامییەوە پەیڕەودەکرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی تاڵەبانی دەیڵێت مانای لێخۆشبوون ناگەیەنێت.

راستییەکەی کورد مێژووەکەی خاڵی نییە لەدڵڕەقی، بەڵام لێبوردەیی روخسارە سەرەکییەکەیەتی، لێخۆشبوون دیوێکی گرنگی شوناسی نەتەوەییو خاڵی جیاکەرەوەیە لەوانی دی، بەڵام لەڕاستیدا لێبوردەیی دەرهەق بەبەعس نا، چونکە بەعس بەرلەوەی (کەس) بێت، (تەرزێکە لەبیرکردنەوە)، ئەم تەرزەش لەسەر سڕینەوەو رەتکردنەوەی کورد بیناکراوە، هەربۆیە لەبەرانبەر ئەو بەعسەدا، کە درێژکراوەی راسیزمی عەرەبە نەک نابێت، لێبوردە بین، بەڵکە دەبێت دڵڕەقیش بین، هەربۆیە کاتێک کۆتایی ئیبلیس دەبینین، نابێت ئەو ئایدیۆلۆژیەمان بیربچێتەوە کەئێستا لەناو ئەو عێراقەی خۆمان تەسلیمکردووە وەختە زیندوبوونەوەی دەبێتە ئەمری واقیع، هەربۆیەش بەر لەوەی خەمی لەسێدارەدانی عەزیز بخۆین، دەبێت بیر لەسێدارەدانی ستەمکاریو رۆحی خۆباڵایی عەرەب بکەینەوە.

# شەقامی کوردیو دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی



حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ

سەرباری ئەوەی ساڵەهای ساڵە نەتەوەی کورد بەدەست حکومەتە سەردەستو داگیرکەرەکانی کوردستانەوە دووچاری پاکتاوی نەژادیو رەشەکوژیو قەڵاچۆکردن بووە، ئەو رەگەزو نەتەوەو دەسەڵاتە جیاوازانەی لەسەردەمو قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا فەرمانڕەواو خۆسەپێن بوون لەکوردستاندا بەڕاستو چەپدا کەمتەرخەمیو درێخیان نەکردووە لەپیادەکردنی سیاسەتی راگواستنو کوشتنو زیندەبەچاڵکردنو کۆچپێکردنی زۆرەملێ تا سیماو مۆرکو رەسەنایەتیی ئەم نەتەوەو نیشتیمانە بگۆڕن، پاش ئەو هەموو کوشتو کوشتارە پاش هەموو وێرانکاریو خاپوورکردنە، پاش ئەو هەموو ئاوارە بوونو سەرگەردانیو دەردەسەرییە، پاش ئەو هەموو هەڕەشەو گورەشەو داپلۆسێنە بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیو پەیڕەوکردنی سیاسەتی تەعریبو تەفریسو تەتریک، هێشتا پتر لەچل ملیۆن کورد لەکوردستانی گەورەدا دەژی، سنوری سروشتیو مێژووی خاکی کوردستان زیاتر لەپێنج سەد هەزار کیلۆمەتری دووجا دەبێت، کورد وەک نەتەوە تەواوی بنەماکانی نەتەوەی تێدا بەرجەستەیەو هیچی لەنەتەوەکانی دیکەی دنیا کەمتر نییە، خاوەنی خاکو مێژوو و زمانو فەرهەنگو کولتووری خۆیەتی، لەجیهاندا دەوروبەری ٢٠٠ دەوڵەت هەیە کە خاوەن سەروەرییەکانی خۆیانن، ژمارەی دانیشتووانی کوردستان لەنزیکەی نیوەی هەریەک لەو دەوڵەتانە زیاترە لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە، لەڕووی خاکەکەی چەند جارەی زۆر لەدەوڵەتان دەبێت. لەڕووی سنوری جوگرافییەوە، سەرزەویو ژێر زەویی خاکەکەی زۆر بەپیتو دەوڵەمەندەو توانای خۆراکدانو ژیانو گوزەراندنی چەندجارەی دانیشتووانەکەی هەیە، لەبەرەبەیانی مێژووەوە کورد خاوەن دەوڵەتو فەرمانڕەوای خۆی بووە لەدەوڵەتی (ماد)دا، لەزۆربەی وڵاتانی تری گێتی گەلێکی دێرینترو کۆنترە لەسەر خاکی خۆی دەژی کە کوردستانە، رووبەڕووی گشت داگیرکاریو هێرشو پەلامارو شەپۆلی داگیرکاری فراوانخوازی بووەتەوەو سنگی کردووەتە قەڵغان بۆ پاراستنی خاکو نیشتیمانەکەی، رووبارێک خوێنو زەریایەک فرمێسکی لەو پێناوە پێشکەشکردووە، سەرهەڵدانو شۆڕشو راپەڕینەکانی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو سەرفرازی ئەوەندە زۆرو زەبەندن لەژمارە نایەن. کەم گەلو نەتەوە هەیە سەرکردەی کارێزمای وەکو سەرکردەوەو رابەرانی کوردی تێدا هەڵکەوتوو بێت، لەدێر زەمانەوە هەر لەنغرۆبوونی یەکەم دەوڵەتی کوردییەوە گەلی کورد عەوداو شەیدای ئازادیو سەربەخۆی بووەو بێوچان بووە لەکۆششو خەباتکردن.

لەسەر گۆی ئەم زەمینە پانو پۆڕەدا هیچ نەتەوەیەک نییە نەئاماری دانیشتووانەکەیو نەخاوەن رووبەرێکی خاکی ئاواو نەتێکۆشانێکی لەم چەشنو بابەتەی هەبێت، خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆیو قەوارەو کیانی سیاسیی خۆی نەبێت، ئیتر نازانم ئەمە غەدری زەمەنو مێژووە یان قەدەری ئێمە لەسەر ئەم خاکە دەژینو دەوڵەمەندە بەئاوو سامانە سروشتیو کانزاکانو سروشتی ناوچەکە وایکردووە هەمیشە جێگەی چاوتێبڕینی وڵاتانی تر بێتو هەمیشە بەداگیرکراویو ژێردەستەی بمێنێتەوە، یان ناکۆکیو خۆخۆریو ناتەبایی نێوخۆی کورد وەکو دەڵێن: (دەردە کورد) هیواکانمانی لەکۆرپەیو لەمەلۆتکەیدا تاساندووەو رێگەکانی دروستکردنی دەوڵەتبوونمانی کردووە بەهەزاران قۆناغو فەرسەخ، یان قەدەری ئێمەی کورد وای هانیوە لەنێوان بەرداشەکانی عەرەبو تورکو فارسدا دروستبوونو بوونە دەوڵەتمان بهاڕن، یان سیاچارەی نەتەوەیەکی چل ملیۆنییە.

سیاسەتوانێکی فەرەنسی لەساڵانی پێشوودا باسی کوردی کردبوو، کە نەتەوەیەکی بەڕێزو میهرەبانەو زۆری خۆشدەوێت، بەڵام هەرکاتێک باس لەبەرمیلە نەوتێک دەکرێت، هەموو ئەو خۆشەویستییە فەرامۆشدەکریو کاڵدەبێتەوە، ئەو نەتەوەو حکومەتە سەردەستەکانی کوردو کوردستان ئەگەر ساڵانێکە شیلەی رۆحمان دەمژنو خێرو بێری ئەو نیشتیمانە دەدزن، ئەگەر وەکو کۆیلە تەماشاماندەکەنو پاساوانی بەردەرکی سامانە دزراوەکەی خۆمانمان پێدەکەن، ئەگەر خۆیان بەگەورەو ئێمە بەبچووک تەماشادەکەن، ئەگەر خۆیان بەلێزانو شارەزاو لێوەشاوە تەماشادەکەنو ئێمەش بەنەزانو کەمتواناو لێنەوەشاوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە تێڕوانینەکانیان بگۆڕن، ئێمەش هیچمان لەنەتەوەکانی دیکە کەمتر نییە، هەقە ببینە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان، چونکە ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی بەڕێوەبردنی کوردستان پاش ئەو هەموو پاشقولگرتنەی ئەوان دەریخست، کورد توانای بەڕێوەبردنی هەیە، کورد ئەگەر پیلانی پێنەگێڕن، وێڕای کەمووکورتییەکان دەتوانێت هەنگاوی باش روو لەئاسۆی پێشکەوتنو شارستانیانە بهاوێژێ.

تاکو گۆی کۆمەڵگەی کوردی پێویستە پرسی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لەدیدگای خەڵکی کوردستانە سەرچاوە بگرێت، ئەوا ئەرکی هەمووانە دەبێت سستیو کەمتەر خەمیی تێدا نەکەین، بانگەشەی شەقامی کوردی لەمەڕ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی سەرکردەو رێبەرانی پارتو رێکخراوە سیاسییەکان ناچاربکات بۆ هەڵگرتنی دروشمی دەوڵەتی سەربەخۆ، چونکە ئێمە لەبەردەم باهۆزەیەکی جیهانیدایین، کە وردو درشتی پرسو دۆزەکان لەبەردەم تێڕوانینی وڵاتە زلهێزو بڕیار بەدەستەکانی جیهاندا دەخوێنرێتەوە، چونکە ئەگەر ئەمڕۆ ناچاری سەرمان دەکات بەماڵی دوژمندا، خۆ سبەینێ لەپشت ئەمڕۆوەیەو نەوەی داهاتوو ئەوان درێژەپێدەری ئەم کاروانەنو ئەوان دەتوانن کاروانەکە بگەیەننە مەنزڵ.

husin2008@yahoo.com

# ”بەکارهێنانی دەرمانی زۆر، ڕەنگە ببێتەهۆی هەوکردنی جگەر“

## محەمەد عومەر یاریدەدەری پرۆفیسۆر لەکۆلێژی پزیشکیی زانکۆی سلێمانی بۆ دەستوور

سازدانی: بێستون فەتاح لەسلێمانی

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەند لایەنێکی گیروگرفتی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی، دەستوور چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ د.محەمەد عومەر پسپۆڕی راوێژکاریی هەناوی‌و یاریدەدەری پرۆفیسۆر لەکۆلێژی پزیشکی لەزانکۆی سلێمانی سازداوە.

**دەستوور:** هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی چییەو مەترسی لەچیدایە؟

**د.محەمەد عومەر:** کاتێک جگەر توشی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی دەبێت، هەموو خانەکانی جگەر دەمرن‌و چەندان ماکی تر دروستدەبێت‌و دەشێت نەخۆشەکە توشی خوێنبەربوونی بەردەوامبێت لەبەر کەمیی ڕژانی ڕژێنەکانی جگەر، هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی لەرێگەی بەریەککەوتن‌و دەستلێدانی پاشەڕۆو پیسایی‌و میزو لیکە ڕژێنەکان‌و خوێنەوە دەگوازرێتەوە، هەندێک جۆریان لەرێگەی بریندار‌بوون‌و گواستنەوەی خوێنەوە دەگوازرێتەوە.

**دەستوور:** هۆکارەکانی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی چییە؟

**د.محەمەد عومەر:** هۆکارەکانی هەوکردنی جگەر زۆرەو گرنگترینیان هەوکردنی ڤایرۆسییەو لەگەڵ ئەوەشدا هەوکردنی بەکتریاش هەیە، لەهەموشیان سادەتر کەلای خۆشمان دەیبینین، زۆرجار ئەو کەسانەی تووشی گرانەتا دەبن، بەهۆی بەکتریای گرانەتاوە لەوانەیە جگەریشیان هەوبکات‌و تووشی زەردوی ببن‌و ببێتەهۆی هەوکردنی ڤایرۆسی جگەر، یاخود بەکتریای تای ماڵتاو چەند جۆرێکی تر، هەروەها



هەوکردنی جگەر ڕوودەدات بەمشەخۆر وەکو ئەمیبا، کەبگاتە جگەر دەبێتەهۆی هەوکردنی جگەرو دروستکردنی جۆرێک لەدوومەڵ یاخود کرمی تورەکە ئاوییەکان.

هەندێکجار هەوکردنی جگەر دەگەڕێتەوە بۆ دەرمان، هەندێک دەرمان هەیە بەکاردەهێنرێت بۆ چارەسەرو دەبێتەهۆی هەوکردنی جگەر، بەتایبەتی نمونەی ئەو دەرمانانەی کەبەکاردەهێنرێت لەچارەسەرکردنی نەخۆشیی سیلدا، تەنانەت هەندێک دەرمانی ترهەیە، کە لەوانەیە ڕۆژانە بەکاربهێنرێن وەکو دەرمانی بەرگری لەدووگیانی‌و حەبی هۆرمۆناتی ئەندرۆجین‌و چارەسەری ئەنتی بایۆتیک، ئەمانە ئەگەر کەسانێک زانیاری لەسەری نەبێت، لەوانەیە کەسەکە تووشی زەردویی‌و هەوکردنی جگەر بکات، یان هەندێکجار هەوکردنەکە بەهۆی مادەی ژەهراوییەوەیە، وەکو مادەکانی چوارەم کلۆریدی کاربۆن، کەهەندێکجار بەکاردەهێنرێن لەپیشەسازیدا، بەتایبەتی لەپیشەسازیی بەنزیندا، کەواتە هەوکردنی جگەر لەوانەیە میکرۆبی بێت، یاخود ژەهراوی‌و هۆکاری تربێت.

**دەستوور:** پێکهاتەی جگەر لەچیدایەو گرنگیی ئەرکی جگەرو کارلێکردنی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی لەسەر ئەو کارانە؟

**د.محەمەد عومەر:** جگەر چەند خاسیەتێکی هەیە کە لەئەندامەکانی تری لەشی مرۆڤی جیادەکاتەوە، یەکێک لەخاسیەتە گرنگەکانی جگەر ئەوەیە کەبڕێکی زۆر خوێنی بۆ دەچێت، جگەر یەکێکە لەو ئەندامانەی کەهەم خوێنبەر هەم خوێنهێنەریش خوێنی بۆ دەبات، نەک خوێنهێنەر خوێنی لێ لابەرێت وەکو لەزۆربەی ئەندامەکانی تری لەشدا، کەخوێنهێنەر خوێن دەگەڕێنێتەوە، بەڵکو لەجگەردا خوێنبەرو خوێنهێنەریش خوێنی بۆ دەبات، ئەم خاسیەتەی جگەریش وادەکات، کەجگەر بەبەراورد لەگەڵ ئەندامەکانی وەکو دڵو دەماخدا، کەمتر کەمخوێنی کاری تێدەکات، یەکێکی تر لەخاسیەتەکانی جگەر ئەوەیە کە جگەر توانایەکی زۆر زۆری هەیە لەنوێبوونەوەدا، تەنانەت ئەگەر مرۆڤێکی لەشساغ ئەو جگەرەی کە هەیەتی ٨\١١ ی هەموو جگەری بەسە بۆ ئەوەی ئیشی هەموو جگەری بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بۆچوونە زۆر هەڵەیە کە خەڵک واتێگەشتووە کەئەگەر جگەر ببڕیت دروستدەبێتەوە، بەڵکو جگەر ئەوەندە قابیلیەتی هەیە لەئیشکردندا، کە ٨\١١ی جگەر کافیە بۆئەوەی مرۆڤ ژیانێکی ئاسایی لەسەری بژی.

**دەستوور:** جۆرەکانی هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی کامانەن چ جۆرێکیان مەترسیدارە؟

**د.محەمەد عومەر:** هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی واتە هەوکردنی جگەر بەهۆی ڤایرۆسەوە ژمارەی ئەو ڤایرۆسانە زۆرن، بەڵام گرنگترینیان ئەوانەن کەپێیان دەوترێت



ئەی (A) تەنانەت سەرچاوەی دۆزینەوەی ئەم ڤایرۆسە دەگەڕێتەوە بۆ ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ ساڵ پێش زاین، سوقرات وەسفیکردووە کەڤایرۆسێک هەیە دەبێتەهۆی زەردویی‌و لەرێگەی خواردن‌و پیسییەوە لەکەسێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ کەسێکی تر، ڤایرۆسی جۆری ئەی یەکێکە لەو ڤایرۆسانەی کەبڵاوە لەهەموو جیهان‌و لەناوچەی ئێمەشدا بەزۆری منداڵ دەیگرێت‌و لەرێگەی خواردن‌و خواردنەوەی پیسەوە دەگوێزرێتەوەو ئەم ڤایرۆسەش لەرێی پاشەڕۆوە دەردەچێت، جۆرێکی تریش هەیە لەڤایرۆسەکانی جگەر کەوەکو جۆری ئەی وایە، پێیدەڵێن جۆری E، لەوەشدا لەجۆری ئەی دەچێت، کەبەهەمان شێوەی ئەی لەرێگەی خواردن‌و خواردنەوەوە دەگوێزرێتەوەو ناشبنە درێژخایەن‌و چەند هەفتەیەک دەخایەنێت‌و چاکدەبێتەوە، ئەو کەسەش کەتوشی دەبێت

# چیدەکەیت ئەگەر؟

## ڕێگەی ئاسانتر لەبەکارهێنانی دەرمان‌و دەرزی بۆ نەخۆشییەکان

ئامادەکردنی: باوکی ژین

هەندێک حاڵەتی نەخۆشی هەیەک کەهەر یەکێک لەئێمە لەوانەیە پێیدا تێپەڕبووبین‌و بەناچارییەوە پەنامان بردووەتەبەر دەرمان، بەمەبەستی چارەسەرکردنی، بەڵام دەگونجێت ڕێگەچارەسەری تر هەبێت کەئاسانتربێت.

**ئەگەر هەستتکرد قورگت دەخورێت، گوێت بخورێنە!**

د.سکوت شافیر سەرۆکی ناوەندی قورگ‌و گوێ‌و لووت لەنیوجێرسی لەئەمەریکا، بەکورتی وەڵامی ئەوە دەداتەوە کەئەگەر قورگت بەبەردەوامی دەخورێت، ئەوا گوێت بخورێنە.

د.سکوت درێژە بەوتەکەی خۆی دەدات‌و دەڵێت: لەناو گوێدا دەماری هاندەری تێدایە، لەوکاتەدا کەگوێت دەخورێنیت، ئەوا ئەو دەمارە کاردانەوەی دەبێت‌و لەوانەیە ببێتە هۆی گرژبوونی ماسولکەکانی قورگ، کەئەویش بەدەوری خۆی ئەو خورووەی قورگ کەمدەکاتەوە.

**ئەگەر تووشی لووتگیرانێکی درێژخایەنبوویت چیدەکەیت؟**

ڕێگەیەکی ئاسانتر هەیە بۆ لابردنی ئەو پەستانەی لەنێو لووتدا هەیە، چونکە دەرمان سودت پێناگەیەنێت.

لیسا دیستیڤانۆ مامۆستای یاریدەدەر لەویلایەتی میشیتانی، دەڵێت ئەو کەسەی گیرۆدەبووە بەدەست ئەم ناڕەحەتییەوە، دەتوانێت پاڵ بەزمانییەوە بنێت دژی مەلاشووی چەند جارێک، پاشان بەیەک پەنجە پەستان بخاتەسەر برۆکانی، ئەمە دەبێتەهۆی لەرزاندنی ئێسکی ”ڤۆمەر“، ئەم لەرزەش بەلووتدا تێپەڕدەبێت‌و دەگاتە ناودەم، کەدەبێتەهۆی جوڵاندنی ئەو گرمۆڵەبوون (احتقان)، پاش ٢٠ چرکە هەستدەکات کەلووت گیرانەکەو ئەو قورساییە کەمبووەتەوە.

**ئەگەر خوێنی لووتت پژا**

لەجیاتی ئەوەی لووتت بگریت‌و سەرت لاربکەیتەوە بۆ دواوە (کەئەمە ڕێگەیەکی هەڵەیە)، باشتروایە پارچەیەک لۆکە بخەیتەسەر لێوی سەرەوە لەژێر لووتداو بەتوندی دەستی لەسەر دابنێ، بۆچی؟

د.پیتەر دێسماریس پسپۆڕی نەخۆشییەکانی قورگ‌و گوێ‌و لووت لەنەخۆشخانەی ”ئینتابینی“ لەئەفریقای باشور دەڵێت ”زۆربەی لووت پژانەکان لەڕووکاری ئەو دیوارە کرکراگەیە دەبێت، کەلووت دەکات بەدوو بەشەوەو بەو پەستان خستنەسەرەی کە لەسەرەوە باسی لێکراوە، خوێنەکە بەرەبەرە دەوەستێتەوە“.

**چارەیەک بۆ ئەوانەی لەدەرزی دەترسن**

لەوانەیە کەم کەس هەبێت لەدەرزی لێدان نەترسێت، ئەگەر ویستت هەست بەئازارەکەی نەکەیت باشتروایە ”بکۆکیت“!

تاراس ئۆزیشنکۆ نووسەری لێکۆڵینەوەی (دیاردە) دەڵێت زانا ئەڵمانییەکان ئەوەیان بەدیکردووە ئەگەر مرۆڤ بکۆکێت لەکاتی دەرزی لێداندا، ئەوا ئازارەکەی کەمدەکاتەوە چونکە ”کۆکین“ دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەیەکی کتوپڕ لەپەستانی سنگدا، ئەمەش ڕێگردەبێت لەزنجیرە دروستکەری هەستکردن بەئازار، کە لەدڕکەپەتکدا لەپشتدا spinal cord دروستدەبێت‌و بەمەش هەست بەئازارەکە کەمدەبێتەوە.

**ئەگەر پەنجەت چزا بەئاگرداو ویستت شوێنەوارەکەی دیارنەمێنێت**

لیسا دیستیڤانۆ بۆ ئەم باسەش دەڵێت باشتروایە ئەگەر ئەم حاڵەتە ڕوویدا، ئەوا پێستەکە پاکژبکەرەوەو پاشان بەپەنجەکانی دەستەکەی ترت پەستانێکی کەم بخەیتەسەر شوێنی سوتاوییەکە، بەم ڕێگەیەش دەتوانیت پلەی گەرمیی پێستە سووتاوەکە بگەڕێنێتەوە پلە ئاساییەکەی خۆی‌و پێستەکە کەمتر بشێوێت.



# «ئەگەر سوڕی مانگانە ٢٨ ڕۆژ جارێکیش ڕوونەدا ئاساییە»

## د.سەعدیە ڕەزا پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان‌و منداڵبوون

ساوێن ئیبراهیم

د.سەعدییە ڕەزا پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ژنان‌و منداڵبوون لەچاوپێکەوتنێکی دەستووردا ئاماژەی بەوەدا سوڕی مانگانەی ژنان لەئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانە دروستدەبێت، کە بەسەر ناوەوەی دیواری ڕەحمدا دێت، ئەویش بەهۆی کاریگەریی هۆرمۆنی ئیسترۆجین‌و پرۆجسترۆن، کە دواتر ئەو هۆرمۆنانە ڕێژەیان لەخوێندا دادەبەزێت‌و دەبێتە داماڵیی دیواری ناو ڕەحم‌و سوڕی مانگانە ڕوودەدات، کە سوڕی بەردەوام هەر ٢٨ ڕۆژ جارێک ڕوودەدات تا تەمەنی نائومێدی.

زۆرێک لەکچان لەسەرەتای سوڕی مانگانەدا تووشی ئازار دەبن، زۆرترین ئازارەکان لەسەرەتای سوڕی مانگانەدا ڕوودەدات، ئەویش لەکاتی سەرەتای هەرزەکاری‌و لەکاتی هەوکردنیشدا کە لەسەرەتادا ئازاری کەمە، بەڵام ئەگەر هەوکردنی هەبێت بەتایبەتی لە ناوچەی حەوزدا یان گرێی زیادەی هەبێت لەسەر ڕەحم‌و هێلکەدان، ئەوا ئازارەکەی زۆر دەبێت‌و دەبێت لەو کاتەدا چارەسەر بەکاربهێنێت.

هەندێکجار ژنان ڕووبەڕووی دواکەوتنی سوڕی مانگانە دەبنەوە، لەوبارەوە د.سەعدیە ڕەزا دەڵێت ئاوسانی هێلکەدان، کیس دروستکردن لەسەر هێلکەدان، وەکو سکپڕبوون، پەیڕەوکردنی سیستەمی خۆراکی قورس (پارێز)و دابەزاندنی کێشی لەش بەشێوەیەکی نائاسایی، تێکچوونی هۆرمۆن‌و کەمیی چالاکیی غودەی دەرەقی‌و غودەی نوخامی، جگەرەکێشان‌و قەڵەوی، ڕۆڵیان هەیە لە تێکچوونی سوڕی مانگانەدا.

د.سەعدیە وتی ”ئەوەی لەناو خەڵکیشدا بڵاوە، ئەوەیە کە هەر ٢٨ ڕۆژ جارێک سوڕی مانگانە ڕوودەدات، بەڵام لەڕاستیدا تەنیا لە١٥٪ مێینە ٢٨ ڕۆژجارێک سووڕەکە ڕوودەدات، بۆیە دەشێت هەر سوڕێکی مانگانە لەنێوان ٢١ بۆ ٣٥ ڕۆژ ڕووبدات‌و ئەوەش بەئاسایی دادەنرێت‌و ڕۆژانی خوێنیش ٤ تا ٦ ڕۆژە، بەڵام ٢ تا ٨ ڕۆژ بەئاسایی دادەنرێت“.

زۆربەی ژنان لەسەرەتای کەوتنە سوڕی مانگانە تا تەمەنی نائومێدی (دروستنەکردنی هێلکە) نزیکەی ٤٠٠ جار دەکەونە سوڕی مانگانەوە، هەر ژنێکیش نزیکەی ٤٠٠,٠٠٠ هێلکەی هەیە، تەنیا ٤٠٠ دانەیان پێدەگەن.

د. سەعدیە وتی ”پلەی گەرمی‌و کەشوهەوا، کێشی لەش‌و وەرزشکردن ڕۆڵیان لەدیاریکردنی کات‌و پێشخستن‌و دواخستنی سوڕی مانگانەدا هەیە».

لەناو زۆرێک لەژنان‌و کچاندا دەنگۆی ئەوە هەیە کە لەکاتی کەوتنە سوڕی مانگانەدا، نابێت خۆیان بشۆن بۆئەوەی هەموو خوێنی لەشیان بێتە دەرەوە، بەڵام د.سەعدیە دەڵێت زانست بەپێچەوانەی ئەو رایەوەیە، وتی ”ماوەی سوڕی مانگانە، واتە خۆ دوورگرتن نییە لەهەموو شتێک، جگە لەباری جووتبوونی هاوسەرگیری نەبێت، ڕەنگە هەندێک بەهەڵە تێگەیشتبن، کە نابێت لەوماوەیەدا خۆیان بشۆن، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی قەتیسبوونی خوێن لەنێو لەش‌و نایەتە دەرەوە، بۆیە پێویستە ئەوە ڕوونبکەمەوە کە ئەو قسەیە ڕاست نییە، ئافرەت دەتوانێت لەو ماوەیەدا ژیانی سروشتی مومارەسە بکات، بەڵام ئەوەی گرنگە لەو ماوەیەدا ئەوەیە، لەنێو زۆرێک لەئافرەتاندا، کە سوڕی مانگانەی دەستپێدەکات، هەست بەئازارو بێزاری دەکات، هەندێکجاریش دەیخاتە گریان، بۆ ئەم بارە باشتروایە پەنابەن بۆ بەکارهێنانی نیمچە گەرمییەک تا لەشوێنی ئازارەکەدا بۆ ماوەی ٥ بۆ ١٢ خولەک دایبنێن، بۆ ئەوەی ئازارەکەت بڕەوێتەوەو بارگرژیی ماسولکەکان نەمێنێت‌و خاوێتەوە».

# سێو ژەهر لەجەستەی مرۆڤدا کەمدەکاتەوە

دەستوور

پەندێکی پێشینیان لەبارەی سێووە دەڵێت ئەگەر پێش خەوتن سێوێک بخۆیت... پیشەی دکتۆری نامێنێت.

سێو سوودی جۆراوجۆری هەیە، بەرهەمەکانی سێو سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ کەمکردنەوەی ژەهر لەجەستەی مرۆڤدا، هەروەکو گیراوەکەی ڤایرۆسەکانی جەستەی مرۆڤ دەکوژێت.

لەگرنگترین سوودەکانی سێو ئەمانەن:

١- پاککردنەوەی ددان‌و بەهێزکردنی پووک.

٢- کەمککردنەوەی ڕێژەی کۆلسترۆڵ لەجەستەی مرۆڤدا.

٣- کەمککردنەوەی ژەهر لەجەستەی مرۆڤدا، هەروەها بەرهەمەکانی سێو تایبەتمەندیان هەیە لەڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی جەستەی مرۆڤ.

٤- سێو مرۆڤ لەکەمخواردن دەپارێزێت، چونکە یارمەتی هەرسکردن دەدات.

٥- ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی ڕۆماتیزم بوون، پێویستە بەبەردەوامی سێوو بەرهەمەکانی بخۆن، لەبەرئەوەی یارمەتی چاکبوونەوەیان دەدات لەنەخۆشییەکەیان.

٦- ئەگەر مرۆڤ ڕۆژانە بەبەردەوامی سێو بخوات، ڕێژەی کولسترۆڵ لە١٠٪ لەخوێندا کەمدەکات.



# چۆن مانگی هەنگوینی بەسەردەبەیت؟

## بووکێک: مانگی هەنگوینی لەگەڵ کولتووری ئێمەدا یەکناگرێتەوە

ژینۆ عەلی لەسلێمانی

بووکو زاواکان چیرۆکی سەیری خۆیان لەمانگی هەنگوینیدا دەگێڕنەوە، ئەوان زۆرینەیان دڵگرانن بەیادکردنەوەو گێڕانەوەی ئەو تەمەنەیان، چونکە ژیانێکی ناڕەحەتیان بەڕێکردووە، بەڵام بەشێکیان بەخۆشترین ڕۆژی تەمەنیان ناویدەبەن.

ئەگەر بۆ بەشێک لەبووکو زاواکان هەموو یادگارییەکی تەمەنی گەنجێتیان لەمانگی هەنگوینیدا کۆبکەنەوە، ئەوا بۆ تریفە محەمەد تەواو پێچەوانەیە. چونکە ئەو لەگەڵ ئەو مانگەدا ژیانێکی تاڵی بەڕێکرد.

تریفە محەمەد ماوەی سێ مانگە چووەتە نێو کەژاوەی هاوسەرییەوە، بەڵام هیچ ڕۆژێک نییە خۆرئاوا بکات، بەبێئەوەی ئەو ماوەیەی بیرنەیەتەوە کە بەمانگی هەنگوینی ناویدەبەن، چونکە ئازاری زۆری تێدا چێشتووەو بێزاربووە لێی.

تریفە لەیەکەم دەستپێکی مانگی هەنگوینیدا، دوای ئاهەنگی هاوسەرییان دەچنە ئوتێلێکەوە، بەڵام ئەو شەوە ناتوانن کوڕێنیو کچێنیی خۆیان تێپەڕێنن، وتی "بەهۆی سوڕی مانگانەی منەوە".

دوای چەند ڕۆژێک بۆ یەکەمین جار کەهاوسەرەکەی دەچێتە لای لەماڵی باوکی بووە، ئەو شەوە تریفە ترسو شەرم باڵی بەسەر جەستەیدا کێشاوە، وتی «ژوورەکەی تەنیشتمان براکانی هاوسەرەکەمی تێدا بوو، ئەوانیش شەوانە نەدەنووستن تا کاتژمێر ٢ی شەو، مردمو زیندووبوومەوە».

تریفە ئەوەندە لەمانگی هەنگوینی بێزارە، نایەوێت ئەو ڕۆژانەی بیربێتەوە، وتی «ئاخر کورد کوا کولتووری ئەوەی هەیە کەمانگی هەنگوینییان بۆ بکەن».

مانگی هەنگوینی لەکولتووری ڕۆمانییەکانەوە هاتووە، بووکو زاوا بۆ ماوەی مانگێک لەسەر یەک هەنگوینو ئاویان تێکەڵ بەیەک دەکردو دەیانخواردەوە بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە بەشیرینیو بەخۆشی ببەنەسەر.

ئەو کولتووره پاشان بۆ ئەورووپییەکان گوازرایەوەو دواتریش بۆ هەموو دنیا. بەڵام لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئەو ماوەیە بۆ هەفتەیەک کەمتر دەبێت.

لەکوردەواریدا یەک دوو ڕۆژ دوای گواستنەوە کەسوکاری هەردوولا دەستدەکەن بەمیوانداریکردنی بوکو زاوا، هەرچەندە ئەوە تادێت کەمتردەبێتەوە، بەڵام هێشتا مانگی هەنگوینی بەهۆی دابونەریتەوە چیرۆکی سەیرو سەمەرەی سەدان بوکو زاوای کوردییە.

هێشوو عەلی ناوی خوازراوی کچێکی ٢٥ ساڵە، شوو بەکوڕێکی تاقانە دەکات، وتی «باوکو دایکی مێردەکەم زۆر کوڕەکەیان خۆشدەویست، نەیاندەهێشت لەو ماڵە بچینە دەرەوە کەخۆیان تێیدا دەژیان».



هێشوو و مێردەکەی بەناڕەحەتی مانگی هەنگوینیان بەڕێکرد، چونکە لەگەڵ دایکو باوکی مێردەکەی لەهەمان خانوودا بوون.

هەندێک لەبووکو زاواکان گرنگی پێویست دەدەن بەمانگی هەنگوینی، چونکە بەلای ئەوانەوە خۆشترین ڕۆژەکانی تەمەنیانە.

ئارام عەلی پیشە مامۆستا، چەند ڕۆژێکە لەماوەی هەنگوینی خۆیدایەو بەسەفەر لەگەڵ هاوسەرەکەی لەدهۆکە. پێیوایە ئەو سەفەرە ماوەیەکی زۆر خۆشە بۆ ئەو و هاوسەرەکەی، بەپێچەوانەی بوکو زاواکانی ترەوە. وتی «ئێمە هاوسەریمان لەڕێگەی بنەماڵەوە دروستبووە، نەماتوانی سەربەستییەکی وامانهەبێت لەیەکترناسینو قسەو باسی دەزگیرانیمان، بەڵام ماوەی چوار ڕۆژە لەسلێمانی دوورکەوتووینەتەوەو شەرمو بێتاقەتی سەرەتامان ڕەویوەتەوەو زۆریش تابیەتە».

گەنجانی ئەم سەردەمە بەبەراورد بەگەنجانی چەند ساڵی پێشوو، زیاتر گرنگی بەمانگی هەنگوینی دەدەن، هەندێک لەوان پێیانوایە دەبێت بەبەرنامە کار بۆ ئەو مانگە بکرێت.

سارا محەمەد دەزگیراندارەو چەند مانگێکی تر دەچێتە مانگی هەنگوینییەوە، لەئێستاوە دەیەوێت ڕۆژانی مانگی هەنگوینی بەخۆشترین ڕۆژدا تێبپەڕێنێت.

سارا بەردەوام پرسیار لەدەزگیرانەکەی دەکات کەماوەی مانگی هەنگوینیان چەند دەبێت.

ئەو وتی «هەندێک لەکچان بەبیانووی ئەوەی دەزگیرانەکانیان مانگی هەنگوینیان بۆ سازناکەن، بۆیە ئاهەنگی گەورەو پڕ خەرجییان پێدەکەن، ئەوەش مافی خۆیانە».

لانە ئەکرەم ئێستا لەماوەی مانگی هەنگوینیدایە وتی «ئەم ماوەیە ماوەیەکی زۆر گرنگە بۆ ژیانی هاوسەری، هاوسەر دەتوانێت ئەوە بکاتە بنەمایەکی باش بۆ ژیانی داهاتوویانو لەڕابردوودا یادگارییەکانیان لەمانگی هەنگوینی بگێڕنەوە، بەڵام لەکۆمەڵگەی ئێمەدا ئەمە زۆر گرنگی پێنادرێت، چونکە نەبووەتە کولتوور».



داوادەکرێت بایەخی زیاتر بە مانگی هەنگوینی بدرێت

# دوو گەنج چوار هەزار گۆڕ هەڵدەکەنن



ئاوڕ لەگۆڕهەڵکەنە خۆبەخشەکانی هەولێر نادرێتەوە

ڕێبوار جەلال لەهەولێر

ئیدریسو فەرمان دوو گۆڕهەڵکەنی خۆبەخشی شاری هەولێرن، کە ڕۆژانە لەگۆڕستانەکانی ئەو شارە سەرقاڵی ناشتنی مردووەکانن، دەڵێن تائێستا ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، خوازیارن حکومەتو خێرخوازان هاوکارییان بکەن.

ئیدریسو فەرمان دانیشتووی گەڕەکی کرێکارانی هەولێرن، ئیدریس لەبنەماڵەیەکی هەژارەو خێزاندارە خاوەنی شەش منداڵە، کە هەموویان کچنو دووانیان قوتابین، وەک خۆی دەڵێت تائێستا نزیکەی دوو هەزار گۆڕی هەڵکەندووە.

«من بەبێ هیچ مەبەستێک تەنیا بۆ خێر ئەم کارە دەکەم، ناوی مردووەکانیشم تۆمار کردبوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا نەم ماوە، چونکە لەناوچوون».

ئیدریس لەگەڵ فەرمانی هاوڕێیدا زیاتر لەچوار هەزار گۆڕیان لەگۆڕستانەکانی کارگەی قیر، پیرداود، کۆزەپانکە، دووشیوان، شێخ ئەحمەد، گردە ڕەشەو بنەسڵاوە بەبێ بەرانبەر هەڵکەندووە، کە تەنیا ئامێرو کەلو پەلی خۆیان بەکارهێناوە.

ئیدریس ژمارە تەلەفۆنی خۆی لەگۆڕستانەکان نووسیوە، هەرکاتێک کەسێک دەمرێت کەسوکاری مردووەکە تەلەفونی بۆ دەکەن، «هەرکاتێک تەلەفۆنم بۆ بکرێت ئەوا لەوێ ئامادە دەبم». ئیدریس وایوت.

ئیدریس ئێستا لەخانووی کرێدایەو مانگانە دووسەدو پەنجا هەزار دینار دەدات بەکرێی خانوو.

ئیدریس دەڵێت ئیتر ناتوانێت لەسەر گۆڕ هەڵکەندن بەردەوامبێت بەهۆی ئەوەی کەقاچەکانی توشی ئازار هاتوون، وتی «توانای چارەسەرکردنیشم نییە، چونکە ئیمکانیاتم نییە».

ئیدریس وتی «تەنیا داواکاریم ئەوە هاوکاریم بکەن شوێنێک بۆ حەوانەی خۆم خێزانمو شەش کچەکەم هەبێت».

هاووڵاتیان دەڵێن دەبێت ڕێز لەو گۆڕهەڵکەنانە بگیرێت، چونکە ئەوان ماندووبوونو ئەرکێکی پیرۆز ئەنجامدەدەن.

هاووڵاتی سەدرەدین کەریم حەمەد وتی «من ئاگاداری کارکردنی ئەوانمو ئەوانە دەبوایە لەلایەنی پەیوەندارەوە ڕێزلێنانیان لێبنرایە، چونکە بەڕاستی نمونەی ئاوا لەکۆمەڵگەدا دەگمەنە».

# گەنجانی خدران لەبیرکراون

## بەڕێوەبەری ناحیە: گەنجانی خۆیان ناچالاکنو هیچ جوڵەیەکیان نییە

ئاوات محەمەد

گەنجانی ناحیەی خدران دەڵێن حکومەت بەتەواوی لەبیریکردوون، ئاماژە بەوە دەدەن نەکتێبخانەیان بەکەڵک دێت، نەیاریگاو هۆڵی گەنجان. بەڕێوەبەری ناحیەش سەرەڕای سەرزەنشتکردنی گەنجان بەناکارابوونیان دەڵێت وەزارەتی وەرزشو لاوانیش تەنیا لەخەمی گەنجانی شارە گەورەکاندایە.

سەرباز ئیبراهیم، ٢١ ساڵ، دانیشتووی خدران دەڵێت هەندێک پرۆژە بۆ شارۆچکەکە کراوە، بەڵام تایبەت نین بەگەنجان، وتی «تائێستا شوێنێکمان نییە پشووی تێدا بدەینو کاتی بێکاریی خۆمانی تێدا بەسەر بەرین، لەبەرئەوە زۆربەی گەنجان لەناو کۆڵانو سەر شەقامەکان دەوەستن، ئەوەش کارێکی نەشیاوە».

خدران ١٠ ساڵ پێش ئێستا کراوە بەناحیەو سەر بەقەزای دوکانە، دەکەوێتە بناری چیای کۆسرەتەوە.

سەرباز دەڵێت یاریگایەک هەیە، بەڵام بەناتەواوی دروستکراوە، لەزستان ئەوەندە ئاوی لەناودا دەمێنێتەوە، وەک حەوزی ماسی لێدێتو لەهاوینانیش لەبەر تۆزو خۆڵ، ناتوانرێت یاری تێدا بکرێت، بەوهۆیەشەوە گەنجانو یاریزانان لەخدرانەوە دەچن بۆ ناحیەی سکتان بۆ یاریکردن، ئەوەش زەحمەت دەبێت کاتێک گرفتی کرێی ئۆتۆمبیلو خراپیی ڕێگەوبان دێتە پێشەوە.

کتێبخانەی خدران کە ساڵی پار کراوەتەوەو هیچ فەرمانبەرێکی بۆ دانەمەزراوە، تائێستا لەخانوویەکی حکومیدایەو هۆڵی خوێندنەوەو نییە.

گەنجانی خدران دەڵێن کتێبخانەکە کتێبی پێویستی تێدا نییە، خوێندکارانیش ئاماژە بەوە دەدەن بۆ پەیداکردنی سەرچاوە بۆ ڕاپۆرتەکانیان دەڕۆن بۆ کتێبخانەی شارۆچکەی چوارقوڕنە.

سەرباز وتی «بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، چەند جارێک سەردانی بەڕێوەبەری ناحیەمان کردووە، ئەویش پێیوتین بۆمان جێبەجێناکرێ، یان لەسەرووی خۆمانەوە بۆمان ناکرێت».

ڕەمەزان خورشید ڕەشید لێپرسراوی کتێبخانەی گشتیی خدران دانبەوەدا دەنێت کتێبخانەکە گیرۆدەی کۆمەڵێک گرفتە، وەک نەبوونی فەرمانبەرو بینای تایبەتو کەمیی کتێب.

ڕەمەزان مامۆستایەو خۆیو خێزانەکەی دوای دەوام بەخۆبەخش کتێبخانەکە بەڕێوەدەبەن. وتی «وەزارەتی ڕۆشنبیری ئاگادارە، کە بارودۆخی ئەم کتێبخانەیە ئاوایە، بەڵام ئاوڕمان لێنادداتەوە، تەنیا نزیکەی ٦٠٠ تا ٧٠٠ کتێبمان هەیەو بەوهۆیەوە خەڵکی خوێنەر بەکەمی سەردانی ئێرە دەکەن».

ڕەمەزان داوایکرد فەرمانبەر بۆ کتێبخانە دابمەزرێنرێتو بیناو کتێبی زیاتریشی بۆ دابینبکرێت.

ئارام عەلی قادر، ٢٧ ساڵ، دانیشتووی خدران دەڵێت بینای فەرمانگەی کشتوکاڵ کراوە بەهۆڵی گەنجان، وتی «چەند سیمینارێکی تێدا کراوە، بەڵام هیچیان تایبەت نەبووە بەگەنجان».

وتی «گەنجی ئەم شارۆچکەیە لەهەموو ئەو شتانە بێبەشە کەتایبەتە بەخودی گەنج، بۆیە شتێک نییە ئەوان کۆبکاتەوەو دڵی خۆیانی پێخۆش بکەن، لەبواری وەرزشو هونەرو ڕۆشنبیری لەهەمووی بێبەشن، بەوەش بێبەشدەبن لەمومارەسەکردنی تواناکانی خۆیان».

وتی «بۆیە ئێمە تەنیا دەتوانین سەیری گەنجی شارۆچکەکانی تر بکەین بۆئەوەی بزانین ئەوان چیدەکەن».

ئارام دەڵێت پێویستە حکومەت بەبەرنامەو پلانی خۆیدا بچێتەوە بۆ ئەوەی پرۆژەکانی بەیەکسانی دابەشبکات بەسەر سەرجەم شارو شارۆچکەکاندا. وتی «ئەگەرنا حکومەت دەبێت چاوەڕێی کاردانەوەی پێچەوانە بکات وەک خۆپیشاندان».

سالح کلێسەیی بەڕێوەبەری ناحیەی خدران دەڵێت هۆڵێکیان بۆ گەنجان کردووەتەوە، بۆئەوەی کاری خۆیانی تێدا ئەنجامبدەن، وتی «بەڵام بەداخەوە لەناحیەکەی ئێمەدا گەنجان ناچالاکن هیچ جوڵەیەکیان نییە، لەبوارەکانی ڕۆشنبیری، هونەریو وەرزشی تائێستا ڕێکخراوێکیان نییە».

لەبارەی نەبوونی خزمەتگوزارییە سەردەمییەکان وەک هۆڵی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت، وتی «ڕاستە هۆڵەکە تائێستا کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتی تێدا نییە بۆئەوەی گەنجان بتوانن سودی لێببینن، بەڵام وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان تەنیا گەنجی شارە گەورەکانیان لەبەر چاوەو شارۆچکەکانیان لەبیرکردووە».

بەبڕوای بەڕێوەبەری ناحیە دەبێت گەنجان چالاکبنو فشار دروستبکەن تا وەزارەت ناچاربێت پرۆژە بۆ ئەو شارۆچکەیەش جێبەجێبکات.




خدران ١٠ ساڵە کراوە بە ناحیە

**خدران**
**١٠ ساڵە کراوە بەناحییە**
**یاریگاکەی لەدروستکردندا سەقەت دەرچوو**
**کتێبخانەکەی فەرمانبەری نییە**

www.arsivakurd.org

دەستوور

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای سولی تێلیگراف

**سەرۆکی ئەنجومەن:** ئیدریس عومەر
info@destur.net - 0533187811

**جێگری سەرنووسەر:** وریا حەمەتاهیر
**سکرتێری نووسین:** شۆڕش خالید
**بەڕێوەبەری هونەریی:** لوقمان عومەر

# فەیسبووک ڕێگەی دۆزەخە

دەستوور

قەشەیەکی ئەمەریکی داوای لەژنانو پیاوانی گەنج کرد فەیسبووک بەکارنەهێننو وتی فەیسبووک گەنجان بۆ ڕەفتاری دزێوو بەرەڵایی هاندەدات.

تۆڕەکانی هەواڵی ئەمەریکا بڵاویانکردەوە ئەو قەشەیە ناوی سیدریک میلەرەو تەنانەت لەکڵێسادا بەتوندی لێدوان لەبارەی فەیسبووکەوە دەداتو داوا لەنوێژکەرانی کڵێسا دەکات فەیسبووک بەکارنەهێنن.

میلەر وتوویەتی ژیانی تایبەتیی ٢٠ هاوسەری ئەندامی کڵێساکە کەوتووتە ژێر کاریگەریی فەیسبووکەوە.

هاوکات ئانت بتلەر، کە ڕۆژنامەنووسێکی ئاینیی ئەمەریکییە، لەوتارێکدا پشتیوانی



لەداواکارییەکەی قەشە میلەر دەکاتو فەیسبووک بەڕێگەی کورتی دۆزەخ دەناسێنێت.

تۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبووک زیاتر لە٥٠٠ ملیۆن ئەندامی لەهەموو جیهاندا هەیەو یەکێکە لەگەورەترینو بەربڵاوترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی جیهانی ئینتەرنێت.

# کیلۆو نیوێک مێشولەی گرت

دەستوور

ژنێکی تایوانی بەگرتنی ٤ ملیۆن مێشولە بەقورسایی کیلۆو نیوێک لەمانگێکدا ڕیکۆردی جیهانیی شکاند.

تەلگراف بڵاویکردەوە ئەو ژنە ناوی "هوانگ یوین"ەو لەناوچەی یون لین کانتیی باشوری تایوان نیشتەجێیە.

یوین لەلێدوانێکدا بۆ ئاژانسەکانی هەواڵ وتی "کێبەرکێی گرتنی مێشولە لەنێوان ٧٢ کەسدا بوووەو توانیم بەگرتنی چوار ملیۆن مێشولە کە کیلۆو نیوێک دەبوو، پلەی یەکەم بەدەستبێنم".

ئەوەشی وت "خەڵاتی ئەو کێبەرکێیە ١٩٠٠ پاوەندەو جگە لەخەڵاتەکە، توانیم ریکۆرد بشکێنم".

# جولەکە کێبەرکێی گووگڵو یوتوب دەکات

دەستوور

گروپە ئاینییەکانی جولەکە لەئەمەریکا بەنیازن خزمەتگوازرییەکی هاوشێوەی گووگڵ بەناوی گووگڵ جولەکەو ماڵپەڕێکی هاوشێوەی یوتوب بەناوی یەهودتویوب دابمەزرێنن.

ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلیز تایمز بڵاویکردەوە لەخزمەتگوزاری گەڕانە ئینتەرنێتیەکەی گووگڵ جولەکە، مۆڵەت بەجولەکە نادرێت ریکلام بۆ ئەو کاڵایانە بکەن، کە لەلایەن پیاوە ئاینییەکانی جولەکەوە حەرامکراوەو یەهودتویوبیش گرنگیی زیاتر بەبڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆکانی پەیوەندیدار بەجولەکەکانەوە دەدات.

بەلەبەرچاوگرتنی باری دارایی باشی جولەکانی ئەمەریکا، پێدەچێت ئەو دوو سیستمە نوێیە ببنە رکابەری سەرەکیی کۆمپانیاکانی گووگڵو یوتوب.









www.arsivakurd.org